


سەرنووسەر و بەڕێوەبەر : ک.د.ئازاد    کاناڵی تێلگرامی : @Le_Daweni_Arbebawe    ژمارە ٤٧ ـ بانەمەڕی ٢٧٢٤



بانە.کۆنگرەی شاعیران و نووسەرانی کوردستان. ساڵی ١٣٦٩: کەلیموڵڵا تەوەحودی ـ ک.د.ئازاد ـ ئەحمەد هەردی

# پێڕست


مەهاباد. مەسعوود ڕەشیدی❋ ڕازی گەڕانەوە لە بە تەنیاچوون بۆ مەحکەمەی قازی ........ ٢

سەردەشت.'گزنگی خۆر❋ وڵامی نامەی شێخ ئەمینی بێژوێی سەردەشت بۆ قازی محەممەد........ ٤

مەهاباد. سەلاح پایانیانی ، فەرهەنگنووس❋"خەزێنە"ی عەللامە ئەحمەدیان پاڵپشتێکی باوەڕپێکراو بۆ وشەناس و فەرهەنگنووسەکان........ ٥

مەهاباد. جەعفەر مەعرووف"ژیار"ـ بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی❋ شێعر ـ کاریکاتۆر........ ٦

سنە. عیسا ئەحمەدی ❋کوێرایی........ ٧

سنە. عیسا ئەحمەدی ـ بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی❋ماڵ لە ساحێبماڵ حەرامە! کاریکاتۆر........ ٨

مەهاباد. سووتاو ـ هەورامان. هۆمەر نۆریاوی ـ بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی"❋ شێعر ـ کاریکاتۆر........ ٩

بۆکان. سەعید سەلیمی بابامیری ❋ تەرجەمەی شێعری سوارە ئیلخانیزادە و بانە. ک.د.ئازاد بە ئینگلیسی........ ١٠ـ١١

شنۆ. عومەر محەممەدی ❋ مارف ئاغایی ودەساڵ ئەزموونی شیعر........ ١٢

هەولیر. موحیب مەهابادی❋ وێنەی دەگمەن و مێژوویی........ ١٤

شنۆ. د.عەلی ڕەزا محەممەدنیژاد❋ تایبەتمەندی زمانی، ئەدەبی و هزری شێعری پەژار........ ١٥

مەهاباد. تاهیر عەزیزی بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی❋ گۆڕغەریب ـ کاریکاتۆر........ ١٩

تاران. هادی موڕادی❋ وەرگێڕانی شێعر بە کوردی........ ٢٠

سەقز. ف.ڕ.ئومێد ـ بۆکان. سەلاح نساری❋ سێبەری هەزار کابووسی نەچنراو ـ پێکەوە!........ ٢١

بانە. ئامینە عەزیزی" سروور"❋ خانمی مەکرباز........ ٢٢

ڕەوانسەر. عەزیز ڕەحمەتی ـ مەهاباد. ڕەزا یارئەحمەدی" کارزان ❋شێخ وعەوام ـ گەلخۆر........ ٢٣

سەقز. علی غفوری. دارساوین ـ موحیب مەهابادی ـ هەولیر. خەمبار ـ سەردەشت. زیلان نووری"❋ شێعر........ ٢٤

مەهاباد. زریان ـ ئیلام. رودوس فەیلی "مصطغی بیگی"❋ شێعر........ ٢٥

بۆکان. عەلی حەقیقی ❋ شێعر........ ٢٦

مەهاباد. ڕەزا یارئەحمەدی" کارزان"❋ شێعر........ ٢٧

سەردەشت. هێمن تەنیا ـ گوڵیار ـ سنە❋ شێعر........ ٢٨

بانە. زاگرۆس عەبدوڵلازادە و هانا عەبدوڵلازادە ❋بەسەرهاتەکانی ئەحۆل........ ٢٩

برووجرد. زانا کوردستانی. ❋ خشتە١۶........ ٣٠

سەقز مریەم یەتیمی ـ بانە. فەرزانە ساڵەحی❋ شێعر........ ٣١

برووجرد. زانا کوردستانی ـ مەهاباد. شاهۆ موکریانی ـ هەولێر. ڕەمەزانی ئەحمەد میرزا"بێدەر"❋ شێعر........ ٣٢

برووجرد. زانا کوردستانی ❋ ژیاننامە و بەرهەمی مەهدی ساڵح مەجید ـ سۆلین عەبدولا ـ ئیدریس عەلی........ ٣٣ـ٣٤

ڕەحیمخان نادرمستەفازادە ـــ سەردەشت. گووندی دولکان .سابیر بێتووشی ❋ ماکسیم گورەکی ـ ڕەمەزان و کۆمەلایەتی........ ٣٥

هەولێر. سعدالله نوری ـ ئیلام."رودوس فەیلی/ مستەفا بەیگی"❋ شێعر........ ٣٦

بانە. ک.د.ئازاد❋ نووسراوەکانی "مریەمی قازی" لە ڕوانگەی دەروون ناسییەوە........ ٣٧

بانە. بەیان خدری ـ بانە .چرۆ ـ بانە. هەتاو ـ هەولێر.بێگەرد عزالدین خالد ـ سەقز. فەریدە کاکی❋ شێعر........ ٤٠

دێولان. ڕەنجبەر ـ شنۆ. کیمیا ئیراندووست ❋کومەڵگە و دەسەڵات ـ شێعر........ ٤١

سنە. عەلی سوهرابی❋ شێعر........ ٤٢

بۆکان. عەلی گوڵی پیرانشار. تەها دەریا سنە. زەمان❋ شێعر........ ٤٣

سەدەشت. هێرش بێتووشی ❋خاڵە مچە........ ٤٤

بانە. م٠قادر پوور" نزا" ـ سەولاوا. ساسان مۆنفەرێد"بێوەر" ـ سەقز. ئیدریس عەبوودی ـ سنە . موبین موحەمەدی "ئاشکار"❋ شێعر........ ٥٠

بۆکان. کوردستان عەلیمورادی ❋ مەلوول........ ٥١

بانە.کانی گوێز. شاگوڵ ئەحمەدی ـ مەهاباد.ئارگەش ـ جوانرۆ. فەلاحی وەیسی❋ شێعر........ ٥٢

مەریوان. حەمید فەتحی ـ مەریوان. محەمەد محەمەدپوور بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی ❋ شێعر ـ کاریکاتۆر........ ٥٣

سەردەشت.گزنگی خۆر ـ بۆکان. خاڵند ئەحمەدی، ـ مەریوان. مادێح کۆنەپۆشی "زایەڵە" ❋ شێعر و چیرۆکی منالان........

بۆکان. مستەفا پۆلادەرک ڕامیار شێخالی ـ بانە. باوکی نیشتمان❋ شێعر و چیرۆکی منالان........ ٥٤ـ٥٧

سەولاوا. ساسان مۆنفەرێد"بێوەر" ❋"لە پێنووسی وەفاداریمەوە / بۆ مامۆستای نەمر کاک سەییدباوەشێخی حۆسەینی"........ ٥٨


گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا



# ڕازی گەڕانەوە لە بە تەنیاچوون بۆ مەحکەمەی قازی

مەهاباد. مەسعوود ڕەشیدی



لە گۆڤاری ژوماره ۲۲٦ی مەهاباد دا، ڕەخنە و لێکۆڵینەوەیەک لە ژێر سەردێڕی (لەخۆ بێگانە بوون ) لە بیرەوەرییەکانی وەرگێڕێک دا، بە قەڵەمی ئاغای قادر عەلیخا، سەبارەت بە باوکی تەرجومە و وەرگێرانی وڵاتی ئێران، محەممەدی قازی لە چاپ دراوە کە هۆی سەرنج ڕاکێشان و سەرسوڕمانی منی پێک هێنا.

لە نێو هەر کۆمەڵگایەک دا مرۆڤ گەلێکی هەڵکەوتە دەست نیشان دەکرێن کە لە چاو ئەوانی تر، هەڵگری جۆرێک لێهاتوویی و ژیهاتی، ئامادەیی و توانایی (ئیستیعداد) ناوازە و بەرچاون.






شارەزایانی بواری سایکۆلۆژی (psychology) واتا دەروون ناسی، لەمەڕ تاریفی هەز و ئیستیعداد دا دەڵێن: تایبەتمەندی سروشتی و هەڵکەوتە کە بتوانین لەو بۆ باش تر و ئاسان تر بەڕێوەبردنی کارەکان مان کەڵک وەرگرین بە لێهاتوویی یان ( ئیستیعداد) نێو دێر دەکرێ.

محەممەدی قازی ئەو تایبەتمەندییە و لێهاتووییەی لە بەستێنی شێعر و ئەدەبیاتی فارسی و ئۆگری بە زمانی فەرانسەیی لە ناخی دا چەکەرەی کردبوو و بۆ ئەو دیارێکی خودا دادی بوو کە لە سەردەمی دەرس خوێندن لە قوتابخانەی سەعادەتی شاری مەهاباد بە خوێندنی کتێبەکانی وەک دیوانی حافز و گوڵستانی سەعدی، ئەسکەندەرنامە، داستانی حوسێنی کوردی شەبستەری و کەلیلە و دەمنە و...لەوان تێدەگا و هەست بەوە دەکا لە گۆڕەپانی فەرهەنگ و ئەدەبی فارسی دا، دەتوانێ لە شەققەی باڵ بدا و بە تەشقی ئاسمان بگا.

ڕەنگە ئەگەر محەممەدی قازیش لە گوێن هێمنی موکریانی، مامۆستایەکی وەک مەلا ئەحمەدی فەوزی هاتبایە سەرڕێگای و هێمن گوتەنی، هەڵیوەشاندبایەوە و تێکی هەڵشێلابا و سەرلەنوێ دروستی کردبایەوە و سوێندی دابا کە قەت بە فارسی شێعر نەڵێ و هەتا دەکرێ بە کوردی بنووسێ، چارەنووسێکی تری بۆ ڕەخسابا بەڵام،سەردەمی ڕووداوەکان و پێشهاتەکان دەبێ لە چوارچێوەی زەمەنی خۆی دا تاوتوێ کرێ.

تۆ بڵێی گیوی موکریانی، مامۆستای محەممەدی قازی کە خۆی لەناخی ڕووداوەکانی ڕامیاری هەردوو کوردستانی گەرمێن و کوێستان دا ڕۆچوو بوو و بۆخۆی خاوەنی دەیان کتێب و نووسراوە و فەرهەنگی کوردیعەرەبی بوو، ئەو لێهاتوویی و ئیستیعدادەی محەممەدی قازی وەبەر چاو نەکەوتبێ و بە پێچەوانەی مامۆستا فەوزی، محەممەدی قازی بۆ ڕۆیشتن بۆ تارانێ و ماڵە مامە جەوادی هان نەدابێ تاکوو هەست و توانایی ئەو لاوە هەڵکەوتەیە لە مەهابادی ئەو زەمان پنگ نەخواتەوە و لە گوران نەکەوێ؟

محەممەدی قازی دەڵێ: زمانی ڕۆمان و داستان نووسی کوردی لە هەمبەر ئەدەبیاتی ئورووپا لەو زەمانی دا، وەپاش کەوتووبووە و بۆخۆشی بە هۆی ئاشنا نەبوون بە بەرهەمەکانی ئەدەبی و عیلمی کوردی یا گۆڤارەکانی کوردی و نامۆ بوون لەگەڵ خوێندنەوە و نووسینی کوردی، ناتوانێ لەو بەستێنەدا ئەو جۆرە کە پێویستە ئەسپی خۆی تاو بدا. ئینجا ئەگەر پیاو خۆ بە زۆرزان نەزانێ و لە ڕێگای ڕاست لانەدا، تۆ بڵێی بەردی بە کابە دادا بێ!؟ ئەو مرۆڤە بە هەر هۆیەک کە بووە، ئۆگری نووسین بە کوردی نەبووە و ئەودەم باویش نەبۆ و نووسین هەر بە فارسی بۆ ، دیارە ئەوە هەستێکی سروشتیە و محەممەدی قازی درۆی بۆناکا و نایشارێتەوە بەڵام، ئەو خۆی باش دەناسێ و دەزانێ لە چ گۆڕەپانێک دا دەتوانێ لێهاتوویی و شارەزایی گەلی کورد بە هاوسێکانی خۆی نیشان بدا و ببێتە نوێنەرێکی سەربەرز و شاز بۆ گەلەکەی.

محەممەدی قازی باش دەیزانی ئەو ناتوانێ ببێتە نووسەرێکی باش بەڵام، دەتوانێ وەرگێڕێک بێت کە لە ئێران دا هاوتای نەبێ!

ئاغای عەلیخا دەڵێ محەممەدی قازی خۆی لە لێدوان سەبارەت بە کوشتاری ساڵی ۱۹۱٦ زا– مەهاباد بەدەست سپای ڕووس پاراستووە کە چی دیسانیش محەممەدی قازی بێ پێچ و پەنا گەورە پیاوانی بنەماڵەی خۆی بەهۆی لایەنگری لە سوپای عوسمانی تۆمەت بار دەکا و مامۆستا هێمن گوتەنی دەڵێ: ئەمن دەیڵێم و بێ باکم! و سەرەنجامی کوشتاری خەڵکی مەهاباد و ناوچەکە دەخاتە ئەستۆی وان و دەست لەسەر خاڵی بنەڕەتی دادەنێ(۱)، لەوە زیاتر چ بکا ئاغای عەلیخا دڵی بحەسێتەوە؟

لەمەڕ ئیرادی تری ئاغای عەلیخا کە گوایا محەممەدی قازی بێ ڕێزی بە مامە جەوادی کردووە ئەو دیسانیش دەق و دۆغری بە مامی دەڵێ من پاشەکەوتی ۳۱ مانگ کارکردنم لە لای تۆ داناوە و ئێستاش دەبێ پێداویستیەکانی چوون بۆ پادگانی نیزامی تاران بکڕم و داوای ئەو پووڵەی لێ دەکاتەوە کە چی مامە جەوادی لەسەر مەسەلەیەکی تر قەڵسە و تووڕەیی خۆی بە نەدانەوەی ئەو پووڵەی بە محەممەدی برازای دەڕێژێ(۲).

لە بابەت بە فاشیست نێوبردنی کوردان، قازی دەڵێ لە نێو کوردان کەسانێک هەن کە ئەو کردەوەیە ڕەچاو دەکەن و هاوکات ئیشارە دەکا لەنێو فارس و تورک و گەلانی تری ئێرانیش ئەو خوو و خدەیە بەر چاو دەکەوێ و ئەوە ڕاستە و درۆ نییە بەڵام، ئاغای عەلیخا ئەو بەشە لە وتەکانی محەممەدی قازی سانسۆر دەکا(۳).

سەبارەت بە گیوی موکریانی لە زۆر جێ دا ئاماژە دەکا کە من لە خزمەت ئەو دا فێری بنەماکانی زمانی فەرانسە بووم و ئەوەش ناشارێتەوە کە تەنانەت دەڵێ بێ بەرامبەر منی فێری ئەو زمانە کردووە، لەوە زیاتر چ بڵێ؟

محەممەدی قازی زۆر لەوانە پایە بەرزترە کە ئاغای عەلیخا باسی دەکا و غەدر کردن لە کار و ئیش گەلی ناوازەی ئەو نەمرە، غەدر کردن لە کەڵە پیاوێکی کوردە کە وەدوای لێهاتوویی و ئیستیعدادی خۆی کەوتووە و بۆ ئێمەش بۆتە جێگای شانازی و دەیەکتر گەیشتن دەگەڵ هاوسێ وجیرانەکانمان.

محەممەدی قازی ئینسانێکی ئۆمانیست و مرۆڤ دۆست بوو. خۆی لە چوارچێوەی ڕەگەز و زمان و ناوچە دەرهاویشت بوو. لە دەڤەری بیر و بۆچوونی ئەو زاتە، مرۆڤ و مرۆڤ دۆستی پنگی دەخواردەوە و بۆ ئەو کورد و تورک و فارس و.. هیچ جیاوازێکان نەبوو. ئەو لە مانیفێستی خۆی دا دەڵێ :

ئەمن فانوس و لەنتەری هەڵ کراوەم و لە ماوەی ژیانی کورتی خۆم دا، بیر و هزرەکان بە وەرگێڕانی بەرهەمی مرۆڤەکانی بیر ئاوەڵا و بیر بەرز ڕووناک دەکەمەوە و ڕاستێکانی ژیان کە ژینی ئازاد و بیری ئازاد و خۆشەویستی و مرۆڤ دۆستیە بە هەموان ڕادەگەێنم، وەک وەرگێڕانی کتێبی بە نرخی«ازادی یا مرگ» ی کازانتاکیس و هتد..

سەرنج بدەن دەفەرموێ(بە هەموان)، دیارە خۆی نە لە گەلەکەی هەڵاواردووە و نە لە وڵاتەکەی کە ئێران بێ و لە مەڕامی ئەودا خۆیی و بێگانەیی، بوونی نییە و دونیای قازی تەواوی کەلێن و قوژبنەکانی جیهان دەگرێتەوە بەڵام، ئاغای عەلیخا دێهەوێ قازی لە چوارچێویەکی دا کە بۆی زۆر تەنگ و تەسکە ببینێتەوە.

محەممەدی قازی تۆماس پین پێنی کوردە! تۆماس پین مرۆڤێکی ئینگلیسی بوو کە لە ساڵەکانی ١٧٧٦زا– دا بۆ ڕزگاری ئامریکا لە ژێر حوکمایەتی ئینگلیس و بەدەست هێنانی سەر بەخۆیی و ئیستیقلالی وڵاتی ئامریکا بە نووسینی بانگەشەیەک بە نێوی (عەقلی سەلیم) بۆ کاربەدەستانی باڵای ئامریکا و خەڵکانی ئەو وڵاتە، ئەوانی بە جیابوونەوە لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیس هان دا و لەو کارەش دا سەرکەوت. بە وتەی ئاغای عەلیخا دەبوایە تۆماس پین خۆی لە قەرەی بێگانە نەدا و بڵێ ئینجا کە من ژیان و داهات و داهاتووم مشەیە، چم لەسەر بەخۆیی ئامریکا داوە!

ئاخۆ حیسابی زانایانی کوردی شارەزوور، ئامێدی، دیاربەکر و دینەوەر کە بە فەرمایشتی ئیمام محەممەدی غەزالی فەرهەنگی ئیسلامی لەسەر چوار کۆڵەکەی ئەوان دامەزراوە و یان ئەبوولوەفای کورد کە حەکیم سەنایی لە پەسنی ئەو ا دەفەرموێ:

قرنها باید که تا از پشت آدم نطفه ای　　بوولوفایی کرد گردد یا شود ویس قرن

یان شێخ شەهابەددین سۆهرەوەردی(شێخی ئیشراق) کە کورد بووە و شێخی سەعدی لە ستایشی ئەودا دەفەرموێ:

مقالات مردان به مردی شنو　　نه از سعدی که از سهروردی شنو

شەرەف خانی بەدلیسی، ئیبنی ئەسیر، ئەحمەدی شەوقی و دەیان و سەدان گەورە پیاوانی مێژوو، ئەدەبیات، شێعر، عیرفان و زانستی عەرەب کە هەموویان کورد بوون، گشتیان خڕ کەینەوە و پێشکێشی تورک و عەرەبەکان کەینەوە و بەرهەمە ناوازەکانیان بە مافی گەلانی دی دانێین و خۆمان هەڵتەکێنین و بتەکێنین چۆنە؟

دیارە لەو سەردەم دا، کورد ساحێبی دەفتەر و دیوانی خۆی نەبووە و ناچار بە تورکی و عەرەبی نووسیویتی بەڵام، ئەوە نابێتە بەڵگەی مۆری بێگانە لێدان لە زاناکانمان.

داخۆ ئاغای عەلیخا بە یاشار کەماڵ و نازم حیکمەت دەڵێ چی کە گەورە نووسەری کوردی تورکیان و دەیان کتێبان بە تورکی نووسیوە و بە زیاتر لە ٢٠ زمانی بیانی وەرگێڕدراونەوە یان عەلی محەممەدی ئەفغانی نووسەری کتێبی(شوهر اهو خانم) بدەین بە کێ؟!

ئاخۆ مامۆستا ئیبراهیم یۆنسی و هەژاری موکریانیش دەبوو بێگانە پەرەستیان نەکردبایەو خۆیان لەوە زیاتر شیرین نەکردبایە و سەری خۆیان بە وەرگێڕانی کتێبەکانی بیانی و قانوونی ئیبنی سینا بە فارسی وەژان نەخستبایە! کەچی ئەو بەڕێزانە هەرکام مرخ و ئیستیعدادی تایبەت بە خۆیان هەبوو و بوونە مایەی فەخر و شانازی کورد لەناو هاوسێکانمان دا.

بریا ئاغای عەلیخا کە خۆی شاعیر و نووسەرە لە شێعر و وەرگێڕاوەکانی محەممەدی قازی ڕەخنەی گرتبا و ئێمەش بە چاوی ڕەخنەی ئەدەبی هەڵماندەسەنگاند، بەڵام باس لە بابەتەکانی خوو و خدەیی و بنەماڵەیی هەرکەس تەنیا بەخۆی گرێدراوە و کشمیشی بێ قونچکیش بوونی نییە!

محەممەدی قازی لە تەمەنی ١٥ ساڵی دا چۆ بۆ تاران و لە قوتابخانەی دارئەلفنوون لەتەک لاوانی شاز و دەرس خوێن و هەڵبژاردەی ئێران هاوپۆل بووە، بە کاریگەری ئەو دەڤەرە و لەگەڵ کەڵەپیاوان و شیرە ژنانی ئەدەب و فەرهەنگی ئێران وەک عەبدوڵڵا کەوسەری، کەریم ئیمامی، نەجەف دەریا بەندەری، ئەبووبحەسەنی نەجەفی و پەروین ئیعتیسامی و دەیان ڕووناک بیری تر، ئاڵ و گۆڕی هزری هەبوو و وەک نوێنەرێکی لێهاتوو، باڵوێزێکی کارامە و کوردێکی شارەزا و دانیشمەند چاویان لێ دەکرد و بایخیان بۆ دادەنا و کۆڕ و مەجلیسیان بۆ دەگرت و چەندین جار خەڵاتی فەرهەنگی و ئەدەبیان پێشکێش کرد.

عەباس مەنسووری، دۆستی فەرهەنگی قازی دەڵێ:

قازی بە وتەی هاوڵانی ئەدیبی، کوردێکی نیشتمان پەروەر و ئێرانێکی بە ڕەگەز کورد بوو. وەرگێڕانی کتێبەکانی کورد و کوردستانی واسیلی نیکیتین، ژانی گەلی ئیبراهیم ئەحمەد، هێما و نیشانەیەکی ڕوون لە هۆگری و خۆشەویستی محەممەدی قازی بوو بە میللەتەکەی.

ئەحمەدی قازی نووسەر و وەرگێڕ دەڵێ:

لە تاران لە زۆربەی کۆبوونەوەکانی فەرهەنگی و دۆستانەدا، محەممەدی قازی بە شانازییەوە بەیتەکانی کوردی بۆ ئامادە بووان و هاوڵانی دەخوێندەوە و شرۆڤەی دەکردن.

محەممەدی قازی لە ژمارە ٩ی گۆڤاری واژین و نووسەری دا دەنووسێ:

(ئەمن لە مەهابادەوە هاتووم) و ڕۆڵی نوێنەری و سەفیر بوون و ئۆگری بە شار و وڵاتی خۆی هیچ کات لەبیر نەکردووە.

سەیر ئەوەیە هاوسێکانمان زیاتر لە ئێمە ڕێز و حورمەت بۆ گەل و زمان و نەتەوەی زاناکان و گەورەکانمان دادەنێن، ئەوەتا مامۆستا شەفیعی کەدکەنی بەم شێوەیە سپاس و حورمەتی خۆی پێشکەش بە محەممەدی قازی دەکا:

قاضیا! نادره مردا و بزرگا رادا　　سال هشتاد و یکم برتو مبارک بادا
شمع کردانی و کردان دل ایرانشهرند　　ای تو شمع دل ما، پرتوت افزون بادا

مایه و دایه ی پروردن ایران مهین
فخر تاریخ و تبار همەی ماست ز کرد
خان زند، آن که چنو مادر ایران کم زاد
اصل کرمانجی و گورانی و زازا خود چیست
عمری، ای دوست به فرهنگ وطن جان بخشید

بود آیین مهابادی و ملک ما را
شیخ اشراق و نظامی دو تن از اکرادا
رستم کرد بود، اما نه فرخزادا
حرف شیرین که سخن سرکند از فرهادا
قلم ات، صاعقه ی هر بدو هر بیدادا(٥)

١ ـ خاطرات یک مترجم ص ١٧
٢ ـ خاطرات یک مترجم ص ١٤٨ـ١٤٩
٣ ـ خاطرات یک مترجم ص ١٠٩ـ١١٠
٤ ـ حنجره ی ترجمه ص ٣٩
٥ ـ حنجره ی ترجمه ص ٥٣١

منابع:
١ ـ خاطرات یک مترجم
٢ ـ حنجره ی ترجمه
٣ ـ دمی با قاضی و ترجمه

## وڵامی نامەی شێخ ئەمینی بێژوێی سەردەشت بۆ قازی محەممەد



صورت نامه ی شیخ محمد امین بیژوه یی در پاسخ پیشوا قاضی محمد
١٣٢٤/٤/٤
بسمه تعالی و تقدس : وتحیتهم فیها سلام
برز و بریز و خوشویستم . جناب قاضی محمد برله هموشت بوگوی ایی پر فریاشتی اسمانی
بو عالمی انسانی «واذا حییتم بتحیة فحیوا باحسن منها» منیش له ولامی سلامی ئیوی عزیز عرضتان ئەکم «وعلیکم السلام ورحمة
الله وبرکاته اهل البیت انه حمید مجید» کاکه گیان : غم و پژاره ئەون زوره هموی نانوسه ری خه فت و که سه ر ئەون
بلاوه هموی ناگوته ری . لیقضی الله امرا کان مفعولا . له باره ی پرس و مشورت بو او کاره گرنگ و آلوزه ی که له پیشه و
لەمنت نوسیوه و پرست پی کردوم چه بلیم و چه بنوسم . باشتر اوه بو که گل یکی لی زان تر ، اهلی تاقی و تجربه تر -
[ سپاس و سرپاس ] او پاس و خواست پاس بگر دایه . منی دعاگو و دعاجوله کوی سرخوله و کار آلوزانه در ئەکم . بلام به
هر حال له روی «المستشار موتمن» «فاستخرت الله فی ذلک» وام ئەگوت دله وه او کاره بو تو که خوی گری عزت کوردستانی
و ناو شورت دریژ یعنی : تمنی کم و حوک و آوازی زور وگه وره [ وفی النعکس نعکس الس بلا لبس ] - واستفت قلبک -
وما اغنی عنک من الله من شیئ ان الحکم الا لله .
الشیخ محمد امین النقشبندی

له سەردەشت." گزنگی خۆر" بۆی ناردووم



گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا



# "خەزێنە"ی عەللامە ئەحمەدیان پاڵپشتێکی باوەڕپێکراو بۆ وشەناس و فەرهەنگنووسەکان



مەهاباد. سەلاح پایانیانی ، فەرهەنگنووس

ئەوەی کە زمان پێکهێنەری نەتەوە و لە گرینگترین و سەرەکیترین خاڵەکانی ڕاگری دارشتەی یەک نەتەوەیە لەمڕۆدا ئیدی بابەتێکی ئاشکرا و حاشاهەڵنەگرە. هەر نەتەوەیەک دەستی لە خەزێنەی زمان و وشەی خۆیدا نەبێت و ئەو شوناسەی بە هەر هۆیەک بێ کاڵ بووبێتەوە، یان هەر گومی کردبێ و دەستی پێ ڕانەگات، دوور یا نزیک ڕۆژێک لە ڕۆژان کە پەیجووران و لێکۆڵەرانی ڕەوتی مێژوو، بە هەموو لکە جیاجیاکانیەوە، عەودالی داتایەک لەمەڕ فلانە نەتەوەی بێبەخت دەبن، ناچارن هەر لە کەلێن و کولێنی کۆنەکتێباندا سۆراغیان بگرن. هەرچەند ئەمڕۆ بەرواڵەت بەتەنیا زمان هێڵڕێژی باری جوغرافیا و فەرهەنگی نەتەوەکان نییە و گەلێک وڵات هەن، گەلێک زمانیان تێدا دەژی، بەڵام ئەزموونەکانی بەرێ وای دەردەخەن کە سێبەری قورس و هەمیشەیی زمانە سەردەستەکان بەرەبەرە زمانی کەمینەکان لەخۆدا دەتوێننەوە و پاش چەند نەسلی دی ئاخێوەرانی نوێی فلانە زمانی کەمینە هەر لە بیرەوەریی ڕابردوانیاندا سۆسەی زمانی دایکیی خۆیان دەکەن.

ئەوە وا دەکات لە داهاتوویەکی نەک زۆر دووریشدا – چونکە بەهۆی گۆڕانە خێراخێراکانی ڕەوتی سیاسی و ئابووری و سنعاتی وڵاتان، داپلۆسینی زمانەکان زۆر خێراتر بووە – گەلێک زمانی نەتەوە بندەستەکان بە گۆماوی مێژوودا چن و ئاخێوەرانی ئەو زمانانە نەرمنەرم تێکەڵ زمانە سەردەستەکان بن. بۆیە وا دەنوێنێ کە بەرەبەرە زمان پێناسێکی دیش وەربگرێ، ئەویش دیاری کردنی باری جوغرافیی نەتەوەیە. بێگومان زمانانی بێخاوەن، لەپاش ئەو مفح بوونەوەیەدا شوناسی نەتەوەیی خاوەنەکانیان وێڕای خۆ پەلکێشی گۆماوی گوم بوون لە دەراڵی نێو هەزاربەهەزارەکانی مێژوودا دەکەن.

زمان چەکێکی هەمیشە ئامادە و قەڵغانێکی دایمە لە بەردەستە بۆ هێرش کردنە سەر ئافاتەکانی کێڵگە و بەرگری کردن لە شاڵاوەکانی دژ بە شوناس و پێگەی نەتەوە. زمان ئەو گەوی ئەو زنجیرەیە کە نەتەوە پەراکەندە و بێدەرەتان و بێبەختەکان لە فەرتەنەی گاپێلەکانی بەحراوی مێژوو دەپارێزێ. بەڵام ئەوەی جێی سرنجە ئەوەیە کە هاوکات زمانیش ئاتاجی خزمەتکردن و بە هاوارەوە چوون و پێڕاگەیشتە. زمانیش وەک بوونەوەرێک کە بە درێژایی مێژوو لە ڕەنگ و ڕوو و تەرح و بیچمی کەم و زیاد دەبێ و بە هەوای سروشت و باری ژیان و ڕەوتی کەش و هەوا ناچار دەگۆڕدرێ و خۆی لەگەڵ گۆڕانی چاخەکان دەگونجێنێ، پێویستە یارمەتی بدرێ و ئاودێری بکرێ، سیسەڵە و هەژگەڵی لێ داتەکێنرێ و سلسڵە و پلپڵەی وێخرێ؛ بۆ ئەوەی سیسەکانی بە بۆگنتکی وەعزە ناڵەبارەکانی مێژوو نەکەون و هەناسەی هەر لە گەشەبێت. هەڵپەرتاوتنی زمان و پێڕاگەیشتنی و بوار ڕەخساندن بۆ زا و زێی ئەو بوونەوەرە خاوەن پێگە و جێگەیە لە ناساندنی نەتەوەکاندا پاسەوانانی کارامە و بەجەرگ دەخوازێ کە پارێزەری خەزێنەکانی بن.

بێگومان هۆنەران، نووسەران و شاعیران ئەو تاقمەن کە ئامرازەکانی پاراستنی زمانیان بە دەست و بە رووحەوەیە. ئەوان، بەتایبەت لە ناو نەتەوە کەمینەکاندا، بێئەوەی چوارچێوەیەکی یاسایی سیاسیان لە پشت بێ و دوور لە پاڵپشتیی حوکماتەکان – کە تەنانەت لە زۆر قۆناغدا ڕێگر و بەردی بەرپێشیانن – ئەو سەربازە گومناو و پاسەوانە هەمیشەییانەی زمانن. هەنگاوێک دواتر فەرهەنگنووسان دێن و لە ئاشتەبای ئەوان کەڵک وەردەگرن و ئەو نیعمەتە چەپک چەپک دەکەن و لە خەزێنەی فەرهەنگاندا دەیانپارێزن. تاقمی یەکەم، واتە هۆنەران و شاعیران و نووسەرانیش دەگەڕێنەوە سەر ئەو فەرهەنگانە و بە کەڵک وەرگرتن و هێنانەوەی ڕووی وشەکان گنجیان لە ڕوخسار دەتارێنن و مەودای هەناسەیان بۆ دەڕەخسێنن. ئەوە ڕازی زیندووهێڵانەوەی زمانی یەک نەتەوەیە کە نەخاسمە لەو سەردەمە پڕ ژاوەژاوەی ئێستادا زیاترین زەخت و بقەی دارمان و هەرەس هێنانی لە سەرە.

زمانی کوردی وەک یەکێک لە زمانە هەرە دەوڵەمەندەکانی مرۆڤایەتی بەداخەوە لەبەر دەرنەکەوتنی نووسینەوە و قەدرلێنانی هەر وا ڕەها گەیشتە سەردەمی نوێ و شاڵاوی ڕووخێنەری زمانە فووردراوە زەبەلاحەکانی بەڕووا تەقییەوە. هەرچەند پەلەقاژەی پەیجووران و لێکۆڵەران و فەرهەنگنووسانی دڵسۆز توانیویەتی گەنجینەیەکی نووسراو لەو سۆنامیی دافەتانە ڕزگار کات، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵێک لە بەرەکەتەکانی ئەو زمانە، کە دەماودەم گوازراوەتەوە و بە فەرهەنگی زارەکی دەناسرێ، نوقمی دەریای بێپەی نەمان بوون و ئەوی شکیان دەبرد لەگەڵ خۆ بردیان.

فەرهەنگنووسان بۆ تۆمارکردنی وشە و حەولی پاراستنی زمان دوو ڕچەیان لەبەرە؛ یەکەم ڕوو کردنە وتەی سەر زاران و دووهەم لە دەرگەدانی کتێب و سیپارەی نووسراو. ئەوی لە ڕچەی یەکەمدا ئاماژەی پێکرا هەر خۆی تامەدر و تیندەری ڕچەی دووهەمیشە. واتە فەرهەنگی زارەکی، فەرهەنگی نووسراوەیی پێ خەنی دەکرێ. فەرهەنگنووسی کورد [لێرەدا مەبەست لە فەرهەنگ، کلتوور نییە، بەڵکوو "وشەدان"ە] پاش ڕچەی یەکەم کە ڕوو دەکاتە ڕچەی دووهەم، واتە دەستەی شاعیران و نووسەران، لەگەڵ دوو ئاشتەبای جیاواز ڕووبەڕوو دەبێ. یەکیان بەتەمەنتر و هەژارتر، ئەوی دیان کەمتەمەن و دەوڵەمەندتر؛ یەکەمیان دیوانی شاعیرانە و دووهەمیان پەخشانەکان (بە هەموو جۆری چیرۆک و وتار و ...وە). شێعر وەک یەکەم ئامرازی دەست زانایانی کورد زۆر بەر لە پەخشان، گەلێک ئەرکی خراوەتە سەر شان؛ لە چیرۆک هۆندنەوە و شەرع نواندنەوە و گێرانەوەوە بگرە هەتا دۆعا و نزا و تەنانەت نامە گۆڕینەوە. بەڵام ئەوەی جێی سرنجە ئەوەیە کە زۆربەی ئەوانەی شێعریان هۆندۆتەوە لە حوجرە ئاینیەکانەوە پێگەیشتوون و خۆراکی خوێندنی حوجرەشیان سەرچاوە فارسی و عەرەبیەکان بووە. ئەوە وای کردووە کە تاپۆی زاڵی سەر شێعری کوردی هەتا دوا تیرێژەکانی سەدەی ڕابردوو هەر زمانی عەرەبی و فارسی بێت. بۆیە فەرهەنگنووس لە هەڵدانەوەی دیوانە کلاسیکەکانی بەر لەم سەدەیەدا چی وای دەست ناکەوێ کە بشێ لەحاست فەرهەنگی زارەکی و نووسراوەیی پەخشان دڵی پێ خۆش کرێ.

لەگەڵ هەڵهاتنێ خۆری ئەم سەدەیە وێڕای گەردەلوولی سنعاتی مودێڕن بۆ سەر نەتەوە هێشتا نائامادەکان، هێندێک ژانری زانستیی نوێ کەوتنە ناو ئەم نەتەوانەوە. چیرۆک و پەخشان و وتارنووسین داهاتی ئەو قۆناغەن. نووسەرانی چیرۆک و ڕۆمان و وتار بەتایبەت پاش چاوکرانەوەیان لە سەدەی ئێستادا حەولێکی زۆر بەرچاویان بۆ گەڕانەوە سەر زمانی خۆماڵی و کەڵک وەرگرتن لەو فەرهەنگی زارەکیە دا کە تاقە پارێزەری نادیاری ئەو خەزێنەیە بووە.
داهاتی ئەم پەخشاننووسانە، بە چیرۆکنووس و وتارنووس و وەرگێڕ و ...وە [هەر وەها بەشێک لە شاعیرانی مەوداگر لە ڕەوتی نووسینی کلاسیکیەکان] کەم تا زۆر سەنگەرێکە بۆ پاراستنی زمانی کوردی. لەم ناوەدا تاقمێک لە نووسەران و شاعیرانی سەردەم سەرتۆپن.
مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان یەک لەو سەرچاوە حاشاهەڵنەگرانەی زمان و وێژەی کوردییە کە وێڕای زمانزانی و شارەزا بوون لە ڕووی زانستییەوە، هاوکات دڵسۆزییەکی کەم وێنەی بۆ زمانی نەتەوەکەی بوو و ئەو خاڵانە لە کەسایەتی و نووسین و بەرهەمەکانیدا بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە. عەللامە ئەحمەدیان چ وەک وتارنووس و چ وەک خەمخۆرێکی زمانی کوردی لە ئامۆژگاریی تازەلاوان و قەڵەمهەڵگرانی وێژەی کوردی پێگەیەکی دیاری هەیە و باشترین بەڵگەش لە سەر ئەم مدعایە بەرهەمە نووسراوەییەکانی بەڕێزیانە.
بە ئاوڕدانەوەیەکی ورد لە بەرهەمەکانی مامۆستا ئەحمەدیان و پێکگرتنیان لەگەڵ فەرهەنگە کوردییەکان دەردەکەوێ کە فەرهەنگنووسان دەیانکرێ زۆر کەڵک لەو داهاتانە وەرگرن و بەرهەمی خۆیانی پێ دەوڵەمەند کەن و زمانی پیرۆزی کوردیش لە خەسارە نادیارەکانی زەمان بخەلسێنن. بە پاڵپشتیی پێگەی زانستی مامۆستا ئەحمەدیان لە لایەکەوە و خەمخۆری و دڵسۆزیی بۆ زمانەکەی، بێگومان ئەو وشانەی لە ناو وتار و نووسراوەکانیدا (وەک کتێبی خەزێنە، کۆمەڵە وتار) هەن و دووتوێی فەرهەنگان لە خۆیان نەگرتوون، جێگەی متمانەن و بێ لێپرینگانەوە بۆ بەدەستەوە گرتن و کەڵک وەرگرتن دەشێن.
ئەوەی جێگەی ئاماژەیە بەستێنی نووسینەکانی مامۆستا ئەحمەدیانە کە هەرچەند بۆخۆیان پیاوێکی ئایینی بوو، بەڵام هەوێنی نووسراوەکان و کاکڵی وتارەکانی هەر بەو قالبەوە نەبەستۆتەوە و پەلی هاویشتۆتە ناو مەبەستە نەتەوایەتی و ئەدەبی و تەنانەت سروشتناسیشەوە. کتێبی "خەزێنە" کۆمەڵێک لەو وتارە بەپێزانەی لەخۆ گرتووە کە نموونەی هەرەجوانی نووسراون لەم بوارە جیاجیایانەدا و لە هەر کامەیدا داڵدەی کۆشێک وشەی تەڕوبڕی داوە کە فەرهەنگنووسان و ئەدیبانی کورد وەک نیعمەتێک دەتوانن ڕووی تێکەن و تۆبرەیانی لێ بئاخنن .

## حازرم دەستەونەزەر



مەهاباد. جەعفەر مەعرووف"ژیار"

ئەی دڵی غەمباری من تا کەی دەناڵی بێ سەمەر؟
باغی عومرم هاتەسەر کەی داری عەشقم دێتەبەر؟
خاڵی ورد و لێوی ئاڵی شەش بەشی ژینی منە
گەر چی داییم لێم نەبانە لەو دڵەی خستومە دەر
هەرکە بیری چاوی جوانی ئەودەکەم لەم غوربەتە
تا بەیانی وا بەیادی، ڕۆژ دەبینم سەد نەزەر
ئەو دڵەم خاپووری دەستی بێ وەفایی و سەرکووتی
بێ وەفایی چاوکەژاڵ و بن دەسی مەوتەن لەسەر
داڵ بە داڵ گیرودەیی خاک و ئەوینم پڕ بەدڵ
نارەوایە پێی نەگا دڵ، ژینی وا چون بەرمە سەر؟
پووچی دونیای بێ وەفا کاری لە دڵما کردووە
تەرکی دونیایەی مەبەستەو وا دەکا مەیلی سەفەر
ئەودەمەی کاروانی سووری تەرمی ساردم کەوتە ڕێ
دڵ بە دووی دا هەر گەڕاڵە تا لەویی دەگرێ خەبەر
دڵ لەتاوی چاوی جوانت وەک وڵاتم لەت لەتە
ئاگریی تێبەربووە و دڵ بۆکڕووزی دێتە دەر
با "ژیار" هەر بێت بە فیدای عیشقی تۆ و زێدو گەلی
بۆ ئەوەی گیانم فیداکەم حازرم دەستەونەزەر

بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی



# کوێرایی



سنە. عیسا ئەحمەدی

پیاوێکی شۆفێر لە سەر چوارڕیانێک، لە ناکاو هەستی کرد کە کوێرایی داهاتووە و هیچ نابینێ. بۆیە نەیوێرا لەو شوێنەی خۆی ببزوێ و بوو بە هۆی ڕێبەندان. خەڵکی لێی کۆبوونەوە. کابرا تکای کرد کەسێک هەر بەو ماشێنەی خۆی بیباتەوە بۆ ماڵ. بە یارمەتی لاوێک گەڕاوە بۆ ماڵی خۆی. کەچی کاتێ دابەزی، لاوی یاریدەر ماشێنەکەی ڕفاند. کاتێ خێزانی هاتەوەو ئەو حاڵ و ڕۆژەی دیت، بردیە لای دکتۆرێکی شارەزا. هەرچەندە زۆر نەخۆشی دیکە چاوەڕێ بوون بچنە ژوورەوە بەڵام کە دیتیان پیاوێکی کوێریان هێناوە، ئێزنان دا پێش لە هەمووان بڕواتە ژوورەوە. دکتور زۆری پێ سەیر بوو کە کەسێک لەپڕا وای بە سەربێت. بۆیە ڕاوێژ و هاوبیری چەندین زانای دیکەی ئەم بوارەی بە پێویست زانی و وتی: سبەینێ بێهێننەوە. بەڵام هەمان شەو؛ دزەکە، دکتور و تەواوی ئەو کەسانە کە پیاوە کوێرەکەیان دیبوو؛ هەر هەموویان کوێر بوون. ئەم هەواڵە لە نێو شار دەنگی دایەوە کە جۆرێک کوێری گشتگیر، کەوتۆتە نێو خەڵک کە لە ڕێگای ڕوانینەوە تەشەنە دەکات. حکوومەت بە زووترین کات خەستەخانەیەکی چۆڵ کرد و تەواوی ئەوانەی کە کوێربوون بردە ئەو شوێنە. کاتێ کە چوون دکتۆریش بەرن، ژنی دکتۆر بە درۆ وتی منیش کوێر بووم و لەگەڵ مێردەکەی ڕۆییشت کە خۆی ئاگاداری بێت.

بنکەیێکی سەربازیان لە دەرەوەی خەستەخانە دانابوو کە هیچ کوێرێک نەیێتە دەرەوە. سەربازان هەموو ژەمێک خواردەمەنیان دەبردە نێو حەوشە و خۆیان دەکشانەوە. کوێرەکان بە لەپەکوتێ دەهاتن و نانی خۆیان هەڵدەگرت. هیچ مرۆڤێکی چاوساغیش نەیدەوێرا خۆبەخشانە بۆ یارمەتی بچێتە نێو کوێران. بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پیسایی زۆرتر خەستەخانەی هەڵگدەگرت. کەسانێک کە دەیانزانی کەس نایانبینێ، لە سەرەڕێگا پیساییان دەکرد، هەر کەس هەوڵی خواردەمەنی زۆرتری دەدا، منداڵان و ژنان و پیران زۆرتر ژێرپێ دەکەوتن. تەنیا ژنی دکتور بە تاقی تەنیا بەبێ ئەوەی کەس پێی بزانێت، خەستەخانەی خاوێن دەکردەوە، یارمەتی منداڵان و پیرانی دەدا. بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی کوێرەکان بەرزتر و دۆخەکەش ناڵەبارتر دەبوو. سەربازان لەبەرئەوەی کە کوێر نەبن، خۆراکی چەندین ڕۆژیان بەجارێ دەبردنە نێو حەوشە.

ناپیاوێکی لات و جەردە هەموو پیاوخراپانی لە دەوری خۆی لە شوێنێکی تایبەت کۆ کردەوە و مافیای خەستەخانەی پێک هێنا، دەمانچەشی پێ بوو. سەربازان هیچ خۆتێوەردانێکیان نەدەکرد و حەزیان دەکرد کوێرەکان یەکتر تیابەرن.

هەر ڕۆژێک کە خۆراک دەهات، مافیا بە تێلا و کوتەک، سەرجەم خۆراکیان دەبردە شوێنەکەی خۆیان. ڕایان گەیاند: دەبێ نرخی نان ببژێرن. نان لە بەرانبەری ملوانکە، ئەنگۆستیلە، خرخاڵ، پاوانە، پارەو هەر شتێکی بەنرخ. ڕۆژێک دکتۆر بۆ کرینی نان چووە لای ئەوان. تێ گەیشت هەرچەندە کوێرن بەڵام ڕێکخراوەی ڕێک و پێکیان هەیە. زانی چەندین کوێری زکماکیان لەگەڵە کە زۆر شارەزای ئەوجۆرە ژیانەن، شێوەنووسینی برەیل باش دەزانن و خوێندەوارن. زێڕ و ئالتون و پارە و هەموو شتە بەنرخەکان دەناسن. کاتێ کە کوێرەکان هیچیان پێنەما بۆ کرینی نان، مافیا ڕایگەیاند: ژنان و کچانتان لە بەرانبەر ناندا بگۆڕنەوە. ژنی دکتور کاتێ بۆ شتی بایەخدار گەڕابوو دوو شتی دەست کەوتبوو: مەقەستێکی تیژ و شەمچەیێک. بۆیە خۆی گەیاندە سەرۆکی مافیا و مەقەستی کوتایە شادەماری لاملی. پاشان ئاوری بەردایە بنەوبارگایان. ژنانی ڕزگار کرد و دەرکەی لەوان داخست. تێکڕای دیکەی کوێرەکان چوونە نێو حەوشە، نەوەک ئاور بگاتە لای ئەمان. ژنی دکتۆر چاوی بە بنکەی سەربازەکان کەوت کە چۆڵە! ڕایگەیاند کە من کوێر نیم و کەوتە پێش کوێرەکان بەرەو نێو شار. هەموو خەڵکی شاریش کوێر ببوون. شاریش هەر حاڵ و ڕۆژی خەستەخانەی بوو، پڕ لە زبل و لاشەی مردووان. ژنی دکتور و مێردەکەی، منداڵێک و چەن ژن و پیرەپیاوێکیان لە گەڵ خۆیان بردەوە بۆ ماڵ. لە ڕێگا تووشی چەندین قەشەی کوێر هاتن کە باسی قەبر و قیامەتیان بۆ خەڵک دەکرد. چەند حیزبی کوێرانەش بە سەرۆکایەتی چەند کۆنە دەسبڕی کوێر دامەزرا بوو کە وتاریان پێشکەش دەکرد بۆ دواڕۆژی روون.

ژنی دکتور لە ماڵی خۆی خزمەتی ئەو هەژارانەی دەکرد. هەوڵی دەدا خواردەمەنی و جلیان بۆ وەگیربخات. وەکوو خێزانی ماڵێک بە بێ جیاوازی پێکەوە دەژیان.

ڕۆژێک کە لە خەو هەستان، زانیان چاویان لە جاران ڕوونتر بۆتەوە.....

ژۆزێ ساراماگۆ ١٩٩٥)/مینو مشیری)

خوێنەری بەڕێز؛ دیارە مەبەست لە کوێر، نەک ئەو هەژارەیە کە شەو و ڕۆژی وەکوو یەکە. کوێر ئێمەین کە جگە لە قازانجی تاکەکەسی خۆمان، مافی کەسی دیکە نابینین. لە ناڕێکیەکانی کۆمەڵگا خۆمان گێل دەکەین. بۆ چوار ڕۆژ، ژیانی زۆرتر، لەگەڵ هەر جۆرە پەستیەک ڕادین...ڕووناکبیری ڕاستەقینە ئەوکەسەیە کە دەردەکان ببینێ و خۆی بە بەرپرس بزانێ و بە بێچاوەڕوانی تێکەڵ بە دەرد و زامی هەژاران بێت. ڕووناکی ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە یەکدڵ و یەکگرتوو بین. ئەگەر حەقیقەت نەپارێزین، نوقمی گەندەڵی دەبین...

# ماڵ لە ساحێبماڵ حەرامە!

سنە. عیسا ئەحمەدی

لە نێو کۆخ و کەلاوەی قەراخی شار، پیاوێکی ماسیگر، خۆی و خێزانی بە زریکەی منداڵی نێو بێشکەیان، وەخەبەر هاتن. منداڵی بەستەزمان دووپشک پێوەی دابوو. بە شڵەژاوی، منداڵ لە باوەش، پەنایان بردە بەر دەرکەی ماڵی تەنیا دکتۆری شار. دکتۆر لە خزمەتکارەکەی پرسی بەم سەڵای ساڵەحانە کێ بەردەرگای پێ گرتووین؟ وتی قوربان ژن و مێردێکی ڕەشووڕووت هاتوون و دەڵێن منداڵەکەیان هیلاکە. دکتۆر وتی: شا ئەو نێوچاوانە، هاوشان و هاوماڵی من گەیشتنە پاریس، کەچی من لێرەدا جەماعەتی لەبرسامردوو، هەتا نەمکەن بە بەیتاڵ و دکتۆری ئاژەڵ وازم لێ ناهێنن. بڕۆ پێیان بڵێ دکتور لە ماڵ نییە.
بەدەم شیوەن و بە دڵشکاوی گەڕانەوە بۆ ماڵ. پیرەژنانی گەڕەک شیری گامێشیان دەرخواردی منداڵ دەدا و هەتوان و مەڵهەمیان لە سەر شوێنی چزەی دووپشک دادەنا. کابراش بە هەناسەساردی، بۆ بژیوی ژیان لەگەڵ هاوڕیان ڕووی کردە دەریا. دەمەونیوەڕۆ بەختی کابرا وای هێنا کە گوێچکەماسییەکی(صدف) گەورە، کەوتە تۆڕیەوە. کاتێ سەدەفیان کردەوە مرواریەکی زۆر گەورەی تێدا بوو.
پێش گەیشتنەوەی بۆ ماڵ، هەواڵی ئەو مرواریيە دەم بە دەم کەوتبوە نێو شار.
زەردەپەڕی ئێوارە، مەترانی مەزن(اسقف اعظم) هات بۆ ماڵیان. بەڕێزیان باسی ڕەحم و بەزەیی پەروەردگاری دەکرد کە دەبێ لە شوکرانەی ئەو شتە بەنرخەدا حەتمەن زەکاتی بدرێتە دەستی دۆستانی خودا. کابرا لە دڵەوە وتی: خودایا؛ خۆت لە دەستی ئەم دۆستانەت بمانپارێزی.
هەر ئەو شەوە دکتۆر هات بۆ سەردانی منداڵەکەو وتی هەر لە بەیانییەوە لەماڵی چەند نەخۆشی بێکەس بووم و ئێستا بێ هەدادان خۆم گەیاندە ئێوە. کابرا بیری لەوە دەکردەوە کە بە دەگمەن کوڕە دەوڵەمەندێک لە ڕێی زانستی پزشکیدا، سی ساڵی هەوڵی تەمەنی خۆی بەخت دەکات. زۆربەیان کوڕە هەژارن. کەچی کاتێ دەبن بە دکتۆر، دەیانەوێ حەقی ئەو سی ساڵە لە هەژاران بستیننەوە.
شەو کاتی خەوتن، خێزانی وتی: پیاوەکە وا دیارە ئەم مرواريیە هێ خۆمان نییە! نابینی لە ئێوارەوە خاوەنەکانی دێن و داوای دەکەن؟ کابرا وتی نەخێر، هی ئێمەیە و دەبێ داهاتووی ئەو منداڵەی پێ دابین بکەین. نابێ برسیەتی مێشکی ئەو منداڵە، وەکوو ئێمەمانان لە ناو بەرێت. ژنە وتی ئێمەی بەشمەینەت، بەم هاسانیە ناتوانین تێکەڵ بە چینی دەوڵەمەند ببین. سکتێرانی بێعار نایەڵن چینی هەژار، وچان بدات و ببێتە خاوەنی دەسترەنجی خۆی. هەزار فێڵ و ناپیاوی دەزانن و ئەتۆش هیچ سەنگەرێکت لەبەرانبەریاندا نیە. کابرا وتی بەیانی دەچمە بازاری جەواهێرفرۆشان. دەزانم لەسەری دەبێت بە هەرا، ئاخر ئەو مرواريیە بەقەدەر هێلکەکۆترێک دەبێت.
کابرا نەیدەزانی کۆتریش مافیای خۆی هەیە تا چ بگاتە مرواری. مافیای بازار ڕایانگەیاندبوو کەس لە فلانە قیمەت زۆرتر لێی نەکڕێت. یەکیان دەیگوت ئەم مرواريیە زلی بێهونەرە، تەنیا بۆ موزەخانە باشە. ئەویتر دەیگوت زۆر شتی وایان بۆ هێناوم و نەمکڕیوە.... کابرا زانی خەریکن فێڵی لێدەکەن، وتی هەزار خۆزگەم بە چەتە. چۆن دەبێ، گا بیکات و کەر بیخوات؟ ئێستا کە وای لێهات دەیبەمە شاری پێتەخت و لەوێ دەیفرۆشم.
شەو زەلامێکی نەناسیاو لە دیواری ماڵیان هاتە نێو حەسار.دەیەویست بە زۆرەملێ مرواريیەکەیان لێ بستێنێ. لە شەڕێکی دەستەویەخە کابرا خەنجەرەکەی کوتایە بن هەنگەڵی زەلامەکەو لاری کردەوە. بۆیە بە ناچاری دەستی ژن و منداڵی گرت و هەر بەو شەوە بەرەو پایەتەخت بەڕێکەوتن. بۆ بەیانی لە یاڵ و ملەی کێوان تازە ئاوا ببوون، کەچی چاویان لێ بوو، سێ پیاوی چەکدار کەوتوونەتە شوێنیانەوە. ئەو ڕۆژە تا تاریکان هەر چەندە ڕێگایان گۆڕی؛ بەڵام ئەوان شارەزای کاری خۆیان بوون و هەر لەدوایان هاتن. بە ناچاری لە ئەشکەوتێک خۆیان حەشاردا.
لەو تاریکایەدا کابرا وتی: سبەینێ لە دەست ئەمانە ڕزگاربوونمان نیە. ئەمشەو دوو کەسیان دەخەون و یەکیان دەبێ بە قەرەوڵ. ئەگەر بتوانم ئەوەیان بکوژم و چەکەکەی دەستخەم، تێدابردنی ئەو دوو کەسەی دیکە هاسانە. بۆیە بە خەنجەری ڕووتەوە بەبێ چرکە، لیان نزیک کەوتەوە. تەنیا چەند هەنگاوی مابوو کە بگاتە کابرا، کەچی منداڵەکە لە نێو ئەشکەوت وەخەبەر هات و دەستی کرد بە گریان. کابرای قەرەوڵ چەند گوللەی بەرەو شوێنی دەنگەکە تەقاند. تەقەکردن و ئای و مەرگی بە خەنجەری کابرا بوو بە یەکێک. کابرا چەکەکەی هەڵگرت و ئەو دوو کەسەی دیکەشی سارد کردەوە. بەڵام یەکێک لە گوللەکان لە منداڵی بەستەزمان کەوتبوو!!
ڕۆژی دوایی کابرا و ژنەکەی لە پێش چاوی خەڵکی شار مرواريیەکەیان فڕێدایەوە نێو دەریا. جان ئێستەین بێک ١٩٤٠
ئەو ژنە باش زانیبووی دەرچوون لە نایەکسانی و چینایەتی کۆمەڵایەتی بۆ چینی هەژار، بەم هاسانیە نییە و هەژاران خاوەنی دەسترەنجی خۆیان نین.

بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی





# غەزەل





لە: شەهریار

وەرگێڕ: سووتاو. مەهاباد

کۆنە سالم ئێستە دل یادی جەوانیکردووە
بولبولی هەستم هەمیسان نەغمە خانی کردوە

هەستیمن تادەیهەویسازیغەزلبگرێتە دەست
تین وتاوم لێبراوە و ناتەوانی کردوە

بولبولی نالەلە سینەملەداخی میرغوزار
بۆ کەلاڕێزان ڕەفیقئە وگول فشانی کردوە

من بە داغیئەوئەوینەم چاوەڕێم ئیستا بەلام
کاتیپەروینچاوی داگرت چاوە ڕوانیمکردوە

ئیستە بێدەنگ ونەوایە کۆنە شمشالی تەمەن
زوهرە فێلبازەوەهەمیسان کاری شوانیکردوە

گەر کورەی عەرزی ببێتە دووکەل وتەم ئاسمان
بەو هەمووە خۆبائیە هەر ئاسمانی کردوە

زۆر لەمێژە یارەکەم ناکام ولێم پەڕ پەڕ بوە
ئەولە ناوڕووەم دەژی وژیانی جەوانی کردوە

بەوهەموو خامۆشیە بۆ ئیش وئازاری دلم
بیری من بۆ بیرەکانی دەس ملانی کردوە

من هەموو سالی بەهاری ئارەزوو ئاواتمە
کاتی دەی وەرزی بەهاربۆ منخەزانی کردوە

من منالی بووم کە ئێستە واپەرێشانم لەژین
دوژمنی من پیرە گەردوونە بەیانی کردوە

یەک سەدە تێپەڕەدەبێت وئاسمانیش بێوچان
دەفتەری ژینی ڕەشم ئەو ، بایگانی کردوە

شەهریارا پێی بلێن مەشکێنە دلمان ئاسمان
وەختی داوەر کاتی داد نامێهرەبانی کردوە

# داربەڕوو



هەورامان. هۆمەر نۆریاوی

ڕۆژێک تەنیا
ڕێبواری ڕێگای سووتان بووم،
مەلێکی ڕەنجەڕۆی شاخ و بەندیی دەواری گریان بووم.
ڕێگام بڕی، کەلار گەڕام،
گۆپکەی دەرکرد
زاری هۆنراوەی بەستراوم،
هاتە بەرهەم چلی درەختی تاساوم.
زۆر شتم دی،دەمێک ڕامام،
بەلام بەژنی لاوازی
داربەڕووی لاپالێکی نیشتمانم کەوتە بەرچاو.
بێ پێشەکی خۆم تێکەل کرد
بە لق لقی بەسالاچووی
ئەو شادارە،
پڕ ئازارە،
دل نازارە.
سەوزە گەلای فرمێسکی ڕشت،
خۆم ڕانەگرت،پرسیارم کرد:
ئەرێ هۆ مەشخەلی بریان،
سەرچاوەکەی سۆزی کوێستان،
کام تەوری دژ، چاوی تاوان
بۆتی هانی بەرگی خەزان؟!
داربەڕوو وا هاتە وەلام:
لەو ڕۆژەوەی
هەواری سووتان و گریان،
خاک و خۆلی گوند بە گوند و
شار بە شاری نیشتمانی بەردەباران،
بوو بە کێلگە و گلکۆی یاران.
پەڕم نەما، سووتام،بڕژام
بۆیە وەها کز ئەنوێنێ،
لق و بالام، لق و بالام.

بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی








سوارە ئیلخانیزادە



وەرگێڕ: بۆکان. سەعید سەلیمی بابامیری

## کچی بەیان

من ئەڵێم:
پەپوولەیەک فڕی بە باڵی سەوز و سوورەوە
من ئەڵێم:
گوڵێ بە دەم شنەی شەماڵەوە بزەی بزووت
تۆ ئەڵێی: چ بوو پەپوولەیەک فڕی
یا نە سوورەگوڵ، زەردە کەوتە لێوی ناسکی
من ئەڵێم:
هەتا هەتایە دەوری جوانییە
ئەمڕۆ گەر هەتاو کەسیرەیە نەماوە ئاگر و گڕی
مێرگی ئاسمان بە سووتمانی هەوری لۆکەیی نەزۆک
پڕ لە خاڵ و قۆپەنە
جەنگەڵێ کە جێژوانی پۆلە پۆڕی بارییە
جێگە مۆڵی کەمتیار و گورگ و ڕێوییە
شۆڕەبی کە بۆتە داری چاکی بێ نەشە و شنە
زەلکە گەر تەیاری تیر و قۆشەنە
خۆشەویستەکەم
لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە
چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانییە
لە حەنجەرەی زەمانەوە
گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانییە.
باسی شەو مەکە نە شایەری شەوم
باسی خەو مەکە لەلای هومێدێکەوە فێرە سەر ڕەوم
بەو دەمەت کە بۆنی سەد بەهاری لێوە دێ
بۆنی دەشتی بەختیاری باوەشی چیای، بەدەستی با
بە گوڵ چناوی، لێوە دێ
بۆنی سەرسەکۆی بە کاگڵی، بە ئاوپژاوی، لێوە دێ
پێم مەڵێ کە داکەوم
پێم مەڵێ کە ئاڵی زاڵی شەو، چاوی بێخەوی چرە
پێم مەڵێ نەهاتنەوە ئەوەی کە چوون
مەگری بۆ خەساری بێ گەڕانەوە
ڕێگەمان دوور و سەخت و قاقڕە
خۆشەویستەکەم
ئێمە نوێنەری خەباتی ڕۆژهەڵات
ڕۆژهەڵاتی سووری ئاگرین
فێر نەبووین بەزین و دابەزین
ڕانەهاتووە چاوی قارەمانی کورد
بە شەونمی گرین
خۆشەویستەکەم
لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە
چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانییە
لە حەنجەرەی زەمانەوە
گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانییە.

لە کتێبی: خەوە بەردینە/ بەرهەمی: سوارە ئیلخانیزادە

## The daughter of morning

I say:
"A butterfly flew with red-green wings."
I say:
"A rose smiled with the breeze."
You say:
"So what? A butterfly flew,
or on a rose a very soft smile grew?
I say:
"It has always been the time of beauties.
If the sun is benumbed today,
If it has no flame and heat on the ray,
If by the fire from infertile cotton clouds the sky meadow full of puffs and spots is,
If the jungle which was a rendezvous for flocks of young fronclins has become a shelter for heynas and wolves and foxes,
If the willow has been a sad dry tree in no breeze,
If the swamp has ammunitions and armies.

My sweetheart!
From the dusk window ajar,
I see the daughter of morning view from far,
From time larynx I can hear,
The clear whisper of tiny spring sands from here.
Do not speak about the night,
I'm not the poet of the night,
Do not speak about sleep before my hardy hope,
Though it smells springs... your mouth is ope,
Though it smells a lucky plain full of flowers weaven by wind in mountain hands,
Though it smells a mud platform nearly touched by water hands.

Never tell me to stop it!

Never tell me that night devil's sleepless eyes are tight shut,
Never tell me those who have gone, return cannot...
Do not cry for the loss you cannot make good for...
That our way is too long and too hard and more.

My sweetheart!
We represent the rise of East,
That is a fiery red East,
We have never been adapted to defeat and dismount,
Dews of weeping have never come to eyes of Kurds; heros of mount,

My sweetheart!
From the dusk window ajar,
I see the daughter of morning view from far,
From time larynx I can hear,
The clear whisper of tiny spring sands from here.



بانه. ک.د.ئازاد



وەرگێڕ: بۆکان. سەعید سەلیمی بابامیری

بێ خەبەرە!
شەختەی زۆردار
هەر گەڵایەک،
له دارستان دەوەرێ
هەنگاوێکە
بەرەو بەهار!



پێخەبەرە
شەختەی زۆردارا!

هەر گەڵایەک،
لەم دارستانە دەوەرێ
هەنگاوێکە
بەرەو بەهار!

The cruel autumn freezing cold is certainly unaware:
Each falling leaf in the jungle is a step towards spring coming here!

By: K.D.Azad
Translated by: Saeed Salimi Babamiri

## گیانی گوڵان

سواره ئیلخانیزاده

باغێکی پڕ له گوڵه باغەکەی دوو چاوت
ڕەشه ڕیحانەیە، بۆنی زوڵفی نەرم و خاوت
زوڵفی سیيات داوی دڵانه
زەردەخەنەت گیانی گوڵانه
مەڕۆ یارم، گوڵی نازدارم
وەره جێ ژوانم ئاواتی ژیانم

هۆنەر: سواره ئیلخانیزاده
وەرگێڕان: سەعید سەلیمی بابامیری

## The soul of flowers

Your eyes are a garden full of sweet roses,
Full of black mint fragrance; your soft and smooth tresses.
Your black tresses; trap of lovers,
Your smile; the soul of flowers.
Don’t leave darling! My dear flower,
Come to my rendezvous tower,
You in my life; hope and power.

By: Swara Ilkhanizadeh
Translated freely by: Saeed Salimi Babamiri

بانه. ک.د.ئازاد

ناهومێد نیم،
چون ساڵەهایە دەزانم،
له پاش هەموو زستانێکی،
میوانداری بەهار دەکا
نیشتمانم!

وەرگێڕ: بۆکان. سەعید سەلیمی بابامیری

I,m not hopeless'
Because I know for many years:
After any winter my home for the spring is a hostess.

بۆکان. سەعید سەلیمی بابامیری

ئەی نازەنین...
نه هەر ئەمڕۆ
هەموو ڕۆژێ
هەبێ بۆ تۆ وره و هێزێ
دلۆڤانی له دڵ تۆ بێ
سەربەخۆیی خەدەی تۆ بێ
نه هەر ئەمڕۆ
هەموو ڕۆژێ




گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی له داوێنی ئاربەبا

# مارف ئاغایی ودەساڵ ئەزموونی شیعر





شنۆ. عومەر محەممەدی

**بەرایی وئامانج**

ئەزمونی شیعر چییە؟ شاعیر چون لەوئەزموونانە کەڵک وەردەگرێ؟ ئەوئەزموونانەی چون لەڕووی فۆرم وزمان یان لە ناو دیاردە وکەرەسە ئەدەبییەکانی شیعردا نوێ دەبنەوەوخۆیا دەبن بۆ ئەو مەبەستە جگەلەوەی ناسینی شاعیر لەدەرەوەی بازنەیشیعروئەزموونەکانیوەکو مێژووی شاعیرپێویستە خودی دەقیش لێکدانەوەی خوی دەخوازێ بەواتایەکی تر شیعرەکانی مارف هەم دەق تەوەرانە شیکاری دەخوازێ وهەم بۆچوونی نووسەرتەوەرانەش ناکرێ بێ ناسینی شاعیروەپشت گوێ بخەین لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم زیاترتیشک بخەمەسەر ئەزمونی کەسایەتیی شاعیرو دەق، هەتا وەکو دیکۆمێنتێکی دیاریکراولایەنە پۆزیتیوییەکان ولاوازەکانی دەق باس بکەین.

**ئەزموون لەشیعرا:**

ئەودۆخەی کەبەدوای خویداکۆمەڵێک رووداو وگۆڕانکاری لەشیعردا دروست دەکا وهێندێک دیاردەی تازە وکەرەسەی نوێ ئامادەدەکا هەتا شاعیر لە پلاتفۆرمێکی تردا، داهێنانێکی تر بۆ شیعر دەستەبەر بکا. ئەزموونەکان دەکرێ هەم ڕووکەش ورواڵەتی بێ وهەم هەڵوەشاندنەوە وبنیادنانەوەی سەرلەنوێ بەدوای خویدا بێنێ ئەودووقوناخە ئەزموونییەش لەشیعری کوردستانی ڕۆژ هەڵاتدا دەبینرێ واتا گۆڕانکارییەکانی شیعری گرێدراوی ئەزموونەکانن.ڕەوتی شێعری کوردی پێمان دەڵێ، لە دۆخێکی زەمانیدا ڕچەو هـزری مەولەوەی تاوەگۆزی کار تێکەری لە شیعری گۆران وپیرە میردی شاعیردا هەبووە لە دۆخێکی تری زەمەنیدا گۆران وسوارە بە ستایلێکی جیاوازتر ئەزموونەکانی خویان بۆنووسینی شیعر خستۆتەگەڕکەسانی تری وەکو( مارف ئاغا) یش هەن کە بەدوای فۆرم وئیماژەکانی تری شیعریدا گەڕاون.

**ئەزموونی مارف لەدەرەوەی شیعر بۆ بەدەق کردنی شیعر:**

خۆبواردن لە دووپاتەبوونەوەی ئەزموونی پێشووتر و چونیایەتی دۆزینەوەی فۆرمێکی گونجاو بۆ شیعر کارێکی هاسان نەبووە، هەربۆیەش ئەودەغدەغەو کەڵکەڵەفکرییەی مارف وایکردووە شێوازێکی پرسیار وگومان لە دەرەوەی شیعر بۆ ناوەوەی شیعرڕاگواسترێ ولەزۆربەی شیعرەکانیدا هەتا پرسیار لای خوی وخوێنەر دروست بکا :

دایە! دایە! سەرهەڵدەگرم
مەڵێ بۆ کوێ؟
سەر هەڵگرتن شوێنێکی تایبەتی نییە
هەردێمەوە
مەڵێ کەنگێ؟
گەڕانەوە
کاتێکی تایبەتی نییە

زەمان و مەکان لەوشیعرەدا کەڵکەڵەی بیری شاعیرە هیچکامیان ئادرەسی دروستیان نییە بۆ گەڕانەوە شاعیر، لێرەدا زەمان ومەکانی لە جێگەی خویدا باش بە کار هێناوە بۆیە دەڵێم باش لەلایەک پرسیاری بۆ بەر دەنگی خوی "دایک "دروست دەکا، لەلایەکی تریش تەلمیحیکی ناڕاستەوە خوی دەکا بۆ ژێر خانی کلتووری واتا گوتاری نەستەق ئەویش ئایدیومی" ڕۆیشتن بە دەست خۆتە گەڕانەوە بە دەست خوایە"
خۆ دۆزینەوەلە ولامی پرسیارە شیعرییەکانی داهێنراو، باوەڕێکی تاکتیکیە شاعیرە بۆ زیاتر فکرکردنەوەی خوێنەر بەلانێکی ترەوە چەمکێکی نەرینی لەشیعردا گۆڕانکاری پێداوە، شاعیر ویستوویە ئەوگۆڕانکارییە بکا بە ئەزموون چونکە بەشێکی پرسی شیعرەکە هەڵگری پەیامی شیعرەکەیە شاعیر ڕێگەدەربازبوونێک بۆ بەردەنگی خوی دەخوازی سرنج بدەینە ئەو برگە شیعرە کەبەر لە برگەی پێشوو ئاوا هاتووە:

چۆن بەو شەپۆلە ویشکانەی
ڕۆحی ئاویان لێ دزراوە
تینوایەتیمان بشکێنین؟

ئەگەر ئەوشیعرە بەوشێوەیە بخوێنینەوە ئەزموونی شیعری پێشووبە جۆرێکی تر دووبارەدەکەینەوە:

"ناتوانین" بەوشەپۆلەوشکانەی
ڕۆحی ئاویان لێ دزراوە
تینوایەتیمان بشکێنین

لەوبرگەیەدا شیعر لە حاڵەتی پرسیار ترازاوە ئەوبرگەیە، شاعیر تەوەرە، شاعیر پەیام گەیەنە بەڵام لە برگەی پێشوودا داهێنەری پرسیار وڵامخوازە واتا ئەو برگەیە هەم دەق تەوەرە و هەم شاعیر تەوەرە لە برگەی دواتردا مەودای وڵام وپرسیار بەرفرەتردەبێت:

ئەرێ دایە!
بۆچی هەمووئاوەکانی ئەم دنیایە
بەقەت ماچێکی سەردەمی منداڵیی تۆ
تینوایەتیم ناشکێنن؟

بەردەنگ دایکە، پرسیاریش ئاراستەی ئەو دەکرێ، لێرەدا قیاسێکی زێدەرۆیانە دێتە گۆڕ "هەمووئاوەکانی دونیا "بە قەت " ماچێکی دایک " ناتوانن تینوێتی بشکێنن لە حاڵەتی دووهەمدا شاعیر لە بەرامبەر دایکدا پەیام ولام بۆ دایک دەهێڵێتەوە ئەوکەرەسەشیعریانەی وەکو موبالەغە، پرسیار، وقیاس لەو چەند برگەیەدا هاتوونەوە لایەنێکی تری ئەدەبیی بوون وئەزموونی شاعیرمان بۆ دەسەلمێنن

**ئەزموون لەناو فۆڕم وزمان وێنەدا:**

جیاوازی ڕەوتەکانی شیعری چەند جۆرەکی شکڵ وفۆڕمی شیعریش دیاری دەکا هەرفۆڕمەی داهێنانی زمان وهێما خەیاڵییەکانی تایبەت بە خوی دەخوازێ هێندێک قالب وفۆڕمی شیعری مەیدانی بەرفرەتریان دەوی هەتا شاعیر بتوانی ئەزموونە چڕ و پڕەکانی خوی تێدا نیشان بدا ئەوەش بەقەول کەڵان ڕیوایەتی شیعری دەوی کە کەسانێکی وەکو شێر کۆ بێکەس بتوانی ژانرەجیاوازەکان، تێدا کۆکاتەوە و تۆکمەی بکا لێرەدا فۆڕم وئەزموون شێعرێک لە جۆری قەسیدە دەخوازێ. هێندێک شێوازیش هەن شەپۆلی خێرای فکر و بیرکردنەوە دەخولقێنن وزوو دەنیشتەسەر گەڵاڵەی شیعر و لەکەمترین مەودا، وێنەلە شیعردا دروست دەبێ ئەم وێنەیە ڕەنگە هونەری وجوانیناسانە بێ، وەکوشیعرەکانی سوارە و هێندێک لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت، ویدەچی هێندێک وێنەش ڕژد وبەر هەڵستکارانە خۆ بنوێنن وەکو شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو ئەوئەزموونە جیاوازانە بۆ شاعیرێکی وەکو مارف ئاغایی لە شێعردا، "زەوی سەخت وئاسمان دوور دەکەن" هەتا شاعیر بتوانی پردێکی قایم لە نیوان دیاردەکانی ئاسمان وزەوی هەڵبەستێ بە جۆرێ کە باڵانس وهاوسنگەیەک لە نیوان ئەو دیاردانە وەبەرچاو بگیرێ بۆ وێنەسازیش ئەوەکارێکی هاسان نییە هەم دەبێ لە ڕووی چەمکەوە مانا دروست بکرێ وهەمیش وێنە دارێژرێ بە جۆرێک کە دەبێ وێنە نەناسراو، بکرێ بویە شیعر دەبێ لانی کەم زیاتر لەیەک وێنەی تێدا وێنا بکرێ ئەوەش لەڕێگای ئامادەکارییەکی وەکو چەمک ومانایەکی پارادۆکسیکاڵ مەیسەر دەبێ:

زەوی سەر سەوز و ئاسمان دوور
وە تۆسەرخۆش
لە نێوان ئەرز و ئاسماندا
"زەوی سەخت وئاسمانیش دوو
وە من ماندوو
لەنێوان بەرد وباراندا "ل٦٢"

لەم شیعرە دا ئەودژەمانایانە لەدووبرگەی جیاوازی وێنەیی دا دەبینرێ"

من ⟷ تۆ   زەوی سەرسەوز ⟷ زەوی سەخت
ئاسمان ساف ⟷ ئاسمان دوور = بەردو باران
من ماندوو ⟷ تۆ سەرخۆش

**هونەری وێنەسازی لەشیعر دا بە چەند شیوە دێتەبەرچاو :**

١–یەک لایی یان ناسراو"متعارف"ئەم جۆرە وێنانە لە شیعری سادە یان ئەوشیعرانەی چەمکی سادە وخۆماڵیان هەیەوەک شیعرەکانی ڕیالیستی کەزیاتر مەبەستی ئامۆژگاری و لایەنی ئەخلاقی وجوانیان تیدا گونجاوە وەکو شیعرەکانی فایەق بێکەس وقانع وگۆران و... یان ئەوشیعرانەی حاڵەتی مەنزومەیان هەیە و وەسفی وریوایەتین وەکو مەموزینی خانی یان یان بەیت وحەیران لە ئەدەبیی زارەکیدا وێنەکان زیاتر وێکچوونی یان ڕیالیستین لەم شیوەدا هرچەند وەسف ورویەت بە پێز بێ ئەوەندەش دەتوانی چێژبە خوێنەربدا

٢–چەند لایی ونەناسراو: ئەوبەشەی وێنەسازی لە شیعردا بە هوی هەبوونی کەرەسەکانی شیعر وەکو خوازە، ئیهام، تەلمیع وجیناس و..پێوبستیان بە خوێندەوەنی زیاتر وتێفکرینی باشتر هەیە لە ئەدەبیی کلاسیکدا شیعرەکانی، نالی، ،مەحوی، وەفایی و... لە شیعر وچەمکی نویشدا شیعرەکانی شێرکۆبێکەس وپەشێو و...جێگەی سرنجن.

٣–دارشتنەوەوکۆلاژبەندی:لەوبەشەی وێنەسازیدا وێنەکان لەو چەند برگە یان بەشی هاوپەیوەند، دارشتنەوەی نوییان بۆ دەکرێ ئەم وێنانە خەت ونیشانی تایبەت بە خۆیان هەیەلەئاستی ئاسایی خویاندا دوور دەبنەوە ودەگۆڕدرێن ومانایەکی تر پەیدا دەکەن وپتر مانایان لی دەسڕێتەوە وقوڵتر دەبنەوە شیعرەکانی ئەوبەشە لەم شیعرنوێیانەی لە ژمارە دوودا ئاماژەم پێکردن وبەشێک لە شیعرەکانی مارفی ئاغایش لەو بەستێنەدا پۆلین بەندی دەکرێن

زمان بەشێک لە ئەزموون وکەرەسەی شیعر:

کەڵک وەرگرتن لە کەمترین وشە بەزۆرینەی کارکردی زمانی ئەزموونێکە مارف ئاغایی وەبەرچاوی گرتووە چونکە وشەکان چەند دەنگیی و چەند مانایە دەدەن هەم مانای وێرایی"ضمنی" وهەم مانای قوڵی لێدەکەوێتەوەئەوەش دەبێتە هێزی جادوویی:

گەڵایەک وەری/ خەستەبارانێک / تەرمی شوشتەوە
قەڵشێکی زەوی:/ مەرقەدێکی ون
شەهید دەنێژرێ:/ بێ کفن ودفن

زمان سکار وبێ گرێ وگۆڵە بەڵام هەڵگری وێنەیە یان بە چەند وشەیەک لە گەڵا وباران وشەهید وزەوی ناوەرۆکێکی بە پێز دادەرێژرێ و وەسفێکی سروشتی بە گیان وەبەرنان "بزاڤ وجولەیەک بۆ شیعر دروست دەکرێ. زمانی شیعر زمانێکی وێنەییە بەوشەی ناسراولە زەمان ومەکانێکی نەناسراو وەکوییتی "ک" لە وشەکانی گەڵایەک، بارانێک، قەڵشێکی، مەرقەدێکی وزیدەکردنی "ون" بۆ بەستنەوەی سەروایەکی ڕێککەوتوو لە کۆتایی شیعردا، بەکارهێنانی ئەو تکنێکانە وا دەکا، شێعر هەم وێنەیی بێت و هەم مانابەخش بێت.



## وێنەیەکی دەگمەن و مێژوویی لە شاری ورمێ



هەولێر. موحیب مەهابادی

زستانی ساڵی ١٩١٣ی زایینی و ١٢٩٢ی هەتاوی، مەراسیمی کردنەوەی قوتابخانەی کوردی، دانیشتوو لەچەپەوە: عەبدوڕەحمان بەدرخان لە پاشازادەکانی باکووری کوردستان، چێرخۆف یارمەتیدەری کونسوڵی ڕووسی، شەهید سماعیل ئاغای سمکۆ ڕێبەری نەتەوەیی کورد، پێترۆس ئەفسەری ئاسووری سریانی ڕووسیە و سورمە خانم مودیری قوتابخانەی فەرانسەوی خەڵکی تەفلیس و خوشکی مارشرمون کونسولی ڕووس لە شاری خۆیە، پێشکەشتان هاوڕێیانی هێژا و دڵسۆزی نیشتمانی کوردەواری.

## ئەم شێعرەم لە لایەن هونەرمەند سمایل ماملێ وەرگێردراوە بۆ زمانی فەرانسی:

هەولێر. موحیب مەهابادی

ساتە وەختێکە
پێویستی نییە
هیچ بخوێنیەوە
یا هیچ بنووسی
هیچ شتێک بڵێی
لە هیچ گوێ بگری
یا هیچ بروانی،
تەنیا کافییە
مەحوی یادێک بی!

Parfois, ce n'est pas nécessaire
ne rien lire ou ne rien écrire
Ou dire quelque chose ou entendre
quelque chose
Ou ne cherche nulle part
Il suffit d'être submergé de mémoire



هەولێر. موحیب مەهابادی

شازادە مریەم فیرووز نەوادەی فەتحعەلیشای قاجار و هاوسەری نورەدین کیانووری سکرتێری گشتی حیزبی توودەی ئێران، لە یەکێک لە وتووێژەکانی خۆیدا دەڵێ:

"لە نێوان تەواوی ڕێبەرانی دوورخراوەی جیهان کە لە مسکۆ دەورانی ژیانی دوورخراوەیی خۆیان بردە سەر، تەنیا مستەفا بارزانی مووچەی پەنابەریەتی وەرنەدەگرت و خەرجی ڕۆژانەی بەکرێکاری، دابین دەکرد. بەڕای من، لێهاتووترین ڕێبەری سیاسی جیهان بوو کە جیا لە پێشنیارەکانی سۆڤییەت، تەنانەت هەنگاوێک لە ئامانجەکانی خۆی پاشەکشەی نەکرد"،

ڕووحی شاد و یادی هەرمان بێت، لەگەڵ دوو وێنەی دەگمەن مێژوویی لە بارزانی نەمر و شازادە مریەم، پێشکەشتان بێ هاوڕێیانی هێژا و دڵسۆزی وڵاتی کوردستان.



هەولێر. موحیب مەهابادی

کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە، دانیشتووانی ئەم خاکە بەپێی توانایی هەر کامەمان گەر شتێکمان لەدەستدی نابێ منەت لە سەر ئەوانی دیکە بکەین، ئەگەر زانیتان کەسانێک کاریان لەدەستدێ، لێگەڕێن با بیکەن، بەرد مەخەنە سەر ڕێیان، گرفتی بۆ دروست مەکەن. ئەگەر من بەرپرسیاریێتی گەورەم نەبووایە ئێستا لە ژێر حوکمی سێدارەدا نەدەبووم، بە خاتری ئەوە منەتتان بەسەردا ناکەم،

بە قەولی سەعدی دەڵێ:

مراد ما نصیحت بود و گفتیم / حوالت به خدا کردیم و رفتیم،

هیوای ئێمە ئامۆژگاری بوو گوتمان، بە خوادم ئەسپاردن و ڕۆیشتم!. . .

بەشێک لە وەسییەتنامەی پرواتا و وێنەیەکی دەگمەنی شەهیدی نەمر "پێشەوا قازی محەممەد" لە ساڵی ١٩٣٦ی زایینی و ١٣١٥ی هەتاوی لە شاری سەربەرزی مەهاباد، ڕووحی شاد و یادی هەرمان و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێت، پێشکەشتان هاوڕێیانی هێژا و دڵسۆزی خاکی پاکی کوردستان.



# تایبەتمەندی زمانی، ئەدەبی و هزری شێعری پەژار

(تێڕوانینێک بەسەر دیوانە شێعری مامۆستا عەبدوڵڵا ئەحمەدی)



شنۆ. د.عەلی ڕەزا محەممەدنیژاد

**کورتە**

پەژار(١٣٢٧–١٣٩٩) بەزمانی کوردی و هەروەها لە فەزای ژیانێکی کوردەواری و مامۆستایی بە ڕوانینێک لە ژیان بەگشتی و قۆناخی مێژوویی ،کۆمەڵایەتی و کولتووری شێعری هۆنیوەتەوە. شێعرەکانی لە بەستێنی ڕوناکبیرانە، پەروەردەیی، ئایینی، عیرفانی و نەتەوەیی بێ بچم یان گرتووە. ئەم وتارە بە پێی میتۆد و شێوازی وەسفی –شیکاری لە سەر ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندی زمانی، ئەدەبی و هزری شێعری پەژار(نەک شێواز و پێکهاتەی شێعری) بە تێبینی و تێڕوانینێک بەسەر دیوانە شێعرەکەی دا ، چەمکەکانی ژیانی مرۆڤی کورد بە گشتی و ژیانی شاعیر بەتایبەتی پشت ڕاست دەکاتەوە

وشە گەلی سەرەکی :ژیان، شێعری کوردی، پەژار، شنۆ



**پێشەکی**

کە لە ژیانی مرۆڤی کورد ڕا دەمینی، نەهامەتی، نەبوونی، دژواری، تەنگ و چەڵمە، لەمپەرەکان خۆ دەردەخەن. زەین بە هەست کردن و دەرکی ڕاستییەکان، بە خوێندنەوەیەکی قووڵ ڕاڤە و شیکاری ئەنجام دەدا. فەرمانی مانەوە و ڕووبەڕوو بوون لە هەم بەر گرفت و پرسەکان دەدا و مرۆڤ بە خۆ ڕاگری ڕادەوەستێت و فێری بەرخۆدان دەبێت. یان ئەوەی کە تا و توانایی ڕاوەستانی نابێت و دادەبڕێت. بەو جۆرە ژیانی ڕۆژانە، بۆ هیندێک لە مرۆڤەکان ژیانێکی خۆش و بێ کێشە و گرفتە و هەندیکیش ژیان دەیانکوژێ؟!

وێنە و ئیماژی کتێبی شێعری، زۆر لە شاعیران ڕەنگی ژیانیان پێوە دیارە، دەکرێت سەبارەت بە پێکهاتەکانی ژیان شەن و کەو و شیکاریان بۆ بکرێت. لەو وتارەدا، پرسی سەرەکی، تێڕوانین و توێژینەوە لە سەر"دیوانی شێعری پەژار(١٣٢٧–١٣٩٩)ە، هەتا ڕوخساری شێعری کتێبەکە بکرێت و لە دەق و ناوەڕۆکی شێعرەکان لە قالبی بابەتەکانی ژیان بکۆڵینەوە. شێعری پەژار(مامۆستا عەبدوڵڵا ئەحمەدی) بەزمانی کوردی و هەروەها لە فەزای ژیانێکی کوردەواری و مامۆستایی بە ڕوانینێک لە ژیان بەگشتی و قۆناخی مێژوویی ، کۆمەڵایەتی و کولتووری شێعری هۆنیوەتەوە. شێعرەکانی لە بەستێنی ڕوناکبیرانە، پەروەردەیی، ئایینی، عیرفانی و نەتەوەیی بێ بچم یان گرتووە. ئەم وتارە بە پێی میتۆد و شێوازی وەسفی –شیکاری لە سەر ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندی زمانی، ئەدەبی و هزری شێعری پەژار(نەک شێواز و پێکهاتەی شێعری) بە تێبینی و تێڕوانینێک بەسەر دیوانە شێعرەکەی دا ، چەمکەکانی ژیانی مرۆڤی کورد بە گشتی و ژیانی شاعیر بەتایبەتی پشت ڕاست دەکاتەوە پرسیاریش ئەوەیە تایبەتمەندی زمانی، ئەدەبی و هزری شێعری پەژار بە چ شێوەیەکە و ژیان چۆن دە شیعری پەژار دا ڕەنگ دەداتەوە؟

**ژیانی پەژار:**

حاجی مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدی(١٣٢٧–١٣٩٩) بە نازناوی "پەژار" لە دایک بووی ساڵی١٣٢٧ی هەتاوی لە ئاوایی دوڕبەی ناوچەی دەشتەبێڵ سەر بە شاری شنۆ، زانای ئایینی و بلیمەت، شاعیرێکی بە سۆز و هەستی کوردەواری بوو کە تەواوی عومری بە پەرۆشی گەلەکەی تێ پەڕاندووە.

هەر وەکوو خۆی لە سەرەتای دیوانەکەی دەنووسێت:"دانیشتووی شنۆی شیرینم کە لام وایە بەهەشتی ڕووی زەمینە.کوڕی حاجی مەلا حوسێنی (ئەحمەدی)م. لە قەبیلەی ئارونی و تایفەی بوڕژانی عەشیرەتی باڵەک، دیارە باوکم لە ساڵانی ١٣٢١هەتاوی(١٣٦٢ق)لە عێراقەوە بە هۆی خوێندن ڕوو لە ئێران دەکات دەبێت لە دەورانی موستەعیدی دا بووبێت، بۆ خۆی ڕوستەیی ئەسڵە، گوندێکی مەشهووری دۆڵی ڕوستێ یە لە ناوچەی باڵەک" (پەژار، ١٤٠٢، ل١)

هەروەها مامۆستا دەفەرمووێت:"ساڵی١٣٣١ی هەتاوی ماڵمان باری کرد بۆ گوندی سیاوان و هەر لەوی لە حوجرەی باوکم دەستم بە فەقێیاتی و قورئان خوێندن کردووە. لە خزمەت باوکم هەمووی عیلمەکانم هەر لەو حوجرەیە خوێندن. بەڵام لە کۆتایی و دواییدا ماوەیەک لە خزمەت مامۆستای بەڕێز، مەلائەحمەدی وەلزی لە گوندی حەسەن نووران سەر شنۆیە موختەسەرم تەواو کرد. پاشان چوومە لای مامۆستای بەڕێز قازی محەممەدی خزری لە شاری شنۆیە بۆ وەی چەند ڕیسالەیەکم مابوون بیانخوێنم. لەگەڵ تەفسیر و فەڕایزی شەرحی مەنهەج ئەوانیشم لە خزمەت ئەو بەڕێزە خوێندن و ئیجازەی مەلاتیم وەرگرت..." "(پەژار، ١٤٠٢، ل٣)

پەژار لە لە ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی لەگەڵ ئامۆزاکەی خۆی حاجیە خانم خەدیجەی ئەحمەدی هاوسەرگیری دەکات. بەرهەمی ئەو ژیانە سێ کوڕ و سێ کچ دەبێت.بنەماڵەی مامۆستا ئەحمەدی ڕەسەنایەتی، گەورەیی و خۆشەویستی پێوە دیارە. لە ئاکامدا ساڵی١٣٦٧ی هەتاوی هەتا ١٣٨٦ی هەتاوی مەلای مزگەوتی محەممەدییە مەشهوور بە مزگەوتی ڕەحیم زادە بووە و پاشان خۆی خانەنشین کردووە....

مامۆستا پەژار لە پاییزی ١٣٩٩ی هەتاوی بە هۆی نەخۆشی کوڕونا گەڕاوە خزمەت خولقێنەری خۆشەویستی. کۆمەڵە شێعرێکی بە نێوی "دیوانی پەژار" لە ساڵی١٤٠٢ی هەتاوی لایەن ئینتیشاراتی حوسێنی ورمێ چاپ بووە و کەوتوتە نێو کتێبخانەی کوردی.

**بابەتەکانی شێعری:**

بە گشتی بابەتەکانی سەرجەم ١٤٧ شێعری پەژار بریتین لە:

خێزان و بنە ماڵە(٪١٠/٢٠)نیشتمانی و نەتەوە(٪١٢) داب و نەریت(٪٩/٨٨)، کۆمەڵایەتی (٪١٥/٦٠)، عەشق و ئەوین (٪١٥/٦٠)، ژیانی مەلایەتی(٪١٠/٨٨)، ئایینی (٪١٧/٦٨(، خوێندن و قوتابخانە( ٪٢/٠٤)، مەرگ و ژین(٪٣/٤٠)،وەرزەکانی ساڵ(٪٢/٧٢).

شاعیر لە ڕاستیدا لەگەڵ واقیع و پرسەکانی کۆمەڵگادا لە دایک بووە، لەژێر کاریگەری پرسەکانی کۆمەڵگای دابووە و کاریگەریشی لەسەر هەبووە. هەرچی سەربوردەی بووە، دە بابەتەکانی ڕەنگدانەوەی داوەتەوە. ئەوەش هۆکارێکە بۆ توێژینەوە و تێڕوانین و تاوتوێی زمانی و بیرکردنەوەشی ، بیرکردنەوە و خەیاڵ و هزری شاعیر بە زمان، و ناوەڕۆک و فۆرمی شێعری شاعیر خۆ دەنوێنێت.

پەژار بە زمانی شێعر، هزری خۆی لە قالب و شکڵی بابەتە جۆراوجۆرەکانی ژیانی پێنووسی وە جووڵە خستووە و کوڵی دڵی زەینی پێ دامرکاندووە. سروشت و ناخی شێعری پەژار تێکەڵاوێکە لە ئەوین، ئایین، ژیان، ڕاستییەکانی کۆمەڵگا و هەرچی هەیە و خولقان دوو بە بابەت گەلی بەرچاوی ژیانییەتی و ئەو خواست و ویست و نیازانەی کە دەمێک لە ژیانی شاعیر دابووە. زەین و زمان وەکوو دوو پایەڵەی شێعری پەژار، پەیام و وێنەی شێعری پێ خولقاوە. ڕەنگە شێعری پەژارە تەنیا شێعری پەژارە و هونەری خۆیەتی و بە زەینی خولقێنەر و بیری پڕ لە سۆز و دڵسۆزانەی بێ چمی گرتووە. بە چاو خشاندنێک لە سەر بابەتەکانی شێعری لە پێکهاتەی بیر و هزری پەژار باشتر دەڕوانین.

## ١.زێد ونیشتمان(شاری شنۆ، عەفرین و....)

مامۆستا پەژار لە سەرەتای دیوانە شێعرەکەی دەنووسێت: "دانیشتووی شاری شنۆی شیرینم کە لام وایە بەهەشتی ڕووی زەمینە.ئەگەر، بە چاوی من چاو لێ بکەن دەڵێن حەدیس و فەرمایشی پێغەمبەری نازدارە کە فەرموویەتی(حب الوطن من الایمان)خۆشەویستی وەتەن لە ئیمانەوەیە. نیشتمان خۆشەویستی، بەشێکی ئیمانی مرۆڤەکانی جیهانە ئەگەر وانە با، دەبووایە زۆر جێگا چۆڵ بان لە هەندەران دوور بان لە ئاوەدانی و کشت و و کاڵ بێبەری بان""(پەژار،١٤٠٢،ل١)

باسەکەم باسی شنۆیە خۆش وەتەن شاری شنۆ  کۆنە مێژووت پێش میلادە هەر بژی شاری شنۆ

...

دا مەن و دە وەرەی بە باغن دڵ ڕفێن بۆ سەیر و گەشت  سەوز و دڵگیر کێو و دەشتی، وەرنە ناو باغی شنۆ

(ل ١٨٤)

پەژار گشت شارەکانی کوردستان بە زێد و نیشتمانی خۆی دەزانی، لە شێعری"ئەردۆغان و تاوانەکانی" هەڵوێست بە داگیرکردنی زێد و نیشتمانی خۆی نیشان دەدا و قەیرانی ئەو داگیر کارەیە وەسف دەکات گلەیی و گازندەی خۆی دەردەبڕی.

عەفرین شاری کوردانە زۆرینەی موسڵمانە  هێرشی کردوویەتە سەری، ئەو تورکە ئەردۆغانە

(ل ١٨٥)

نیشتمانپەروەری و نیشتمان دۆستی گرنگییەکی ئەخلاقی و کولتووری و ئەرکێکی ئەخلاقی و بەهایەکی بەرزی کۆمەڵایەتییە کە شایەنی ڕەچاوکردنە. ئەم پرسە لە کۆمەڵگای تاک گەرای هاوچەرخدا گرنگە کە شارۆمەندی بەرپرس، وەتەن و زێدی خۆی خۆش بوێ و لە پاراستنیدا خۆی بە بەرپرس بزانێت و تەنانەت گیان و بوونی بۆ دانێ. چونکە بنەمای هەر کۆمەڵگایەک پێک دەهێنێت، کە ڕەگ و ڕیشەی لە وابەستەیی و پەیوەست بوون بە گروپ یان هەستی ئەندامێتیدایە. بۆیە بە بەهێزکردنی، دەتوانرێت ڕێکوپێکی و تەبایی کۆمەڵگا زیاتر بکرێت. لە ڕوانگەی نەخۆشی ناسییەوە "بێباکی وەک جۆرێک لە نەخۆشی کۆمەڵایەتی ناسراوە؛ لە لایەکی دیکەوە هەر ڕەچاوکردنی کۆمەڵایەتی و خۆبەخشی لە ژیانی تاک و کۆمەڵایەتیدا نیشانەی دینامیزمی کۆمەڵایەتی و تەندروستییە".

زۆرێک لە ئایینەکان و بەها ئایینییەکان هەمیشە هانی ئەوەیان داوە و پێشنیازیان کردووە. ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی پێویستی بەوەیە کە ئامانجە گروپییەکان و بەها کۆتاییەکان لە پێش ئارەزوو و پاڵنەرەکانی تاکەوە بن. بۆ نموونە لە فێرکارییە ئیسلامییەکاندا خۆشەویستی بۆ مرۆڤ و نیشتمان دۆستی زۆر پێشنیاز دەکرێت و تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا بە هاوواتای ئایین دادەنرێت.

## ٢.ژن و خێزان:

یەکێ لە بابەتەکانی ژیان دە شێعری پەژار دا ژنە. ژیان بەبێ ژن مانای نییە. ماڵ بە ژنەوە ماڵە. لە شێعری "ژن و ماڵ" بە وەسفی ژن دا دێ دەڵێت:

ژن کە ژن بێ ژان نە بێ وەک چرایە وشەمعی ماڵ  ماڵی بێ ژن جیسمە بێ گیان کا سەرایە کوانێ ماڵ

بۆ ژنی دیندارە پێگا و خانوویەکە و هەم حەسار  چونکە هەر ئەو پێشەوایە بۆ خێزان و بۆ مناڵ

مەدرەسە و فێرگەی مناڵە هەر لە ئەوەڵ تا دە ساڵ  ڕێ نیشاندەر بۆ مناڵی ئەو لە دەرەوە هەم لە ماڵ

(ل ١١٠)

لەسەر مافی کچی کوردی شۆخ و شەنگ لە شێعری" کیژی دۆڕاو لەگەڵ پیر" لە لاپەڕەی ١٨١ باسی گرفتێکی کۆمەڵایەتی ژیان دەکات کە زۆر جار کچێکی گەنج گیرۆدەی ژیانیکی نا هاوسەنگ و کەسێکی نەگونجاو دەبێت . لێرە پەژار ئەو بابەتە بە درفەت دەزانی و لە سەر مافی ژن دەوەستێت و پەروەردەی کچان دەکات بۆ وشیاری و ئاگادار بوونەوە، کە ژیانی ڕاست و دروست ئەوەیە" گوڵ بۆ بولبول جوانە هەردەم، نەک بە ڕەنگ و دەنگی قاز" بەڵام لە شێعری " باوەژن" ژیانی منداڵی بێ دایک وێنا دەکا و زڕدایکێک ژیانی دوو منداڵی تاڵ کردووە. دە و شێعرە دا پەژار لایەنی ناحەزی مرۆڤێک نیشان دەدا کە ژن دەتوانێ دایک بێ یان زڕدایک واتە ژیان بێ یان ژان.

بە گشتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی یەک جەستەیە. ژن و پیاو پێکەوە جوانن. لە هەمان کاتدا میهرەبانی گەورەترین خەڵاتی مرۆڤە بۆ مرۆڤێکی تر. میهرەبانی، خۆشەویستی، ویژدان، خۆبەخشی ئاراستەکردنی کردارێک لە کەشوهەوای کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا پەیوەندی بە پەیوەندییەکان و چوارچێوەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. بیروباوەڕ و کارلێکەکانی تاک بە کردنەوەی جیهانی مرۆیی و ئەخلاقی لەبەردەم ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان، مەیدانی گەشەکردنی ئەو جۆرە ئاراستەیانە بەهێز دەکات. هۆکارە کولتووری و کارلێککارەکان پاڵنەرن بۆ ئەوەی مرۆڤەکان ڕەچاوی باشی و پێداویستییەکانی یەکتر بکەن. بەو پێیەی ئێمە لە کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیدا دەژین، بەپێی ئەم جۆرە ژیانە لە کۆمەڵگادا بەرپرسیارێتی لەسەر شانی ژن و پیاو هەیە.

## ٣ .نەتەوەی کوردی:

لە شێعری وە سییەت نامە بە هوییەت و شوناسێکی کوردانەدەڵێ:

کوڕم وە سییەتم بۆتان پاش مردن | وەک باوکی خۆتان ئێوەش کە کوردن
دەزانم وەک من خاوەنی دەردن | بە ئێش و ئازار بە دڵ و مەردن

(ل ١٣٠)

لە ڕوانگەی پەژار، پەروەردە، منداڵ دروست ناکات، بەڵکوو وای لێ دە کات لە ڕێبازی مرۆڤایەتیدا گەشە بکات، مرۆڤ بوونیش دەرەنجامی لۆژیکی پەروەردەی دروستە. پەروەردە پێویستی بە سۆز و خۆشەویستی هەیە، لە ژێر ڕۆشناییدا مامۆستا خوێندکار دەگەیەنێتە گەشەکردن و کامڵبوون و بەنرخی دەکات. بۆیەش وەسییەتی بۆ دەکات و بڕوای وایە نەتەوەکەی دەبێ لە ژێر باری پەروەردە داب ونەریتی کوردەواری بپارێزی. بۆیەش لە شێعری" کەلەپوور" دەڵێت:

داب و دەستووری کورد و کوردستان | لە جل و بەرگ و کەرەستەی ژیان
بۆتان بەیان کەم یەک بە یەک لەوانە | تایبەت بە کورد بوون لە ناو بێگانە

(ل ١٤٦)

پەژار لەو شێعرە دا باسی جل و بەرگی کوردەواری دەکات کە هێما و نیشانەی نەتەوە بوونیەتی. تایبەتمەندی جل و بەرگی ژن و پیاوی کوردی پی نیشان دەدا. ڕەسەنایەتی،بێ عەیبی، جوانی و بە ئەدەب بوون لە تایبەتمەندی جل و بەرگی کوردییە. ئەو جل و بەرگە شیاوی کورد دەبینێت و داوای پاراستنی دەکات،

پەژار دە شیعرەکانی دا بە ڕێژەی ٩/٨٨٪لەسەر داب و نەریت و ڕێژەی٦٠٪/١٥لەسەر بابەتی کۆمەڵایەتی نووسیویەتی.ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کورد پڕە لە کردەوەی گەورە و بچووک، لە دەستگرتنی کەسانی نامۆوە تا پارەدان بە بێ ماڵان هەتا هەرەوەز و یارمەتیدا بە یەکتر بێ چاوەڕوانی. لێبوردن، هەڵسوو کەوت، سەردان، سەرەخۆشی و پرسە، شایی و شین، خێر و چاکە کردن و بگرە دەیان بابەتی تر هێمای ژیانن لە کۆمەڵگای کوردەواری . هەرچەندە ڕەنگە ئێمە ئاشنا ببین بەم ئاکارانە، بەڵام دەروونناسە کۆمەڵایەتییەکان ئارەزووی ئەوە دەکەن کە تێ بگەن بۆ چی ئەوانە ڕوو دەدەن؟ چی پاڵنەرە بۆ ئەم کردەوە میهرەبانیانە؟ چ هۆکارێک وا لە مرۆڤ دەکات ئا وا بکات؟ هاوپێوەندی و پێکەوە ژیان یەکێکە لەو لایەنانەی کە دەروونناسانی کۆمەڵایەتی بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ناوی دەبەن. ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ هەر کردارێک کە سوودی بۆ کەسانی دیکە هەبێت. ئەو داب و نەریتە جوانانەی کوردەواری و کردارە کۆمەڵایەتی یەکانی کوردەواری نیشانەی ئاوەز و عەقڵانییەتی ژیانن.

پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکان مرۆڤی بەرەو "ژیانی کۆمەڵایەتی" بردووە، بە جۆرێک بۆ ئەوەی سوود لە خزمەتە مادی و مەعنەوییەکانی ئەوانی دیکە وەربگرێت، پێویستی بە پەیوەندیکردنە لەگەڵیان، بۆ بەردەوامیی پەیوەندی و ژیانی بەکۆمەڵ پێویستی بە ڕێسا و یاسا هەیە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا؛ چونکە بەبێ ڕێسا و پابەندبوون پێیەوە بناغەی ژیانی کۆمەڵایەتی دەڕووخێت. بۆیە پێویستە گرنگی بدرێت و پرەنسیپەکانی بەڕێوەبردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ مرۆڤەکان لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا جێبەجێ بکرێت، وە واجبە لەسەر هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا کە پەیڕەوی نوورم و بەها و یاساکانی کۆمەڵگا بکەن. ئارەزووی مرۆڤ بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەوانی تردا دەربڕینێکی فراوانی هەیە. ئەگەر لە سەرەتای مێژوووەوە لە کاریگەرییەکانی فراوانبوونی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ یەکتر بکۆڵینەوە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە مەیلێک هەیە بۆ دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی پەیوەندی دوو لایەنە لە مرۆڤدا.

ئەگەر کۆمەڵگا وەک کۆمەڵێک کەس، پێناسە بکەین کە پەیوەندی هاوبەشیان لەگەڵ یەکتردا هەیە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان، ئەوا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە "سێ توخمێکی بنەڕەتی و سەرەکی لە لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگادا هەن: مرۆڤەکان، پەیوەندییەکان و پێداویستییەکان". لەم پەیوەندییە گشتییەدا ئەوەی لە هەمووی گرنگترە و ئەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە جۆرەکانی تری کۆمەڵگا جیا دەکاتەوە، بوونی پەیوەندی و کارلێکەکانی نێوان مرۆڤەکانە. لەو شوێنانەی کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک هەبن و تەنانەت هەموویان پێویستییەکی هاوبەشیان هەیە بەڵام پەیوەندی و کارلێک لەگەڵ یەکتردا ناکەن، ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە گرووپێک (بە مانای ڕاستەقینەی خۆی) و لە ئاستێکی گەورەتردا کۆمەڵگایەک دروست بووە.

لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا میهرەبانی، بەزەیی، مرۆڤ دۆستی، نیشتمان پەروەری و هاوسۆزی، یارمەتیدانی کەسانی تر بە یەکێک لە بنەماکانی مرۆڤایەتی دادەنرێت

زانایانی بایۆلۆجی، کۆمەڵناس، ئابووریناس و دەروونناسە کۆمەڵایەتییەکان ئەم چەمکەیان تاوتوێ کردووە و پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ کردووە. هەندێک کەس خۆبەخشی،ئەرکداربوون، دڵسۆزی بە ڕەفتارێک دەزانن کە سوودی بۆ کەسێکی تر یان باشتر بڵێین بۆ کۆمەڵگا هەیە.ئەوجۆرە ڕەفتارانە دەشێعری پەژار بەرچاون.

### ٤ .خوێندن و قوتابخانە

ئامانجی باڵای پەژار لە بواری پەروەردەدا بەدەستهێنانی متمانە بە خۆبوون و ئیمانە. دیارە مرۆڤە باوەڕدار و متمانە بە خۆبووەکان هەم بۆ بنەماڵە و هەم بۆ کۆمەڵگا سوودبەخشن. کەواتە لەسەر ئێمەیە کەمتەرخەم نەبین لە پەروەردەدا بۆ ئەوەی منداڵەکانمان بە ئایینی و خوداپەرست و ڕەوشت باش و خۆبەزلزان و ڕاست و دروست و چەقبەستوو گەورە بین. پەژار لە بواری پەروەردەدا باسی "مەدرەسە" دەکات کە هێمای پەروەردە بارهێنانە. پەژار ئارەزووی فێر بوون و زانایی ڕەگەزی مرۆڤە. ژیان بە زانایی و ژیری و عەقڵەوە بە بەختەوەری دەزانێت.

ڕۆڵەکەم ئەی چاوەکەم تێ کۆشە بخوێنە بەسە | خوێندنە جەوهەر لە بۆ تۆ هەر وەها یار و کەسە
دەست کیفیکی برۆ ڕوو بکە مەدرەسە | دوور کەوە گیانە عەزیزم لە نەزانی و وەسوەسە
..... | .....
خۆشی دونیا و ئاخیرەت گست دێتە بەر نووکی قەڵەم | هەر قەڵەم شا هی جیهانە بۆ عەرەب و هەم عەجەم
ئەحمەدی تەشویقی کوردت گەر بکەم من زۆر و کەم | ئاخرت خێرە و دیارە لا دەچێت دەرد و ئەلەم

(ل ١٠٥)

### ٥ .مەرگ:

پەژار ژیانی پێ خۆشەو مەرگ لە هەم بەر ژیان دادەنێت.لای وایە کۆتایی ژیان، مەرگە و کەس لە دەستی ڕزگار نابێت.پاش مردنیش لە ژیان دەپرسنەوە و مرۆڤ دەبێت بەرپرسیاری ژیانی بێت. کەواتە ژیان و چۆنیەتی ژیان لە بیر و هزری پەژار گرینگترە لە مردن. ژیانی هەوێن و کاکڵی بوونی مرۆڤە و مرۆڤ بۆ ژیان دروست کراوە.

ئا ئەو مەرگە بۆ وا تاڵە قووڵە و بی بنە و ئەو چاڵە
کەسم نە دی پێی بوێری پێی دا بڕوا و هەڵنەدێری
شا و گەدا و زانا و نەزان لە لای یەکە غولام و خان
کێیە خلاس بی لەو مەرگە ئەوەی ژیرە و زۆر بە جەرگە

(ل ٧٩)

### ٦.ڕەوتی ژیان

ژیان رەوت و پرۆسەیەکی گرنگە، کە تەنیا یەکجار دەرفەت دەداتە مرۆڤ! بڵێند ونەوەی هەیە. پەژار لە شێعری "جێ وێنەم" ئاوا خۆی دەژیان دا وەسف دەکات.

بە یادگاری ئەو وێنە کۆنە بۆتان دەنێرم زۆر ساف و ڕوونە
کاتی گەنجیم بوو بۆی بە حەسرەتم ئەوەی پیریمە و هەر گرژ و مۆنە
بە چوونی ڕۆژگار وەها گۆڕاوە گوێ کەڕ و چاو کۆر لەڕووش چرژاوە
نەیبینی چاکە و کەڵکی بڕاوە باشە بە قوربان هەر هەندەش ماوە
کوا وەک یەکن هەر دوو وێنەی خۆم یەکێک وەک ئاغا و ئەویدی وەک دۆم
بۆیە بۆ گەنجیم حەسرەتی دەخۆم ئێوەش دڵسۆز بوون دەگریین لە بۆم

(ل ٩)

ژیان هەمیشە بە چێژ نیە. خۆش و ناخۆش بوونی هەیە. بە هۆی ئەوەی کە مەلا بووە، زۆر باش ژیانی مەلایەتی ناسیوە. بۆیەش مامۆستا ئەحمەدی بێ ڕیزی ژیانی مەلایەتی ئاوا وەسف دەکات:

لە مزگەوتێ هەرایە کە باس باسی مەلایە دەڵێن مەلای دەردەکەن شین و شەموو مام حەسەن
حاڵی مام مەلای وایە بی مەنزڵ و مەئوایە چەند مامۆستای بە مێژەر کەمین یان گرتووە یەک سەر

(ل ٣٣)

لە کۆتایی درێژەی دەدا و دەڵێت:

زانا و نەزان یەکسانە سوور و ڕەش بادمجانە ئەسەف لەو بەراوردە بێ دەرمانە ئەو دەردە
با زوو هەستین لەو خەوە یەکگرتوو بین پێکەوە دەنا وەک بڵقی سەر ئاو بێ شوێن دەبین و بێ ئاو

(ل ٣٥، ٣٤)

ژیانی مەلایەتی لە هەمان کات کە بۆ خۆش بووە، لە خزمەت ماندوو نابێ و تەنانەت پەژار خۆی کوڕی مامۆستایەکی بە نێو بانگ بووە. لەگەڵ حوجرە و مزگەوت و ژیانی مەلایەتی بەباشی ئاشنا بووە، لەگەڵی گەورە بووە. ژیانی بەو شێوەیە بووە و خەمی باشتر بوونی جێگە و پیگەی مامۆستایی هەبووە و لە چەندین شێعر بە زمانی گلەیی و گازندە و داوا و پەند خەمی خۆی بۆ چاکسازی و باشتر بوونی ڕەوتی ژیان ڕاگەیاندووە.

دوا گوتە و دەرەنجام:

ژیان دە کتێبی پەژار دا کاکڵی شیعرییەتە و هزری شاعیری پێوە دیارە. بە واتای تر وێنە و پەیامی شێعری مامۆستا پەژار، سەرچاوەی لە ژیانی ئەو شاعیرە گرتووە.شیعرەکانی سادە و ڕەوان و بێ گری و گۆڵن و ڕەنگی ژیانیان پێوە دیارە. ژیانی شاعیر بنچینەی بابەتی شیعرەکانە و دژواری، تاڵی، ئێش و ژان ، هەبوون و نەبوون، بی هیوایی، گلەیی و سکاڵا و حەز و ئارەزوویان پێوە دیارە.
کە دە چییە ناو لە دونیای بەرهەم و داهێنانی شاعیر، بیرۆکەیەکی ، زمانی و هزری پێوە دیارە. ڕەمزی مانەوە و هەرمان و یان مردنی دەق و شاعیرە. ئەوەش یارمەتی دەری شاعیر دەدەن بۆ ئەوەی وێنەی زیندووتر و بەهێزتر لە شیعرەکەیدا دروست بکات و خوێنەر لە ئەزموونێکی قووڵتر لە شیعرەکە و هەستی شاعیر نزیک بکاتەوە.
کاریگەری عەقڵ لەسەر شیعر واتە کاریگەری بیرکردنەوە و هەست و باری دەروونی شاعیر لەسەر ڕێگای دروستکردنی شیعر. لە ڕاستیدا شیعر دەرەنجامی ئەزموون و بیری قووڵ و هەستی نووسەرە. عەقڵی شاعیر، لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمان و وێنە و هەڵبژاردنی وشەکانەوە، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دروستکردن و بەرزکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ خوێنەردا هەیە. لەوانەیە ئەم کاریگەرییە بە گەیاندنی هەستی شاعیر، دروستکردنی وێنەی جوان، یان ڕێکخستنی وشەکان بۆ دروستکردنی کاریگەری دەنگی و زمانەوانی بەدەست بهێنرێت.
پێکهاتەکانی وێنەی شیعرەکە بریتین لە:
وێنە سازی: شاعیر بە بەکارهێنانی وشە و زاراوەی بینراو، وێنەی زیندوو و ڕاستەقینە لە مێشکی خوێنەردا دروست دەکات. ئەم وێنانە دەتوانن بینراو، بیستن، هەستکردن، بۆنکردن و تام کردن بن.

میتافۆر: شاعیر دەتوانێت میتافۆر بەکار بهێنێت بۆ پێشکەشکردنی وێنەی ناڕاستەوخۆ و سەرسووڕهێن بۆ خوێنەر. بە زۆری میتافۆرەکان لەسەر بنەمای هاوتەریبی، کۆنتراست، یان هاوتەریبی چاوەڕواننەکراو دامەزراون.

ڕەنگکردن: بە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە بە ڕەنگی جیاواز، شاعیر دەتوانێت وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و زیندوو لە مێشکی خوێنەردا بکێشێت. ئەم ڕەنگکردنە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی کاریگەری زیاتر لەسەر هەست و ئەزموونەکانی خوێنەر هەبێت.
تێکەڵاوبوون و نامەنووسی: شاعیر دەتوانێت وێنەی جیاواز لەگەڵ یەکتردا کۆبکاتەوە یان پەیوەندییەکی چاوەڕواننەکراو لە نێوانیاندا دروست بکات. ئەم پێکەوە گرتن و هاوتا بوونانە دەتوانن وێنەی نوێ و داهێنەرانە بۆ دروستکردنی شیعر زیاد بکەن.
وەسفکردنی وردەکاری: شاعیر بە وەسفکردنی وردەکاری و تایبەتمەندی جۆراوجۆر دەتوانێت وێنەی ورد و واقیعی لە مێشکی خوێنەردا دروست بکات. ئەم وەسفانە دەتوانن وردەکارییەکانی بینراو، دەنگی، هەستیاری و تەنانەت وردەکارییەکانی کات و شوێن لە خۆ بگرن.

سەرچاوە:
ئەحمەدی، مەلا عەبدوڵڵا(١٤٠٢) دیوانی پەژار، ورمێ :ئینتشاراتی حوسێنی، چاپی یەکەم

## گۆڕغەریب



مەهاباد. تاهیر عەزیزی

هەر شەو درەنگانی شەو باهۆز و زەمهەریری داخی ناخی کۆتەڵی تووڕەیی پەژیوانیم لەو چەپکە گوڵە دەسکردە ڕازاوانەی ئەو هەموو ساکارییەی دڵەی ساویلکەم لە تووڕەیی زستانێکی تووش زۆر تووش دەچێ، لەگەڵ شنە و سۆزی هەر نەرمەبایێ لە گەل هاژەی هەر چەم و ڕووبارێ، لەگەڵ جریوەی مەلی سەر هەر لقەدار و پۆپی مەندێ و شەنگەبیژایێ، لەگەڵ لەرینی نیگای هەر نیگارکێشێ، لەگەڵ تریقەی ناز وجریقەی ڕاز و شریقەی شۆڕابەی حەزێکی کرچ و کاڵ، کاڵ کاڵ کاڵتر لە خەیاڵێکی کاڵ و بریقە و ڕەنگی پوولەکەی یەک یەک ماسییە ئاڵ و والای مەندی زەریاکان، لە گەڵ قاڕوقوڕی مێگەل و بەرغەلی دانگەی پێش ماڵان، لەگەڵ دێڕ دێڕ دێڕەپیرۆزەکانی شرۆڤەی نیگای لاوێکی مەستی گەڕی شایی لە ڕوانین و وردبوونەوەی لە سینەی پاوان و پاوانەی ڕەنگارەنگی چاو خومارێکی شەتاوی هەتاو نەدیو، لە گەڵ شێ و تەڕی و چوزەری گیاوگۆڵی دانە دانە ڕەشانگەکانی سێبەری بەژنی کێوەبەرزەکانی وەرزی ڕەشەممەی دوایین خەفەتی دووری و دووربوونەوە، لەگەڵ یەک یەک ئەو گلمتکانەی دەخزێنە باوەشی چەڤینە ساف و ڕوونەکانی بەرقەد و بنار و خیسکان، لەگەڵ نارە نار و ئاوازی خەم تێزاوی شۆڕەژنێکی مەشکەژێنی دڵشکاوی حەز خنکاوی هیوا براو لە کازیوەی هەموو بەیانییەکی پولەکانی هۆبەکانی لای پۆلەکانی پاوانی پیرەسەنان، لە گەڵ هات و هووت وهەرای ڕاوچییەکی سەرراوگرتوو لە کاتی نزیک بوونەوەی نێچیری کلۆلی بێ دەرەتانی ئەجەل هاتوو، لەگەڵ قاسپەی خاسەکەوێکی شونگری سروشتی مەستی بێ فێڵی ئەویندداری بەری سێبەر بەرامبەر ماکەوێکی ناو قەوزی ناوکەڵکی ڕاوچییەکی کەڵەک بازی دڵڕەش،
لەگەڵ چرپە و جوڵە و هاژەی هەموو دیمەنێکی هەست تاسێن و خەمبارێن و تەمێژێن یاخود هەست بزوێن و جیلوەی دەلالی هەر بوونەوەرێکی ڕازاوە و سرنجراکێش دڵۆپ دڵۆپ ئاونگی هوونی هەناو دەڕژێتە سەر پەڕەی چاوەڕوانیی گۆڕغەریبێک...
ئایەت ئایەت ئەسرینی یادەوەرییەکان دەڕژێنە سەر ڕوومە و سینەی لاپەڕەناسکەکانی ناوەرۆکی پەرتووکی یاسا پیرۆزەکانی ئەشقی بێگەرد و کرچ و کاڵی لاوێکی لادێیی دڵ مێوی ساوێلکەی ڕانکوچۆغە لەبەر و جامانە لەسەر، پشتێند گرێچنی ئەنگوچک بەستوو، کڵاش لەبەری کەڵاش لەشان و کیژێکی دەلالی گوڵخەدەنگی هەوری لەبەری گێلگێلە لەسەر کە چاوانی تەژی تەژین لە وانەکانی ئەوین و پاکی و وەفا، هەرچی خۆشەویستی و سۆز و جوانی و ڕاستی و بێگەردییە پەنگاو دەخۆنەوە لە مەنداوی ڕوخساری سرنج ڕاکێشی دڵنۆشی پرنەخشی بێخەوشی...
چ زۆرن ئەو دەقە ڕۆمانسییانەی بە خوێنی دڵ و چاو بۆ کێلی گۆڕی گۆڕغەریبان غەریبانە لە غوربەت نوسراون و نەخشێندراون و گەردی غوربەت لە باوەش دەگرن و دەگرین و دەبارێنن هەردەم و کات ئارام ئارام یاسا و هێما و ویرد و پیرۆزییەکانی سوێندی ئەشق کاوێژ دەکەن بە دەم خەیاڵی خاوی هیوای گەڕانەوەیان بەڵام دەستاری ئاشێری ڕۆژگار بێ باکانە لە هارینی ئازیزان واژۆی نوێ بوونەوە و ئیلهامی هەرمانی خۆی وەردگرێت..

بۆکان. سەید یاسین و سەید محەممەد ئەمین قورەیشی







وەرگێڕ:هادی مورادی.

شەهید عەینولقوزاتی هەمەدانی.*

...ئەگەر بێژم کە هیچ کەسێک پەیا ناکەی-مەگین خوا خۆی کەیفی لێ بێ-کە بە تەواوی لە لەوتی[1]شوێن کەوتنی کوێرانە[2] پاک و بە دوور بێ، لەوانەیە ڕاسم گوتبێ.

خۆشەویستم!

شوێن کەوتنی کوێرانە تەبیاتی[3]دڵی مرۆ وەها خەسار دەکا کە نەتوانێ لە ئاشکراترین مەبەست تێبگەیێ.ئەمەش کارێکی زۆر سەیر و سەمەرەیە. دەغیلە!تۆ خۆت لەم عەیبە دوور خەرەوە.عەیبێ کە زۆربەی ئەو خەڵکە گیرۆدەین.

سەرچاوە:"خاصیت آینگی"ل:٢٤٩

*عەینولقوزاتی هەمەدانی(٤٩٢-٥٢٥ک-م)فەیلەسوف و نووسەری بیرواز و بیر بەرز و بوێر کە لە تەمەنی سی و سێ ساڵەیی دا تەنیا بە تاوانی بیروازی(ئازاد ئەندێشی) بە فێڵ و تەڵەکەی بیرکورتان لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی سەلجووقییەکانا لە دار درا.

١-لەوت:پیس،گەمار.

٢-شوێن کەوتنی کوێرانە:تەقلید.

٣-تەبیات:تەبیعەت،سورشت.

مەولانا،فیە ما فیە.

وەرگێڕ:هادی موڕادی.

جار جار تەمی خەم و خەفەت لە نێو دڵ دا دادەوەستێ
تەمێکی وا کە نە بە خەو نە بە گەڕان نە بە خواردن
لە دڵت نارەوێتەوە
ئارێ هیچێک نایرەوێنێتەوە مەگین
*دیداری دۆست*

هۆنەر:د.شەفێعی کەدکەنی.

وەرگێڕ:هادی موڕادی.

ئەم دنیا پان و بەرینە
کەیلە[1] لە ئازادی و شادی
ئەم دیوەزمە و دیوارە
کە بەر دیداریان گرتووە لەم ئاقارە[2]
گۆڕیان گوم کەن...

١-کەیل:پڕ، لیپاولیپ.

٢-ئاقار:دەور و بەر.

## گۆرانی دلۆڤانی

هۆنەر:فرێدوون موشیری

وەرگێڕ:هادی موڕادی

چەندە جوانە ئێمەش وەکوو بەیان پەیامی سەرکەوتن ڕاگەیێنین
لەگوڵی سوور و
گوڵی نوری
باخی بەرە بەیان بێنین.
چەندە جوانە،وەک خۆرەتاو گەوەر[1]ڕژێن و درووشن[2]
هەواڵی ئاسۆوە پڕ لە ڕووناکیەکان لە بۆ خەڵکی دنیا بێنین.
هەر وەکوو چۆن هەتاو لە سەر تەختی زێڕینەوە دێت و خۆ دەنوێنێ
با ئێمەش شای ئاوەز لە سەر تەختی زێڕینەوە دانێین.
چەندە جوانە بە دلۆڤانی،
دڵ لە کینە بسڕینەوە،
بە چرای هونەر
تاریکایی شەوەزەنگی ئەم دنیایە بتارێنین.

ئەر بارانی تیر بە سەرمان دا بیارێ
لە دلۆڤانی بە دەر لە زاری ئێمە هیچێک نەیتە دەر.
ئەر قسەی تاڵمان پێی بکەن،
بە قسەی شیرین بیاندوێنین.
وەرن،
وەرن،
با لەبری ئەم دنیا تاریک و لەوتاوە[3]
دنیایەکی گەشتر و خاوێنتر
لە بەربەیان بۆ خۆ وەدی بێنین.
مندە خۆشە هەر بە ئەوین
لە دڵی درووو گوڵ دەر بێنین.
بە سەربەرزی
ڕێگە و ڕێبازگەی زەمانە تێپەڕێنین

چ

١-گەوەر:دور،گەوهەر.

٢-درووشن:بریقەدەر.

٣-لەوتاو:ئالوودە.

# سێبەری هەزار کابووسی نەچنراو



سەقز. ف.ڕ.ئومێد

پێش ئەوەی کە لە ماڵێ وەڕێکەوم دڵەتەپەیەکی سەیرم هەبوو. چەن جاران سوار ماشینەکە ببووم و دابەزی بووم. دایکم کە لە پەنجێرەی ژوورەکەیەوە چاوی لەم کارەی من بوو، گوتی، ڕۆڵە چ رووی داوە کە بەم شێوەیە پەرێشانیت و هەر خەریکی سواربوون و دابەزینی؟ کورم نێوی خودای لێبێنە و بچۆ بە شوێن منداڵەکانتدا هەتا لەمە زیاتر چاوڕوانت نەمێنن. گوتم دایە زەنگیان بۆ دەدەم کە سوار تەکسیەک بن و بۆ خۆیان بێنەوە. دایکم گوتی، ڕۆڵە بەو نیوەشەوە و بەو درەنگ وەختە تەکسی بە سەختی پەیدادەبێ و وەگیردەکەوێ. دەی نەحلەت لە شەیتان بکەوە و بچۆ بە شوێن ماڵ و منداڵتدا. هەرچۆنێ بوو وزەم دایە بەرخۆم و وەڕێکەوتم. دەتگوت دەرمانخواردیان کردووم، چاوم ڕێشکەوپێشکەی دەکرد. لە سەرەوژوورییەکە وەسەر کەوتبووم و گەیشتبوومە سەرەوخوارییی گەڕەکی ماڵە خەزوورانم. بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بووبێ خێرایی ماشینەکەم ئێجگار زۆر کردبوو. کە هاتمەوە سەرخۆ ماشین باڵی گرتبووەوە. هەرچەندم کرد کە خێرایی ماشینەکە کەمەوە بکەم سوودی نەبوو. هەرچی لاقم لە تورمیزی ماشینەکەدا ڕانەدەوێستا و چرکە لە گەڵ چرکەش خێرایی زۆر و زۆرتر دەبوو. کە چاوم هەڵێنا سێبەرێکی کۆمەوەبوو لە شەقامەکە بە وردی و بە ئارامی دەپەڕایەوە. هەرچی لاقم لە تورمیز دا بێ سوودبوو. ماشینەکە چەن جار بە دەوری خۆیدا خولی خوارد، لاقم لە تورمیزەکە دا ماشین لە شوێنی خۆیدا وشک ڕاوێستا. لە ئاوێنەی شۆفیرەکەوە کە چاوم لە پاشەسەری خۆم کرد سێبەرەکە گلۆڵە ببوو و لەنێوەڕاست شەقامەکەدا کەوتبوو. بێ ئەوەی بیرم کردبێتەوە کە چی ڕوویداوە لاقم لە سەر گاز دانا و لە شوێنی ڕووداوەکە بەخێرایەکی ئێجگار زۆر دووروەوە کەوتم و هەڵاتم. ڕەنگم بە ڕووەوە نەمابوو و دەست و لاقم دەلەرزی وەکوو گەچی دیواری ژوورەکەم ڕەنگم زەرد ببوو. خۆم کردەوە بە ژێر پەتوەکەدا و کەوتم بە شاندا. دایکم خۆی کرد بە ژوورەکەدا و چەن جاران بەرز بانگی کردم و ڕاپوەشاندم. پەرداخێ ئاوی پێدام و گوتی، ڕۆڵە دایکت کوێربێ بۆ وادەکەی لە خۆت؟ دەی ئەو ئاوە بخۆوە بەشکوو بێیتەوە سەرخۆ . بە دەنگی دایکم لە خەو ڕاچڵەکیبووم. هەموو گیانم لە عارقەدا خووسابوو. دایکم گوتی، ڕۆڵە ئەوە لە دوێنێ شەوەوە ئەو هاوار هاوارەت لەچییە؟ هاتم باوەش بە ملیدا بکەم و هەموو ڕووداوەکەی بۆ بگێڕمەوە. باوکم هەرای لێکرد کە بچێت پشتی کیسە بکێشێ. دایکم دەرکەی ژوورەکەی داخست و ڕۆیشت.

چوومە حەوشەکە، دیتم لە شوێنی هەمیشەیی خۆیدا نییە. دیسان دڵەخورپە ڕووی تێکردم و خەریک بوو لە سەرخۆ دەچووم. دڵم خەریک بوو لە زارمەوە دەهاتە دەرێ. چەن جاران بە دەوریدا سووڕامەوە. هیچ نیشانەیەک لە پێکدادان و قوپاوی پێوە دیار نەبوو. هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی. بە دڵێکی ئاسوودە گوتم، ئۆخەی ئەمەش خەو و کابووس بوو. دایکم گوتی، ڕۆڵە ئەوە دوێنێ شەو ئەو هاوار هاوارەت لەچی بوو؟ خۆ خەوت لە هەموان حەرام کردبوو. کورم شەوانە برێ کەمتر چێشت و نانی قورس بخۆ با ئاسوودە بخەویت و کابووس نەبینی. دەڵێم بە کاکت نۆبەی دوکتۆرێکی دەروونناست بۆ بگرێ. کە دایکم ئەوانەی گوت، دڵم ئەرخایەن بوو کە هەموو ئەو شتانە لە خەودا ڕوویان داوە و ڕاستی نەبوون، دیسان کابووسم دیتووە. بەڵام وەکوو هەرجارێ کە کابووسم دەدیت دڵەڕاوکێم هەبوو و تەواو شڵەژابووم. بانگی کردم و دەرکەکەی بۆ کردمەوە. بێ ئەوەی کە کارێکی تایبەتم هەبێ دیسان وەڕێکەوتین. دەمزانی بەرەو کوێ ڕامدەکێشێ. لە سەرەوژوورییەکەی ماڵی دەسگیرانەکەم نزیکەوەببووین. بە زۆر دەڕۆی. دەتگوت دڵی پێوە نییە لەم دواین سەرەوژوورییە وەسەرکەوێ. خێرایەکەی هێندە لاواز بوو کە دەتگوت موحتادە و لە خومارییدا هێزی ڕۆشتنی نەماوە. دیسان باڵی گرتبوو دەمزانی لە سەرەوخوارییەکدابووین. گەیشتبووینە ڕاستایەکەی دوێنێ شەو. قەرەباڵغیەکی ئێجگار سەیربوو. ژنێ بە گسک و خاکەناز خەریک بوو خوێن و گۆشت و پێستی لە ئاسفاڵتی شەقامەکە دەسڕییەوە و شوێنی ڕووداوێکی خاوێن دەکردەوە.

# پێکەوە!



بۆکان. سەلاح نساری

لەگەڵ هاوبیرەکانی لە قاوەخانە پەرپووتەکەی کۆڵانی تەنگەبەر دانیشتبوون. چایان دەخواردەوە و بیرەوەریان دەگێڕایەوە و قاقا پێدەکەنین. لەپڕ بەتاڵ خان وەژوور کەوت، هەر ئەوەندەی چاوی بەو کەوت، بە تەوسەوە گوتی: زیندانییەکەی خۆم، زیندانییەکەی خۆم! ڕووبەڕوویان دانیشت و چاییان بۆ هێنا. دیسان ڕووی کردە ئەو و بە فیزێکەوە گوتی: حاڵت چۆنە؟

ئەو بە پێکەنینەوە، جوابی داوە: وەک تۆ نابم!

دیارە وەک من نابی، چونکە تۆ زیندانی و منیش پاسەوانی تۆ بووم.

ئەو دەستێکی بە سمێڵە پڕەکەیدا هێنا و گوتی: دەبڵێ لە کوێ پاسەوانی من بووی؟

بەتاڵ خان سەری داخست و چایەکەی برد بۆ دەمی.

ئەو گوتی: هاوڕێیان، من دووساڵ لە زیندان لە ئاو دەستەکەدا دەست بەسەر بووم، ئەویش لەبەر درگا پاسەوانی من بوو.

بەتاڵ خان بەدەم لێو کرۆشتنەوە، چووە دەرێ و لەبەر خۆیەوە گوتی: بۆگەن، لە زیندانیشدا هەروا قسە ڕەق بوو.

# خانمی مەکرباز



بانه. ئامینه عەزیزی" سروور"

پیاوێک ئەڕوات بۆ کاسپی و پاش ماوەیەک پوولێکی باش پەیدا دەکات. لـه نـاو کەلـەوا کۆنێکدا دایئەشـارێت. ڕۆژێ کابرایەک خۆی لێ دادەگرێ و دەبینێ پیاوەکە خەریکە پوولەکانی ئەبژێرێ و لێکیان جیا دەکاتـەوە و ئەیانخاتـه نێو کیسه تا هەڵیان بگرێ. بە وردی سەیری کرد و تێگەیی پیاوه چەندەی پوول هەیه و لە نێو هەر کیسەیەکیشدا چەندەی تێدایه.
کابرا هەستا و چوو بۆ مەحکەمه و شکایەتی لێکرد. گوتی ئەمه خوشکی منی ماره کردووه و به ماره و تەڵاق هێشتوویەتیەوه و نایەت بـۆ لای و لێی ناپرسێ بەم ناونیشانه که چەند کیسەی پڕ لە پـوولی پێیـه و کیسـەکان هـی خۆمـه. کـه کـابرا دێنن و سـەیر ئەکـەن قسـەی کابرایـه و ناونیشانەکانی ڕاسته. پووڵ و پارەی لێ ئەسێنن و دەری ئەکەنه دەرەوه. ئەڕوات له گۆشەیەک دائەنیشێ و دەست ئەکات به گریان.
خانمێک که لەسەر تەختێک دانیشتبوو ئاگای لێ ئەبێ. به نۆکەرەکەی ئەڵێ: بڕۆن ئەو کابرا بانگ کەن بزانم بۆچی وا زیز و گریانه.
ئەویش ئەڵێ: هەر خانم ماوە بانگم کا؟ به خودا هیچم پێ نەماوه هەتا ئەویش لێم بسێنێ.
بانگی ئەکا و لێی ئەپرسێ: بۆچی وا ئەکەی؟
- قوربان وەڵڵاهی فەقیر بووم و هەستام چووم کارم کردووه و پوولم پەیدا کردووه کەچی لەولاوه کابرایەک هات و کیسەکانی لێ سەندووم.
- کابرایەکی چۆن بوو؟
- کابرایەکی کۆم و چکۆله بوو.
خانم گوتی: ئەمن تەگبیرێکت بۆ ئەکەم به قسەم بکە. بڕۆ تۆش کچه کەڕ و لاڵەکەی کابرا هەڵگره و بیبەرەوه مـاڵی خـۆت و بڵـێ کچـی خۆمـه.
کابرا کچەکەی زۆر خۆش ئەوێت دوای ئەکەوێت. ئەمجار تۆش بڵێ: کابرا چووه کچەی دزیوم و لێی دابریوم.
کابرا که زانی بە پاڕانەوه و لاڵانەوه هاواری ئەکرد و داوای کچەکەی ئەکرد.
پیاوەکه گوتی: مادام من خوشکی تۆم خواستووه، ئەم کچەش کچی خۆمه.
کابرای برد بۆ مەحکەمه که ئەم کچه، کچی منه و ئەم کابرا ئیدیعای ئەکات.
قازی گوتی: ڕاست ئەکا، تۆ که خوشکەکەت پێ داوه ئەو کچەش کچی ئەوه. کابرا دوای ئەمه بە لێدان کچەی پێش خۆی دا و بردیه دەرێ.
کابرا به هاوارەوه گوتی: تۆخودا پوولەکەت ئەدەمەوه و کچەکەم پێ بدەرەوه.
پیاوەکە زیاتر لە پارەکەی خۆی داوا دەکرد.
کابراش به پاڕانەوه گوتی: بەخودا هەر پەنجام هەیه و زیاترم نییه.
که مادام وایه پارەکەم بدەرەوه و قەیدی ناکا و کچی خۆت بۆ خۆت.
پیاوه پارەکەی خۆی ستاندەوه و پاشان چووه لای قازی و پارەکەی به ئەمانەت دایه و گـوتی خـودا ڕاوەسـتاوت کـا، تـۆ جێـی متمانـەی؛ بـۆم هەڵگره هەتا ساڵی داهاتوو لەگەڵ تاجرەکان ئەگەڕێمەوه.
کاروان ڕۆیی و ساڵ بەسەرا هات و گەڕایەوه. پیاوه چووه لای قازی و داوای ئەمانەتییەکـەی کـردەوه. قـازی دەریکـرده دەرەوه و گـوتی: یـاڵڵا پوولی چی؟ ئەم کابرا شێت بووه. بیکەنه دەرەوه.
کابرا به گریان چووه هەمان جێگای جاری دیکه و نزیکی ماڵی خانم ڕاوەستا. خانم که گوێی لە دەنگی کابرا بوو، خزمـەتکارێکی نـارد بـۆ لای تا حاڵ و ئەحواڵ بزانێ. کابرا هەستا و چوو بۆ لای و گوتی: قوربان له قورگی شێر دەرمهێنا، کەوته قورگی گورگـەوه و بـۆم دەرنایەتـەوه و حاشا ئەکا. گوتی: بڕۆ جارێ بحەسێوه تا تەگبیرێکت بۆ ئەکەم.
پاش کەمێک خانم به پیاوەکەی گوت: ئەوا کووپەیەک ئەکرم و ئەچمه لای قازی و من به قازی ئەڵێم: ئاغا لـه تەجارەتـه و ئـەم پـارەم هێنـاوه بۆ لای تۆ به ئەمانەت. تۆش لە بەر دەرکی مەحکەمەی قازی ڕاوەسته. له پاش قەیرێ تۆش وەره ژوورەوه و بڵێ هاتوم بۆ ئەمانەتەکەم. بـه نۆکەرەکەشی گوت: تۆش دوایی وەره و بڵێ ئاغاژن، ئاغا هاتەوه.
بەیانی به لیرەوه چووه لای قازی و گوتی: خودا ڕاوەستاوت کات تۆ جێی متمانەی، ئاغا ڕۆیشتووه بۆ تەجارەت و ئەمن ئەم پارەم هێناوه به ئەمانەت بۆ لات هەتا ئاغا دێتەوه.
قازی گوتی: بەسەر چاو. ئێمه جێی متمانه بووین. لەو کاتەدا کابرا هات و گوتی: خـودا ڕاوەسـتاوت کـات، ئـەو ئەمانەتییـەم بـدەرەوه. قـازی گوتی: ها کوڕم ئەوه کلیلەکه من پێم گوناحه دەستی بدەمێ. بڕۆ بۆ خۆت دەریهێنه.
لەو کاتەدا نۆکەرەی خانم هاته ژوورەوه و گوتی: خانم موژدەم پێ بده، ئاغا هاتەوه.
خانم کووپەی گرته دەستی و پیاوه و نۆکەر دەستیان کرد به هەڵپەڕین و قازی هەستا و کلاوەکەی داگرت و سەرچۆپییەکەی گرته دەست.
خانم گوتی: جەنابی قازی، پیاوه لە خۆشی حەقەکەی، من له خۆشی هاتنەوەی ئاغا هەڵئەپەڕم تـۆ لـه خۆشـی چـی؟ قـازی گـوتی: وەڵڵاهـی خانم گیان منیش له مەکری تۆ. ..! لیرەیەکیشم دەست نەکەوت.

# شێخ وعەوام



ڕەوانسەر. عەزیز ڕەحمەتی

ئەمەمن ئێژم، یەک حەقیقەتە
باسی عەوامو، پیر تەریقەتە
شێخێ لە شێخان، عەمامە شۆڕێ
بەعەباوعەساو، یەک ئالو گۆڕێ
سەعات بان دەستی، سوەیسی ئەسڵ
هەرگیزدانایەت، بەچەندین نەسڵ
چۆخەی مرینوس، دەق ودەژ یەکدەس
شاڵی لەمەخمەڵ، تانو پۆ ئەتڵەس
تەسبیحی وێنەی، یاقوت ومەرجان
مەرجی بو لەسەر، نیمەیە جەهان
میسک وعەنبەر و، عەتر وئەدکوڵەند
سەوقات ئینگلیس و، فەرانسە و هوڵەند
عەبای کوەیتی، عەسای ئوتریشی
ڕەنگی زوغاڵی، سوێلۆ هەم ڕێشی
لەساڵایەک ڕۆژ، سەراپای ژیانی
سەختی نەچەشتو، جسم و هەم گیانی
گشت گرەی ئەهات، کەف دەس و گۆنا
ئەوو سێفێکە، ژەندوتە ڕۆنا
عەینەک تەلایی، خەت ڕیش ژێرناقی
ژن وکچ تەمام، بون بەمەراقی
بنزی ئالمانی، ماشین ژێرپای
پەیدانەئەبوو، لەزۆرشوێن هام تای
بابێینەسەرباس، موریدانی شێخ
بەیاهو یاهو، یام بەخواردن تێخ
چینی زەحمەت، کێش زارع ودامدار
شاری ودێهاتی، نیمەیان بێکار
دوانزە مانگەی ساڵ، بەشیان زەحمەتە
زەحمەتی ئەوان، بۆشێخ زەحمەتە
ڕەنگی ڕۆمەتیان، نەماگە زەرە
دەست وپەنجەی زوور، هەروەکو هەرە
سورەتی سوزیاگ، وەکووسیاپەلاس
کوشتەی مەینەی، دەس درەوو داس
دگان تاک و واک، تەمام کەل و کۆم
لیباس شڕ و وڕ، وەک جولبەک ناو گۆم
ماشینی ژێرپای، کەرێکی تۆرە
ساتی ناوێسێ، دایم لە سۆرە
عەتری بن باڵی، عارەقی کارە
نەیماگەبۆدەشت، چاوو هەم چارە
ڕۆژێ لەڕۆژان، دوای خەلەوخەرمان
کەشاوەرز نەیما، هیچ کار وفرمان
لە مانگ خەزەڵوەر، مر و مەڕو ماڵ
گشت خزەی ئەهات، وەک کەڵی سەر یاڵ
شێخ و ماشین و، چەندێ موریدان
بەقەتارلەیاڵ، سەریان هاتە بان
زڵەی مەخلوقات، لەناوی شارا
بە حەیو یاهو، ناوی بازاڕا
بە ڕمەی دەف و، تەپڵ و دایەرە
ڕێکیان خست کاسە و، مەنو ئایەرە
هەرکەسێ بەوسع، ئەندازەی ماڵی
سەوقاتیان هاوربۆ، ئیستیقباڵی
لە نوک و زەڕات، نیسک و گەنمو جۆ
پێشکەش شێخیان، کردبەگردو بەکۆ
قیژە قیژ قاژ و، گرمەی بۆقەنێر
گاسکە گاسک مامر، قولەی کەڵەشێر
گۆشتی کاوڕو، شەکەنێر پەروار
هاوردیان بۆشێخ، بەگریان وزار
دوورە مێوانی، قەینا بمێنێ
لە پارەی نەختیش، حەتمەن ئەسێنێ
بەخواردن سکڵ و، بەردوشیشە وتێخ
خوایان لە بیر چوو، کەفتە فکرشێخ

# گەلخۆر



مەهاباد. ڕەزا یارئەحمەدی" کارزان

دادوەر وتی: «دوایین قسەت، پێش دەرکردنی بڕیاری دادگا چیە؟...»
گەلخۆر: «مەودایێکم دەوێ بۆ بن بڕکردنی هەتاهەتایی ڕوناکی و بۆ ئەو کارەش دەبێ دوایین تاریکی جیهان بگرمە ژێر دەسەڵاتی خۆم. ڕەنگە ئەوکات ئۆقرەم گرت. بڕوا بکەن ڕوناکی بۆ من ئێشانە!...»
دادوەر پاش وەرگرتنی دەنگی دەستەی سوێندخۆران، کۆتا بڕیاری دەرکرت:
«گەلخۆر بە تاوانی هەوڵەکراوەکەی، بۆ لەناوبردنی خۆر –کە ناوەندی بەخشینی ژیان بۆ گشت بوونەوەرانە– بە دانیشتن لە بازنەی ڕوناهی هەتاو لە ناو ئەو بەندیخانەی کە بە فەرمانی خۆی سازکرا؛ تا دوا چرکە و هەناسەی ژیانی بۆگەنی، سزا دەدرێت.»
دادەور ئەوکات ڕوی لە فەرمانبەری دادگا کرد و وتی: «دەلاقەیێکی خشت لە ناو دیواری ڕوو لە باشووری بەندیخانەکە هەڵکۆڵن!...جۆرێکیش داینیشێن چاوەکانی ڕوو لە خۆر بێت.»
گەلخۆر بە بیستنی ئەم بڕیارە، پڕ بە گەروی بۆڕاندی و لە جێی خۆی بوراوە.

فەرهەنگۆک: گەڵخۆر: کینایە لە فەرمانڕوای زۆردار ـ ئێشان: دەرد و زوخاو ـ دەستەی سوێندخۆران: هیئت منصفە



## مەست و وشیار

خاتوو پروین اعتصامی

وەرگێڕ: سەقز. علی غفوری. دارساوین

پیاوی پاشا مەستێکی دی و گرتی بەرۆک
ووتی مەست ئەیدۆست،ئەمەکراسە بەردەبە رۆک
پ.پ.وتی: ئەی مەست خەریکە لادەی لەڕێ
مەس وتی: وس خەتاخراپ ڕۆشتن نیە لارەڕێ
پ.پ.وتی: دەتبەمەلای قازی تەقڵەدەو
مەس وتی: قازی لەخەودایە نیوەشەو
پ.پ.وتی: دەتبەمەماڵی والی هە ر ئێسا
مەس وتی: وێدەچێ والی لە ماڵێ مەس بێ ئێسا
پ.پ.وتی: تادارۆغەدێ لە مزگەوت لێی بخەوە
مەس وتی: مزگەوت جێگەی نوێژە نەک خەوە
پ.پ.وتی: بمدەیە بەدزی بڕێ پارەو برۆ
مەس وتی: کاری دین نەدرهە مە چ عەیبە ئایە ڕۆ
پ.پ.وتی: لەباتی باج کراسەکەت دانێ وبرۆ
مەس وتی: کۆنکریتە بەندە بە پینەو پەڕۆ
پ.پ.وتی: سە ر قۆتینی و بێ کڵاو
مەس وتی: سەر بێ عەقڵ بێ خراپە نەک کڵاو
پ.پ.وتی: شەرابت زۆر نۆشیوە بەکام
مەس وتی:، ووس، باسی زۆری و کەم نیە هە ی نەفام
پ.پ.وتی: دارکاریت دەکەم هە ر بە پیاوێ ژیر
مەس وتی: ووس ئەگەرپیاوی پەیاکە لە شار پیاوێ ژیر



هەولیر. موحیب مەهابادی

کەمی مابوو بە یەکجاری دڵـی ئەو شـۆخە ڕاکێشم
کەمی مابوو بـدرکێنێ نەوای سـۆزی عـەشق پێشم

کەمی مابوو کە بۆعومرێ ببەستێ عەهدی دڵداری
کەمی مابوو بگا دەستم بە تـاڵی زوڵـفی ئاورێشم

کەمی مابوو بە ماچێکی، پەیامی خۆشەویستی تا
لەغونچەی لێوەکەی ئاڵی بەسوکنایی کە دەرکێشم

بەڵام سەدحیف لە ناکاوا لێمان تێکچوو ئەویندارى
لەداخ ئەم قسمەتە شومە مەراق و مات و پڕ ئێشم

سەرم شێواوە هەر بۆیە دەمێ هاوڕازی مەیخانەم
دەمێکیتر لـەحاڵەتدام و وەک سۆفیی و دەروێشم

ئەوە چەن مانگە مەحرووومە لە نازی نازی شـازادە
هەتا زیـندووم لەسەر دنیا بە غـەیری نازی ناکێشم

موحیب حەیرانی بۆ ژوانی، ئـومێدت ماوە ببینی
لەقاقا پێیبڵێن دەیکوت کە دیمو دیمو هەر دێشم

شێعری موحیب مەهابادی
لقی نـووسەران لە هەولێر



سەردەشت. خەمبار

دیارە تاوانبار ئەتۆ نی دڵ گرووی تۆ دەگرێ لێم
هێندە ئازار کێشە ناخم لەو دەمەی دا چی بڵێم

تۆ خودا ڕەحمێ بە حاڵی زار و گڕ گرتووم بکە
چەشنی دیاری بۆ سوپاست بێ دەرەنگ سەر دادەنێم



سەقز. ژیلان نووری

خۆشەویستم
باڵا بکە
برۆ هەتاکوو کەشکەڵان
زۆر زۆر سەرتر لە هەورەکان
لە دەستکەوتنی شکۆدا
خێراتر بە لە با و زریان
ئەگەر دونیاش بوە چەکدار
تۆ ببە پەرەسیلکەی ئاسمان
خۆفت نەبێ بەرز بفڕە
بە سێبەری شاباڵیشت ناگا دەستیان



ئیلام. رودوس فەیلی "مصطغی بیگی"

**_١_**

تاشە سافەگە
پەپرگەێلەیٚ چلاڵەگە
وهاریٚ هە واریٚ

*ترجمه

همان صخرەی سخت
همان شکوفەهای بادام
بهاری می‌بارد، هی

**_٢_**

هناسێگ سەرد و سەد رەنج بیٚوەر
ولاتێگ و فرەیٚ باڵێگێ پەرپەر
دە قەیٚ قاپێ پەسا سیسێ، وە پیتار
دوسەد دار بەرۆ سەد نەخڵ بیٚسەر

*ترجمه

آهی سرد و رنجی بر باد رفته
سرزمینی و صدای پرپر زدن بالی پرپر شده
در درون یک قاب، دارد می‌پوسد، سوراخ سوراخ شده
صدها درخت بلوط و صدها نخل بی‌سر

**_٣_**

وە نۆرٚ شەم بشوورن ئی شەهیدە
وە ئاە خوەم بشوورن ئی شەهیدە
شەهید عشقە یە؛ گەڵگەڵ وە عشقەو
وە سوومای چەم بشوورن ئی شەهیدە

*ترجمه

با نور شمع بشورید، این شهید را
با آه من بشورید، این شهید را
این شهید، شهید عشق است، با عشق و علاقه
و با نور دیدگان، بشوریدش

## نەورۆزانە



مەهاباد. زریان

یار بیانووی گرتووە لێم و گوڵی سووری دەویٚ
یا لە مرواری بە نەورۆزانە بەرمووری دەویٚ

بازنەی ئاهەنگی هەڵپەڕکیٚ بەهارە و چاوەکەم
ئەو هەوایە باڵەبان و ساز و سەنتووری دەویٚ

شەو شکا و مەی بڕا و هەر وا خورێنە دولبەرم
بۆ کەبابی جەرگی من وا نانی تەندووری دەویٚ

ساڵە وەختێکە هەواری کۆنی مەیلت خاڵییە!
کۆچەری، کۆتایی هەر خێڵی بەرەو ژووری دەویٚ

من کە ئێستا بوومە تۆ ئیتر بە کەزیەت بمکوژە
بەژنی سێدارەت دەڵیٚ: سێدارە مەنسووری دەویٚ

بەفری زستان نیٚ بە شایانی لەشی کوێستانی تۆ
نەونەمامی وا نیان هاوریشمی لاهووری دەویٚ

با بسووتێنیٚ پەڕی تەقویمی عومرم یادی تۆ
ساڵەهاتی ئەشقی کۆنە و مۆمی کافووری دەویٚ

لەف و نەشرێکی مورەتتەب هاتە کایەی شێعرەوە
دڵ دەڵیٚ مەستانە و دڵداری مەستووری دەویٚ

بۆیە تامەزرۆیەتی ئەستێرە سەر هەڵدا لە شەو
نوقمی تاریکانە شار و زایەڵەی نووری دەویٚ

خۆشەویستی تۆم وەتەن چاودێری یەک ئاماژەیە
من فیداییم و فیدایی کوانیٚ دەستووری دەویٚ؟

شیعری "زریان" لاوک و حەیران و گۆرانی چەمە
لار و لەنجەی گۆشەیەکی مۆسیقای شووری دەویٚ



## سه نعات شێعری

بۆکان. عەلی حەقیقی

لە سەنعاتی شعر گەر بێ و بپرسی
دەبێ ڕاکەی لە حەیفان و لە ترسی
هەمو ئەو سلسلە و قفل و قەرازە
وەکو شاغۆلی بەننایی و تەرازە
بە قوربانی شعر بم *شعری نوێیە
وەکو مێو و ڕۆنە ناو دەستانی تۆیە
هەمو لێت نابنە سەعدی و حافز
وەرزن بن لێت و سوکت کەن هەم عاجز
بڕۆ مەیدانی ئەسپی خۆتی لینگ دە
بە کەیفی خۆتە مەیدان و* هەلینگ دە
عەروز وقافییە هەم وزن ومیزان
وەکو زنجیرە کۆتە بەند و زیندان
وڵاتێکی لە خەو کرد و ڕماندی
خودا گیربێ ئەوەی تۆوی چەقاندی
چ دەردێکی دەوا کرد شعر و کۆڕی
ئەوا قەرنی بەسەردا هات وگۆڕی
بەڵام زانین لە قاموسی مە دانین
کروشمە کردنە بەشمان نەزانین
بەشێ سەرقاڵی شعرو "„„„ بون
لە سەنعاتێ ئەوانی دی تەقا بون (وڵاتانی دەرەوە)
هەمو قامەت چەماوە و بێ وەکازین
کە باسیش هاتە گۆڕێ پاکی قازین!
چ نازانین لە ئەلەف وبێ ژیانێ
لە بەرخۆ بایی کوا؟ کێ پێدەزانێ؟

## ع–ح(کتێبی* لەوح ئەوین)

بۆکان. عەلی حەقیقی

هەواڵم زانی مەجنونی گرفتار
لە مردنی لەیلی کاتێ بو خەبەردار
هەراسان چو پەیا کا گۆڕی لەیلی
مناڵێ هاتە سەر ڕێی وەک سوهەیلی
بە چاوی دڵ هەمو شوێنێکی پێکا
پەنای برد بۆو مناڵە پرسی پێکا
مناڵیش پێکەنی و پێی کوت کە وایە
گرفتاری بە عیشقی موبتەلایە
چلۆن ئاوا پەنا بۆ من دەهێنی
بە حاڵێ زاری ئاوا ڕادەمێنی
بڕۆ ناو گۆڕەکان و هات و چۆ کە
لە هەر کام مشتێ خۆڵ هەڵبگرە بۆ کە
کە بۆی عیشق و ئەوین هەستا لە هەر لا
بزانە گۆڕی لەیلییە لەمەولا

لە کتێبی لەوحی ئەوین

## لە وەڵامی شاعیرێکی خوالێخۆش بوو

لە(گلییی وگازەندە لەچونە ژوری نرخی پێداویستی ژیانی زوو)

بۆکان. عەلی حەقیقی

ئەگەر بێشک بمابایەی ؛ لەنرخان حاڵی بوو بایەی
سەرت سووڕمابو ئەورۆکە لە حەیفی سووڕی دونیایە
ئەوی ئەورۆکە دەیبینی سبەینێ قیمەتی گۆڕا
سەفینەی پێ ژیانی مە سورەیاشی لە بن دایە
نەمیلیون ونە میلیار بایخی ئەو ڕۆ نەما قوربان
وە کوکا سوکە قورسایی بە عەینی پوشی سەحرایە
هەزار و سیسەد و پەنجاو چوار بو من کە دامەزرام
بە ماوستایی بۆ گوندێ کە بۆکانیشی هاوسایە
بەسەرهاتی ئەوێ دەمیەە بەنوسین چاری هەر نایا
لەحاندی وەی کەڕولاڵم تەماشا ئەو موعەممایە
بەدینی متبەقی دێهات وگوێی تەندور سەرم سووڕما
بەتایبەت نوستنی ئەو شوێنە مشکان لێی دەکەن کایە
هەموو هەر وەک تراکتۆری لەعین هەر هات و چۆیانە
یەکێ بۆ شار و ئەترافی یەکێ بۆکاری مەزرایە
مەعاشی من لەوێ دەم تاکو ئەوڕۆ دە بەرامبەر بۆ
کەچی خەرج و موخاریج سەت بەرامبەر بۆ لە هەرلایە
ئەمەش کۆپێنی رزقیمان بەعام دیتۆ و مەکوو ئێوە
بەڵام چونی سەفی پیاوی دەویست ودەست بە تێڵایە
مریشکی بۆگەنیش کیلۆی سەدیشە وهە بەرە و ژورە
نەما پوڵی کرینی گۆشت بە غەیری پیرەمانگایە
ژیان زۆر حەستەمە ئەو ڕۆ لەبۆ ئێمەی دەس وپێ سپی
بەشێکی عەینی شەددادن تریشیان هەر بە تاق نایە
هەمو وەک داشەهارەن دەچنە چین ؛ ماچین و هیندوستان
لەبەر وەی هەر لە پێشن ئێمە. لاقیشمان لە دوا نایە
برستی لێ بریوم پوڵی گاز و بەرق وئاوی ماڵ
هەمو ڕۆژ هێرشێ دێنن بەئیسمت ئەو سێ دۆڵپایە
ئەمە بۆ گەل ئەوانیش پووڵ کە چی لەو قافڵە دوا کەوتین
ئەگەر گاوانی بەشمان بێ دەبێ پێمان بڵێن شایە
لە سێیان دوبەشی ڕووتن ئەوانی دیکە دابەستەن
لەجێ خۆ جوتە داوێن و بەکۆمەڵگاش دەکە کایە
سەرم سورما لە ئاکارت خودایا خالقی بێچوون
نە یاسا ما نە روحمێ قەت بەقەت دەنکێکی خورمایە
چەلێکیان کابرایەک وا دەگریا بۆ بژیوی ژین
لەوێ وابوو قرێ دی لەتکە نانێکیان نەدا بایە
ئەگەر نرخی شتی ئەوڕۆکە ئەو بێچارە بی دیبا
لەحەیفانە وە کوو گوێرێژ دەبوو ناو خۆڵ بگەوزایە
خەبیسی وایە خاوەن پووڵ ؛ موقام وپۆست ودارایین
لە داخان ماڵی دونیایە لەلام وەک باوبژ وایە
عەداڵەت خۆ نەبۆ ونابێت بوبێ قەت لەسەر دونیا
هەموو هەرسۆزە چی وترا ئەوەی هەن قاوتی بەربایە
قسەم زۆرە بەڵام هەر بێ سەمەر بوو هەرچی رستومە
هەموو ئاخندراوە گوێچکە ؛ دەمبینیان لە دەم دایە
گەلی بێ عەقڵ وفام و بێ شوعورێکی کەدیتو مە
لەیەک هاڵاوە پورەی داوە جێ مۆڵیان لە یەک لایە

لە کتێبی لەوحی ئەوین

# ناسکۆڵەکەم



مەهاباد. ڕەزا یارئەحمەدی" کارزان"

ناسکۆڵەکەم
بریا و خۆزگە!
دەبوومەوە؛
مێرمنداڵە دڵتەڕەکەی
ناو گەڕەکی
چەند شەقاو خوار،
لە پاڵودە و
دۆڵدرمە خانەکەی
«سەیران»*

بریا و خۆزگە!
تۆی تاقانش
دەبوویتەوە؛
ئەو نەشمیلە
زۆر بەناز و جوانکیلانە و
لێو ئاڵەکەی
جاری جاران.

ئەوکات کە من،
دەست لە ناو دەست
پەنجە دەگوشیو
بە چەند «قران»،
شاراو لە مست
بۆ فالودە یان دۆڵدرمە
ڕو لە سەیران،
شادیم دەکرد بە میوانمان.

ئەویش لە کەی؟...
ناو «جۆزەردان».
باش لە یادمە.

جار ناجاریش
تنۆک تنۆک
بەختەباران
بە ڕوخسارمان، شۆڕ دەبووەوە.

ئەری خاڵخاس
خنج و منج و
چاومەست،
چاوباز!...
تۆش لە یادتە،
لەو بارانە
بزەی لێوت
وەک گوڵاڵە
کولیلکی داو
چاوت، چاومی
کردە نێچیری
دەردەستەکەی
نێچیرگای خۆی؟...

جوان لە بیرمەو
زۆر بە باشی
تۆش دەزانی
هەر ئەو ساتە
دڵ و ڕۆحم
لە ناو بێشکەی
لارەلاری
بەژن و باڵات
هێدی و هێمن
چۆن و چلۆن
بەئێجگاری
ئۆقرەی گرتو
سرەوتەوە.

ناسکە و ناسک!...
شەنگە و شلک!...
جا من چی بکەم؟!...
هاتویتەوە
بەرچاوانم!...

بەڵام کاتێ
ماڵمان ڕۆیشت؛
تۆم لێ ون بووی؛
نەمدیتیەوە!...
تا ئەو چرکەی
سەدان فرسەخ
لە ڕۆژئاوا
لە پاڵ تاقگەی
«نیاگارا»ی
ناو «کەنەدا»
دۆزرایتەوە.
وەک ئەو «کیژە»*
کە ڕفێندرا؛
بۆ ناو بەژی
«بریتانیا»

کچێ!...کەنیشک!...
هەر جووان ماوی.
قەستەم بە تاوا!...
بە ئەستێرە و
مانگی بەر چاوا!..
تووڵبری تۆم
قەت پێ ناکرێ!...

برۆ و برژانگ
پرشنگی جوان
کواو لە کوێ،
لە یاد دەکرێ؟...

خا، خات، خاتون
چاوەڕوان بە
مەجنونۆکە
گیرۆدەکە،
جارێکیتر،
وەیلان، سەرشێت،
لە «کوردستان»
خویا و خولیان،
دەبێتەوە.
باش بڕوانە!...
بەم زووانە!..



سەردەشت. هێمن تەنیا

کۆتایی هات ساڵێکی رەش
بە هیوای ساڵێکی روونین

شەکەت بوین لە هەڵاتن و
بێزاریش لە هات و چوونین

ئەوەندە دورین لە خۆشی
کە ماندوو لە ماندوو بوونین

ژیان بە تاریک دەزانین
وادەزانین ئاوی روونین

بەڵام خۆمان خەتامانە
کە وا دژ بە مرۆڤ بوونین

بۆتان باس دەکەم بە وردی
کە بۆچی لە خۆ بردوو نین

ناگەڕێن بۆ قوومە ئاوێک
گوڵی ئاویش بێ هەر توونین

کوڕ بە دوای کچی پلێنگەوە
کچیش هاوار دەکەن شوو نین

پیاوان خۆ بە ئاور دادەن
ئافرەت دەڵێ خۆ ماندوو نین

ئافرەتانیش بە ئێش بمرن
پیاوان دەڵێن خۆ کارو نین

چاولێکەری کارەساتە و
دەڵێن فێرە ئارەزوو نین

هەمووی بەدوای پارە وێڵە
دەڵێن فەقیرین خۆ جوو نین

هەر کەس تەنیا خۆی دەبینێ
بۆ بەلەمی کەس پاروو نین

بۆ ئاوردان دەبنە تۆفان
بۆ گەشەی ژین دەڵێن فوو نین

لاوان هەموو لە وڵات رۆیشتن
دەڵێن خۆ لێرە زیندوو نین

کە گەیشتنە وڵاتێکی غوربەت
دڵخۆش و بە رەنگ و روو نین

لە زۆر شت خەراب تێگەیشتین
گوناح زۆرە خۆ هەر موو نین

ئافرەت بە ملکیان دەزانن
باشە خۆ ئێوە زەروو نین

بیرمان با ئاوەڵا تر کەین
بۆ لایانگری رۆ چونین

مرۆڤەکان هەموو یێکین
جیاوازی دایک و خەسوو نین

دەرسی ژیان چڕ و قورسە
بۆ عالم بوون چاو و روو نین

مناڵان لەسەر سفرەی خوان
چاوەڕێن فێرە پاروو نین

سرووشت گشتی بۆتە ئاماج
لەمێژ ساڵە کە مازوو نین

زۆر کەس دژ بە ئایینە و
فێری تاعەت و رۆژوو نین

هیوادارم ساڵی نوێ بێت
بمێنێ ئەوەی جاجوو نین

بە لوتف خوا و هیمەتی خۆن
بگۆڕێ دەورانی نا روونین



## یە پنجرە با یە قفس



نیلوفر لاری پور اهل تهران

وەرگێر: گوڵیار ـ سنە

پەنجەرەیک لە گەڵ قەفەس
قۆرگی منە بێ هاوئەفەس
بەشی منیش لەبوونی تۆ
بیرەوەریەو یادێکەو بەس
لەئەم سێ سووچە غەریبە
هەسارەکان پساندووم
خەریکم بە دوایی ئەگەیم
لەئەوبەری شەو هاتووم
شەوێک کە وێنەی ئازیەتبار
خێوەتی هەڵدا لەبیرم
گەرەکمە لەم کرە تاڵە
دەنگت لەبێری خۆم بەرم
بڵێ کە باری کۆڵەکەم
لەسەر شانی شەو بهێنم
دەبێ من لە لێرە برۆم
ماوە نییە کە بمێنم
داخی گۆرانی لە نیگام
شەوقی گەیشتن بەبەدەن
لەئەنازەی سەردی قەفەس
من بەتەمام بۆ باڵ گردن
من لەرەگەزی غۆربەتم
لەهیواکانی دەست نەداو
چیرۆکی ئێمە بەسەرهات
لەگەڵ نیشانەی سەرسۆڕماو
بڵێ کە باری کۆڵەکەم
لەسەرشانی شەو بهێنم
دەبێ من لەلێرە برۆم
ماوە نییە کە بمێنم



# بەسەرهاتەکانی ئەحۆل



هانا عەبدوڵلازادە– قوتابخانەی شاهیدی کچان ـ بانە
زاگرۆس عەبدوڵلازادە– قوتابخانەی شەهید باهونەر ـ بانە

شێتێک لە قەراخ چاڵێک دانیشتووە و هەر ئەڵێ: حەوت، حەوت، حەوت
ئەحۆلیش کە لەوێوە تێدەپەڕێ، لێی دەپرسێ: ئەرێ ئەم حەوت، حەوت، حەوتە یانی چی؟
ئەویش خێرا پڕ ئەکا بە ئەحۆلا و ئەیخاتە ناو چاڵەکە و ئەمجار ئەڵێ: هەشت، هەشت، هەشت!

---

نیوەڕۆیەکیان ئەحۆل بۆ هەوەڵ جار عەینەکی دوودی(چاویلکەی ڕەش) لە چاو دەکات و لەماڵ دەچێتە دەرێ، لە سەر کۆڵانەکەیان چاوی بە کوڕەکەی خۆی دەکەوێ و یەک شەقەزللەی تێدەسرەوێنێ!
ئەویش ئەڵێ : بابە ئەوە چیم کردووە وا لێم دەدەی؟
ئەحۆلیش وەڵامی دەداتەوە: ئەوە بەو نیوەشەوە لە دەرەوە چی دەکەی؟!



---

ئەحۆل: دوێنێ شەو خەونێکی سەیرم دیت
حەپۆل: ئادەی بۆم وەگێڕەوە
ئەحۆل: خەونم دیت خەریکم ماکارۆنی دەخۆم
حەپۆل: دەی، دەی!
ئەحۆل:کاتێ بەیانی لە خەو هەستام، سەیرم کرد کەڕی شەرواڵەکەم لە دەممدایە!

---

ئەحۆل لە ژاپۆن دەبێتە سایەق(ڕانەندە) تاکسی، هەر کەسێ سوار دەکات دەڵێت: ئەوە خۆ هەر ئێستا سوارم کردبووی و دامبەزاندی!

---

ئەحۆل و حەپۆل و شەپۆل، دوو برا و خوشک دەبن
ئەحۆل ڕوو دەکاتە بابی و دەڵێ : بابە گیان ئەمن لە وانەی زانست(علووم)دا بوومە یەکەمی پۆل(کلاس)
شەپۆلیش دەڵێ: ئەمنیش لە وانەی وێژە(ئەدەبیات)دا بوومە یەکەمی پۆل
حەپۆلیش دەڵێ: ئەمنیش یەکەم کەسم لە کاتێ زەنگ لێدانی قوتابخانە لە پۆلەکە دەچمە دەرێ!

---

ئەحۆل زۆر چرووک دەبێت، جارێکیان کوڕەکوی لە ئەزموون(ئیمتحان)دا نمرەی بیست وەردەگرێت و بە خۆشی دەچێتەوە بۆ ماڵەوە کەچی ئەحۆلی باوکی لێی تووڕە دەبێت و دەڵێت: ئاخ لە دەستی تۆ ڕۆڵەی هەڵەخەرج و زیانەخرۆ، ئاخر تۆ خۆ بە نمرەی دەیش هەر قبوول دەبوویت، ئیتر پێویست بوو ئەو هەموو جەوهەری پێنووسەت لە کار کەیت و مەسرەفت(خەرج) ببەیتە سەرەوە؟!

---

دکتۆر لە ئەحۆل کە مامۆستای جوغرافییە دەپرسێ: کوێی سەرتان دێشێت؟
ئەحۆلیش دەڵێت
لە لای باکووری ڕۆژئاوای(شومالی شەرقی) سەرم!

---

تیمساحێک دەچێتە سواڵی و دەڵێ: تکایە یارمەتی منی بێچارەی مارمێلکە بدەن!

---

ئەحۆل زەنگ بۆ پیتزا فرۆشی لێدەدا و دەڵێ: پیتزایەکم دەوێ، بۆمی ساز کەن
کابرای پیتزا فرۆشیش دەڵێ: بە ناوی..
ئەحۆلیش خێرا دەڵێ ببوورن! بەناوی خوا،پیتزایەکم دەوێ، بۆمی ساز کەن!

# خشته١٦



گلاڵە کردنی خشتە: زانا کوردستانی. برووجرد

| ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ■ | | | | | ١ |
| | | | ■ | | ■ | | | | ٢ |
| | | ■ | | | | ■ | | | ٣ |
| | | | | | ■ | | | | ٤ |
| ■ | ■ | | | | | | ■ | ■ | ٥ |
| | | | ■ | | | | | | ٦ |
| | | ■ | | | | ■ | | | ٧ |
| | | | ■ | | ■ | | | | ٨ |
| | | | | ■ | | | | | ٩ |

❖ هەسویی:

١. ئێسقان – باوکم!
٢. تەختەیەکە لە قوتابخانەدا دەرسی لەسەر دەنووسرێ – جورەناویکی بۆ ژنانی فەرەنگی
٣. فارسەکان بە ئاو دەڵین – شتێکە کە لە شوێنێکی بەرزەوە داڕۆچکە بووبێ – دۆ یاری هاوبەژن
٤. کوڕی گەنج – بیکۆڵ
٥. پەڕی گەورە و درێژی باڵدار
٦. شوورە – دەفرێکی چنراوی دوولاییە لە جەواڵ گەورەتر و لە تێر پچووکترە
٧. شاڵی ڕانک و چوغە – گێژ و وێژ – وشەیەکە کە لۆڕەکان بە ئاو دەڵین
٨. یووە – مووچەیکە لە نیوانی کانتۆر
٩. ڕژاندن – هێز و دەسەڵات

❖ ستوونی:

١. داواکردنی شت لە مەردووم – بەردی بەسەریەکدا کەوتوو
٢. قەبە – گەنمی هاڕیاو
٣. دانەی ژماردنی رووکار – گوڵی گەنم و جۆ کە چنرابێتەوە – گۆتی!
٤. ئەڕەی فارسەکان
٥. تەمەڵیت
٦. ڕیش
٧. ئاە – شتێکە وەک بەرداش بازنکەی سەرەوەی لە تووڵی مێو دروست دەکرێ – کۆمەڵە ئەشتێرەیەکی بەناوبانگە بەناوەڕاستی ئاسمانەوە
٨. شتی لەیەک دوور – باڵندەیەکی ڕاوکەرە لە باز پچووکترە
٩. منداڵ – شتی بێ کاڵا و بەرگ

گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا

## جواوەکانی خشتەی گۆڤاری ژمارە ١٥

| ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خ | ا | ڵ | و | ■ | ت | ش | ر | ب | ١ |
| ۆ | ■ | ا | ڕ | ب | ■ | و | ا | ر | ٢ |
| ک | ل | ■ | ک | ا | چ | ■ | ب | د | ٣ |
| ێ | ا | ب | ■ | ڕ | ■ | و | و | ن | ٤ |
| ش | ت | ی | ن | ■ | ر | ە | ر | ە | ٥ |
| ک | ی | ر | ■ | ب | ■ | ر | د | ب | ٦ |
| ر | ل | ■ | چ | ر | پ | ■ | ە | ە | ٧ |
| د | ا | ش | ■ | ۆ | ر | چ | ■ | س | ٨ |
| ن | ک | ا | س | ■ | س | خ | و | ت | ٩ |



بانە. فەرزانە ساڵەحی

لە ژوورەکەمدا پەنجێرەیێکی کراوە هەیە
تەنیا هاودەمی پەنجێرە منی تەنیای چاوەڕوانە. ..
لە مێژساڵە بەتەمای هاتنەوەی وەرزی باران
مێشکی تەژی هاواری ئەوین و ئازادیم
کاس و تاساوە. ..
چاوی پڕ حەسرەتم لە ڕێی هاتنەوەت سۆمای لێبڕاوە
فرمێسکی دووریت لە گلێنەمدا قەتیس ماوە
ڕوخساری زەردم گیرۆدەی ماچی زەردەپەڕە
گوێچکەی ماندووم چاوەڕوانی چرپەیەک لەوشەی خۆشەویستیە
ڕۆژ و شەو دێت و دەڕوا
بۆ کوێ ئەچن؟! بۆ کوێ ئەڕۆن؟!
ئەو هەموو ترووسکەی هیوایە، ئەو هەموو هەرا و هۆریایە، ئەم هاوارە
بۆ چی ئەچن؟!
ئەم چیرۆکەم ساڵانێکە وەکوو تابلۆ، لە مێشک و دڵ هەڵواسیوە، بۆ نایبینن؟! بۆ نایبیستن؟!
ڕۆژێکی لێڵ، ئەبمە هەور و هاواری سەربەستی و ڕزگاری بە هەوارتان ئەبارێنم. ..
ئەوکات ناخۆشی هەڵئەپرووکێ و پریسکەی هیوا ئەدرەوشێ. .. لەمێژساڵە
من ماومەوە و پەنجێرەکەم
بە ئاواتی هاتنەوەی وەرزی ژیان
بەڵام. ..
وەک هەمووکات لە چاوەڕوانێکی بێ ئاکام!

❋❋

دیسان بەیانە
دەستپێکی ڕۆژێکی نوێ
بەڵام بۆ من نا!
من لەمێژساڵە بێ هەڵاتنی چاوەکانت لەنێو دڵی ڕەشی شەودا بەجێماوم
بۆ منێ کە پەپوولەی ڕۆحم بە ئەسپایی نیشتە سەر ڕۆخساری گوڵت
گزنگی زەردەخەنەت دڵی مردووی ژیاندمەوە. ..
هەڵاتنی هەتاو درۆیێکی ئاشکرایە
بگەڕێوە
وەمێنە
پێبکەنە
وەدرەوشێ ئەی ڕووناکی. ..
بە تیشکی نیگات دونیام ڕزگارکە لە تارمایی
بڕوا بکە ئەم بەیانانە بێ تۆ، ڕووناکی نین؟!
هەر درێژەی شەون. ..

## شەوەکان



سەقز مریەم یەتیمی

شەوەکان
من و سەرینەکەم پڕئەبین لە برین
لێوانلێو لە چەخماخەی گڕ
بە سەر ساڵی ڕەوەزدا
لە ناخمەوە ئەبارێمەشێعرێک
زەردەخەنەی هەڵلووشراوی گزینگی بەیانی
لە چاوی پڕفرمێسکی
منداڵانی بێکەسی غەزە
لە تۆپە شڕەی زەوی
زام ئەچۆڕێ!
خەم لە شان و شکۆی فرمێسکەکانی نابڕێتەوە!
ئەی حەزە ئەهریمەنیەکانی زل هێزی
سێحر و مەکری دنیای سارد
من چەقوو و بەرد و دار و چەک و
بەردەقانی لە شێعرەکانم ئەسڕمەوە و
پۆل پۆل کۆتری ئاشتی
لە تاڵەگزینگی نووری درەوشاوەی خۆر
لە تیشکی سووری ئاگری
نەورۆز ئەنووسمەوە
لە وشە بەوشەی
گزنگی پەرە گەزیزەی شاخ و
وەنەشەی چۆم
لە نامەیەکم بە گوێی ژیان دا هەڵواسیوە
شەپۆلانێکلە ئاڵای ئاشتی
ئاسمانێکم ئەوێ پڕ پڕ لە
بەرزەحەوایلەی منداڵە چاوگەشەکان
لە کۆتری ئاشتی!
ئاسمانێک کە لە تماشای ئەستێرە
تریفەی بزێتە لێوی عەرزی تاریک

ئاسمانێک
تریفەی مانگ
شەقام پڕکا لە هیوای بەیانی
من چاوم لە خەمێک گرتووە
خەمی بێکەسی دایک و زارۆڵەکانی ئەم جیهانە
بۆگەنستانەی خەیاڵ و خەون
لە چاوی کوێری نا تۆ  تا تۆ...و درۆی زڵ و زڵ هێزی درۆ!
ماتڵ ماوە
یا عەزرەتی مرۆڤانی لە کوێی بێکەسیم ڕاوێستاوم
دووری ڕۆڵەکەم و هەمووئەو ڕۆژانەی لە کۆڵانی بێکەسی ژوورەکەی منداڵیم بەجێماوە
بە جێماوم
لە ناو پەنجەرەی بێ بەیانی و
جێی چنگی داڵی شوومی دۆزەخستانی ئەم دنیا و
خەمی قووڵی دایکانە بە داهاتوو
هەرشێعرێکم
ئەبێتە دەرسی منداڵانی قوتابخانەی ئەم جیهانە



بڕووجرد. زانا کوردستانی

**-١-**

ئەگەر خۆر و مانگم
لە ئاسمان باشانۆ
قەت!
دل نادەم بە هیچ لەنتەری

**-٢-**

شاخانی شاهۆ
زاخەکانی قەندیل
چاوەکانی عەوالان
ڕۆارەکانی سیمێنە و زەرێنە
بەرۆکانی زاگرۆس
هەمویان دایکی منن!
داپۆشەرەم دەکەن
ری وسانەم دەکەن
تێرەم دەکەنو
لە ئامێزی خوەیان دەگرەن
پەرژانی دلەکەمی.

**-٣-**

بە داخودوخان
بەلازیز و بەلالیسک
هەمو پلژیاگ ئەبن
...
کوردستان گولستان بو.

**-٤-**

لە کرمانشان بیم،
یان لە تاران،
لە مەشهەد بیم، یان لە کاشان،
جیگام ئەگۆڕم
بلام ڕەنگ و خەدە ناگۆڕەمەوە...

**-٥-**

خۆزگا ئەمتوانشت
لەجیاتی دۆ پێ دەگەل هەزار پێ هەرامدەکرد
ئەدی من مەیت نەبووم
کە بە نێوانی گۆڕستان دلخۆش و نۆنگ بێم.

**-٦-**

من دلۆپی بارانم
هورم
بادم
باخ و گولانم
چاوە ریتم
تاوی خۆری چاوەکانت
لە سەر دامە بتوانی.

**-٧-**

کی ئەلی ئەۆینداری خەراوە؟!
من خۆ لە ناوانی زانیاری باشە یان مال؟!
تووم ئیختیار کردەوە!

## شەوقی ئیمان



مەهاباد. شاهۆ موکریانی

ئەویندارە و دەسووتێت و گوڵی جوانی نەدیوە
بە دڵ بسکی ڕەش و زولفی پەرێشانی نەدیوە

سەری گێژە لە کەزیەی پڕ لە تاوی یاری بێ تا
ڕوخ و ئەبرۆ و کەوان و تیری موژگانی نەدیوە

چ ڕەنگینە بەری سینەی لە بێستانی ئەوینی
ئەویندارە ئەگەر چی باغی سێوانی نەدیوە

ئەوەندە بەرزە بەژنی سەروی نازی نازەنینی
لە بەر پێی پشتی کۆم و دەست و گۆچانی نەدیوە

دەسووتێنێ هەناسەی گەرمی پڕ تینی دڵی زار
بەڵام سۆزی شەپۆلی سەردی تۆفانی نەدیوە

ترووسکەی دێ لە شەوقی تیشکی زێڕینی هەتاوی
بە مەعلوومی کە شەختەی ساردی زستانی نەدیوە

گەلێ دوورە لە گرفەی گۆڕەپانی سووری شۆڕش
بە ڕوونی دیارە قەمچی و دار و زیندانی نەدیوە

تریفەی ڕوو دەڕووخێنێ قەڵای تار و ڕەشی شەو
ورەی بەرزی هەتاو و شەوقی ئیمانی نەدیوە

## بەردی سەبر



هەولێر. ڕەمەزانی ئەحمەد میرزا"بێدەر"

دەمێکە چاوەکانم ، لێڵ و تاریکن، لەدووری تۆ
لەبۆ بینایی دیدەی من، وەکوو سۆما زەروری تۆ
مەیە ناو خەونی ئاڵۆزم، نەبادا وێنەکەت بشکێ
دەبا هەروا بەشاجوانی، بمێنێ ڕووی بلووری تۆ
لەئەم دونیایە جەنجاڵە، ئەگەر شوێنێ نەبوو بۆتۆ
وەرە ناو دیدەکەم ، دیدەم ، ئەوێ بابیتە ژووری تۆ
گوڵم ، بینایی چاوانم دەبێتۆ شەش لەسەر شەش گەر
وەکوو جاران کەبێی جار جار بەپێشما ڕابووری تۆ
گوڵی باخی ژیانی من لەبێباکیم نییە بەخوا
کەناتبینم هەموو ڕۆژێ بەهیوام لێم ببووری تۆ
لەتاریکی خەفەتباریم و ئێستا ڕێ بەدی ناکەم
گەرەکمە دەرکەوێ تۆزێ لەتیشکی پڕ لەنووری تۆ
لەشاری خۆشەویستی خۆم ئەوێستا"بێدەر"و تەنیام
وەرە ئەی نازەنین توخوا ، بۆمن بەردی سەبووری تۆ

## مەهدی ساڵح مەجید



**ڤیکدان و نووسان: بروووجرد. زانا کوردستانی**

کاک "مەهدی ساڵح مەجید"، شاعیر و نوسەری هاوچەرخی کورد، خەڵکی شارِی هەولیر شانشینی هەرِیمی کوردستانە.
کتیبی "تەریق بوونەوەم لە ژیان" لە دوو قاب، لە لایەن ئەم هونەرمەندە بڵاوە بووە.

❖ نموونەی شێعرەکانی:

**ـ١ـ**

هەموو
بەیانیەک زوو
ژیان لەخەو هەڵدەستێنێ و
مەعنایەکی گەورەی پێ دەبەخشێ

**ـ٢ـ**

ـ دڵی من
کتێبێکی دەستنووسی مسماری یاساغەو
هیچ دەزگایەکی میهرەبانی
بۆی چاپ نەکردووم...

**ـ٣ـ**

تۆ لە هەموو
سەروای بەیتی شیعرەکانی – نالی –
جوانتریت!

## سۆلین عەبدولا



**ڤیکدان و نووسان: بروووجرد. زانا کوردستانی**

خاتوو "سۆلین عەبدولا" شاعیر هاوچەرخی کورد، لە رۆژی ١١ مانگی ئاداری سال ١٩٧٧ زایەنی لە شاری سلێمانی
لە دایک بوو.

❖ نموونەی شێعرەکانی:

**ـ١ـ**

هەر ئەو رۆژەی
سەرم خستە سەر سینگت
تەرسم لەوە هەبوو
ئەو لیدانەی دڵت بۆ من نەبێت.

**ـ٢ـ**

چەند بەئازارن
ئەوانەی لەبەر چاوانمان دەرِۆن و
لەناودڵانمان نارِۆن.

**ـ٣ـ**

تۆ نە عەترفرۆشی و
نەباخەوان
کەچی کە دییتەدەر،
شار بۆنی گوڵ دەگرێ.

**ـ٤ـ**

سەد جار لە بیرت دەکەم و دیتەوە...
ئاخر کە دڵ ویستی
عەقڵ چی بڵێ

**ـ٥ـ**

تۆ پیبکەنە باباخچەکان
لە جیاتی گوڵ
تۆ بگرن.

**ـ٦ـ**

ئێستاش شوێنێک لەدڵتاماوە
تایادی نەورۆزکەیتەوە بەهیواوە
میللەتیان فەوتان ژیان کوااوە
بێدەنگی باشترە
نەک بەهیواوە
ئومیدوهیوا هەڵپەسێردراوە
کوا نەورۆز لای کۆرد بەهای خۆی ماوە
ئەگەرتۆکوردی و بەکوردی مەبدەئت ماوە
هەستە لەخەوو ماف خوراوە
ئیتربێدەنگیت سودی نەماوە
تاکەی گەندەڵ چی وکوردماف خوراوە.

**ـ٧ـ**

ئەگەرکۆتایی زەویت دەوێ؟
وەرەوەهەرلێرە.
پێ لەسەردڵم دانێ
بۆنازانی کۆتاشوێنی ئازیزکوێیە.
بۆنازانی هەوروباران چاوی منە
دیارە لەهەگبەی خەیاڵتا
هەرسێوجوانی دڵی تۆیە
ئاشنانابیت بەهەنااران
شەق بردووی دوارِێی پایزان،

**ـ٨ـ**

رووت دەبمەوە،
رووت دەبمەوە لەبەردەم غورووری وهێزی
پیاوێک
دەیشکێنم ئەوئەڵقانە
لەدەست زنجیرتاپێ تەوقن
هی ناپیاوێک
رووت دەبمەوەودای دەماڵم
ئەوپۆشاکەی بۆتەزیندان
دەمسوتێنێ هی ناپیاوێک
بەگەرمی خۆرناهی غورووری پیاوێک
دایدەماڵم ئەونەریتەی وەکوبتی
کۆیلەم دەکا هی ناپیاوێک
وەک ئامێرێ ئەوچی بوێ وام لێ بکات
تۆسەیرکەن چەن ئەبلەقن ئەوچاوانەی
بوونەسیخوڕوبونەداوێک هی ناپیاوێک
زۆربێ شەرمن ئەوروانەی ئەی وەرێنن
گوڵی جوان وەی ناوباخێک
ئای چەندخۆشە بەئازادی بژی تاوێک
رووت ببیەوە لەنەریت وهەمووداوێک
هی ناپیاوێک،

# ئیدریس عەلی



ڤیدان و نووسان: برووجرد. زانا کوردستانی

کاک "ئیدریس عەلی" شاعیر و نوسەری هاوچەرخ، خەڵکی ئیقلیمی کوردستانە.
لە لایەن ئەم دەسڕەنگین قیمەتدارە تاهێستا چەند کتێب و کومەلەشیعر چاپ و بڵاوەو بووە، هەر وەکو:

- سەدەفی تارامی
- ڕۆحی بێگەرد
- عەشقی هاجەرە
- شۆفێری چێروکەکان و...

❖ نموونەی شێعرەکانی:

**ـ١ـ**

لایەکی ڕدێنت دەتاشی
فریای لایەکەی دی ناکەویت،
جلەکانت ئوتوو دەکەیت
فریای لەبەرکردنیان ناکەویت،
سفرەیەکی درێژ دەڕازێنیتەوە
بەڵام میوانەکانت ناگەن،
خۆت ڕووت دەکەیتەوە
لە ڕۆخ مەلەوانگەکە ڕادەوەستی
هەردوو باڵەکانت دەکەیتەوە و
خۆت هەڵدەدەیت
بەڵام ناکەویتە نێو ئاوەکە،
سواری ئۆتۆمبێلەکە دەبیت و
پشتێنی سەلامەتی دەبەستیت
بەڵام فریای سلفلێدان ناکەویت،
لە ناوەڕاستی چیمەنەکەدا دەوەستیت
سۆندەکە دەگریت بە دەستەوە و
فریای کردنەوەی بەلۆعەکە ناکەویت،
کتێبێک هەڵدەگریت
لەسەر کورسیی نێو بەڵەکۆنەکە دادەنیشیت و
شووشەی چاویلکەکەت پاک دەکەیتەوە
بەڵام فریای خوێندنەوەی
لاپەڕەیەک ناکەویت،
بۆنێکی خۆش لە خۆت دەدەیت
جوانترین کراس هەڵدەبژێریت
بە پەلە خۆت دەگەیەنیتە جێژوان
دڵت خۆشە و
باوەش بە خۆشەویستەکەتدا دەکەیت
بەڵام فریای ماچێک ناکەویت.
کورتە ژیان
چەند بە هەڵپەش بیت
دواجار شتێکت هەر بیر دەچێت،
چەند بە پلانیش بیت
دواجار شتێک بە ناتەواوی
هەر جێ دەهێڵیت...!

**ـ٢ـ**

ئەم تەرمە لێرە دادەنێم و
دەڕۆم بە شوێن خاوەنەکەیدا دەگەڕێم،
مەیشۆرن تا ناونیشانەکەی دەدۆزمەوە
کفنی مەکەن تا ناوێکی لێ دەنێم
مەینێژن تا سێبەرەکەی دەگات،
ئەم تەرمەی لای ئێوە جێی دەهێڵم
هێند غەریبە
هێشتا نە کەس دەیناسێت و
نە کەس دەناسێت،
ئەم تەرمە هێند تەنیایە
هێشتا نە ژیاوە و نە مردووە،
دەستی لێ مەدەن
تا لەدایک دەبێت... ئەم تەرمە،
بانگی مەکەن
تا ناوێک دەنێم... لەم تەرمە،
جێی مەهێڵن
تا بە دڵی خۆی دەمرێت... ئەم مردووە،
ئەم تەرمەی لای ئێوە جێی دەهێڵم
بەرلەوەی چاو بە دنیا هەڵێنێت
بۆ نیشتمان لە جەنگێکدا دەکوژرێ
کە هێشتا هەڵنەگیرساوە...!

**ـ٣ـ**

کوڕەکان گەورە بوون
یاریچە و جانتای مەکتەب و
کراس و پێڵاوە بچووکەکانیان
لە دۆڵابێکی ژێرزەمینەکەدا هەڵگرت،
لەنێو کەلوپەلە کۆنەکانی هەورەبانەکەدا
وێنەی داهاتووی خۆیان دۆزییەوە،
کوڕەکان هەر لە دەمەوئێوارەوە
تاقەتیان چوو لە ژیان،
هەندێکیان باوکیان بە گوڵ
هەندێکیان خۆیان بە ئەوین کوشت...!

**ـ٤ـ**

لەش کارگەیەکی گەورەیە و
لە کۆمەڵێک دەزگای بچووک پێکهاتووە،
چاو لە حەوزی چێژدا
شیلەی فرمێسک دەگرێتەوە
بۆ لابردنی مووی بێزاری،
زمان لە تەشتی دەمدا هەویری پیت دەشێلێت
بۆ گوزارشتکردن لە دەنگی ئازار،
دەست لە ئاگری گیرفاندا
کوڕەی چوارچێوە دادەخات
بۆ سووتانی مانای سەرکێش،
دڵ لە قەفەسی سینەدا
قاڵبی خۆزگە دەبڕێت
بۆ سزادانی خورپەی ئازاد،
لووت لە پێچی لۆچەکانی ڕوخسارەوە
کامێرای چاودێریی دادەنێت
بۆ هێواشکردنەوەی خێرایی هەناسە،
گوێ لە بنکەی فرۆشتندا سیخوڕی دەکات
بەسەر خۆزگە خامەکانی سینەوە،
خوێن لە بۆری دەمارەکاندا
سەرکاری شەفتی تورەییە و
پلانی مانگرتنی خرۆکە یاخییەکان
دەگەیەنێت
بە بەڕێوەبەرە خانەنشینەکەی عەقڵ.
لەش کارگەیەکی لەکارکەوتووە
بۆ بەرهەمهێنانی دەرد و ژان،
کۆمەڵێک دەزگای بچووک و
بێکەڵکی وەک دڵ هەڵیدەسوڕێنن...!



وەرگێڕ : نادرمستەفازادە ـ ڕەحیمخان



ماکسیم گورەکی، نووسەری بەناو بانگی ڕووسی،ماوەیەک لە نانەوایی کاری دەکرد.
پەنجا کرێکار شەوانە لەوێ لە سەر ئەوکورسیانەی هەویریان لە سەر دەشێلا دەخەوتن،و بە ڕۆژیش بێ پشوودان و حەسانەوە یەک وچان لە سەرمای سەخڵەتی ڕووس دا نان و شیرینییان دەبرژاند.
خاوەنی نانەواخانەکە «سیمونوف»، پیاوێکی شەڕلاتان و ملهوڕ بوو، لە ئەزێت و ئازار دانی کرێکارەکان چێژی دەبرد.
گورەکی لە بیرەوەرییەکانی دا نووسیوێ، ئێمە زۆر بووین،بەڵام هیچکات، کەسێک لە حاند ملهوڕی و خراپی و زوڵم و زۆرەکانی ئەو تاکە کەسە ڕانەدەوەستا و نەیدەوێرا زمان بکاتەوە...
ئەوان نە لە نانەواکە دەڕۆیشتن، نە شتێکیشیان ئاڵوگۆڕ دەکرد،نە بە خاتری کرێی کەم و کاری زۆر نارەزایەتییان دەر دەبڕی.
گورەکی ڕۆژێک لە کاتی کار کردندا شێعر بۆ کرێکارەکان دەخوێنێتەوە، کە لە ناکاو سیمونوف وەژوور دەکەوێ، کتێبەکەی لێ دەستێنێ تاکوو لە تەندوورەکەی هاوێ و بسووتێ.
گورەکی هەڵدەستێ و دەستی دەگرێ و پێی دەڵێ: تۆ مافی ئەوەت نیە ئەو کارە بکەی.
سیمونوف لە جێی خۆی ڕادەوەستێ و جوولەی لێ دەبڕدرێ، سەری سوڕ دەمێنێ و لای سەیر دەبێ لەوەی کە یەکێ لە ژێردەستەکانی وا بە توندی لە بەرانبەریدا ڕاوەستاوە.
کتێبەکەی دەداتەوە و لە نانەواخانەکە دەچێتە دەرێ.تێدەگا کە لە سبەینێوە، شتێک وردە وردە لە ڕووحی کرێکارەکاندا گیان دەگرێ و زیندوو دەبێتەوە.
ئەوان چێژی یاغیگەری و نافەرمانییان چێشتبوو،پێش ئەوە لای ئەو هەموو شتێک هەتا هەتایی و ئەبەدی دەهاتە بەر چاو،بەڵام لەو شەوەوە گەرانەوە بە پێشوو ئەستەم بوو، سیمونۆف بە ناچار سەری تەسلیمی دانەواند،یاغییەکان تا کاتی یاغین کە کرێکار و ژێردەستەکانیان فەرمانبەریان بن...



## ڕەمەزان و کۆمەڵایەتی



سەردەشت. گووندی دولکان .سابیر بێتووشی

کۆمەڵگەی کووردی و تایبەت گووند و لادێهاتەکان مێژوێکی زێڕینی کۆمەڵایەتی و بە یەکەوە بوونیان هەیە لە درێژایی مێژوو دا کوورد لە هەموو هەلێک،چ ئایینی، کەلتووری، بۆنە نەتەوییە و وەرز و گەشتە سروشتیەکان لە دەوری یەک کۆبوونەوە و ژیانی گەرم و گووڕی کۆمەڵایەتیان بە یەکەوە قۆزتۆتەوە.
یەک لەو هەلانە مانگی پیرۆزی ڕەمەزانە، لەو مانگە دا خەڵک بە زۆر لە لایەنەکانی جیا جیا دا پاڵ وێک دەدەن و لێک نیزیک دەبنەوە، لە کاتی نوێژەکاندا زیاتر لە وەرزەکانی دیکە ڕوو دەکەنە مزگەوتەکان، کە دوای نوێژ چوونکە ژەمی نیوڕۆژ نیە بە کۆمەڵ لە مزگەوت دەمێننەوە، دەس دەکەن بە گێڕانەوەی قسە و بابەتی خۆش و هەمە جۆرە، تاک تاکەش لە قوورنەکان و بن کۆڵەکەکان ڕادەکشێن هەر چەند لەوانەیە ماڵەویان ئارامتر بێت بەڵام وەک حەزێک لە مانەوە لە مزگەوت دەمێننەوە، بەیانیەکانی خەڵکێکی زۆر ڕوو لە مزگەوت دەکا کە هەمووی بووژاوە و گەشاوەن، بەربانگەکانی مزگەوت جەمەی دی لە خەڵک، منداڵان کە ڕۆژووش ناگرن بە کۆ دێن بۆ مزگەوتێ ئەوەش بە زۆری بۆ خاتری ئەو خواردن و شیرنیانە کە خەڵکی بە خێری ڕۆژوو شکاندن دیانهێنن بۆ مزگەوت و منداڵانیش چوونکە دەنگ نادرێن لە پێش ڕۆژووەوانان دا دێنە ناو مزگەوتەوە، کە ئەوە دەرفەتێکی باشیشە کە منداڵان تێکەڵاوی بەشێک لە کەلکتووری ئاینی و کەلتووری کۆمەڵایەتیش دەبن و بۆ ڕۆژانی گەورە بوونیشیان دەبێتە بیرەوەری شیرین لەو سەردەمە، خەڵکەکانی و مەلاکەی کە ئەو کات لەو دێیە بوە، گوێزانەوە ئایینە و ڕەسەنایەتی نەتەوەییشە بۆ نەوەکانی دوا خۆ، سەڵا کردن لە کاتێکی نامۆ دا وەک پارشێو کە خەڵک لە شیرینی خەو دایە بەڵام کەس لێی نارازی نیە، جاری وایە و زۆریشە منداڵانیش بێ ئەوەی بەڕۆژوو بن هەڵدەستن نان و چا دەخۆن، ئەو ماڵانەی ماست و سپیایان نیە لە ڕەمەزان دا زۆریان بۆ دەچێت، بەخشندەگی لە ڕەمەزان دا زۆرتر دەکرێت، وشەیەک لە سەر زاری هەموانە کە دەڵێن ڕەمەزانەتیە، ئەوە جگە لە خێر و پاداشتی خوا هەستێکی کۆمەڵایەتی بەرزیشی تێدایە، ڕۆژانە زۆر لە ژنان بە کۆمەڵ بۆ دانیشتن و کات بە سەر بردن دەچنە ماڵێک، کۆڕی قسەکردنیان گرم و گوور دەکەن، شەوانی قەدری پیرۆز خەڵکی کە ڕوو دەکەنە مزگەوتەکان دیارە بۆ نوێژوو بەندەگی دەچنە مزگەوت بەڵام کۆبوونەوەیەکی جەماوەری تایبەتە کە منداڵانێکی زۆریش دێنە مزگەوت لەو دانیشتنە دا بەشدار دەبن کە خواردن و چا و خورما و ئەو شتانەش دێنن، ئەو بابەتانە کە پەیوەندیان بە ڕەوشتی زەمانی پێغەمبەر و دینەوەش نیە بەڵام بە نۆرەی خۆی کاریگەری کۆمەڵایەتی خۆی هەیە.
کۆتایی ڕەمەزان کە دەبێتە جێژن لە بانگی بەیانی ڕا قورئان خوێندن کۆبوونەوەی هەموو خەڵکەکە بەڵکوو ڕۆژوو نەگرانیش لە مزگەوت جگە لە قورئان خوێندن و نوێژی جێژن کە بابەتی ئایینیە دوای نوێژ هەموویان بەیەکەوە دەست ومۆست پیرپیرۆزانە و گەردن ئازادی یەکتر و دوای نان خواردن ماڵان گەڕان و سەردانی هەموو خەڵکەکان لە یەکتر و گەڕانی منداڵان بۆ جێژنانە، هاتوو چۆی خزمان لەو گوند بۆ و گووند و لە شارەوە بۆ دێ دیدەنی گەرم گووڕی یەکتر ئەو پەڕ بۆنەی کۆمەڵایەتیە کە حاشای لێ ناکرێ.
بۆیە ڕەمەزان ئەوەندەی هەیڤی بەندەگی و خواپەرستیە، بێ کەم و زیاد ئەوەندەش بابەتی پتەوی کۆمەڵایەتی تێدایە.



## ساتە خەماوییەکان !

هەولێر. سعدالله نوری

ئەو بڕیایەی بەدیارییەوە
دانیشتبووین
چەندە بەسوێ و بەئازار بوو
بە بەرچاومان
کە هەڵوەری !!

❋❋

کە تۆ لەوێوە
ڕاستە ڕێیە تەربووە بەر
نەرمە بارانەکەی ئەم وەرزە
دەدخیتە ژێر
هەنگاوە حەسرەتییەکانی گەڕانەوە
من لێرەوە
کلۆبەفرئاسا
دەتوێمەوە
تێکەڵاوی
خۆزگەو
خەم و
ژانی زامی چاوەڕوانی و
هاتنەوەتم !!

❋❋

لەتەک تەنیایی و
لەخۆڕئاوابوونێکی درەنگدا
بە باوەشێک بیرەوەری
چاوی هاتنی تۆم دەگێڕا
حەیف
چ سەرابێکی تەواو نابێ !!

❋❋

+ دۆشداماوی و
چاوت تەمی حەسرەتێکی
لێنیشتووە
بۆ؟
+ چونکە
ژیان نەهێشت
بۆی بژین و،
هەناسەی خۆزگەوئارامی
بۆ هەڵکێشین !!

❋❋

بەرێزپەشێو
کاتێ لەوانەی هەشتەمدا
گوتت :
( لەسەر سنگە نەوتاوییەکەی
بابەگوڕگوڕ
گڵکۆیەکی بچکۆلەم دی )
ڕاستت فەرمووە
(مناڵەکان )
دوای چەندین دەیە ...ئێستا
لەسێبەری حوکمی کوردی و
لەسایەی نەوت و دۆلارا
نەک گڵکۆیێ
گۆڕستانی هەرێمێکی پێنج ملیۆنی و
سواڵی نان و
کارو
ژینی کولەمەرگی
بەدی دەکرێ !!

❋❋

ناشتن
تۆبێباک و
سەرەڕۆ بووی
منیش بەدیار خەمی تۆوە هێندە ڕامام
چاوم برییە
باریکە ڕێی گەڕانەوەت
تا... بەناچاری
لەگۆڕێکی بەکۆمەڵدا
خۆم و
شیعرو
جوانیی و
خۆشەویستیم پێکەوە ناشت !



## دو گلە دوبەیتی ژە

ئیلام."ڕودوس فەیلی/
مستەفا بەیگی"

_١_

ل قوڕن دڵ، ل نوو ناوم چرێت و . . .
دواره هەم چی ئاساره جرێت و . . .
کوشیت و هەیٚ کوشیت و هەیٚ ل نوو خوەت
ڤ ناو عشق، گیونم ئەوخرێت و ...
.

ترجمە از لهجەی کوردی ایل کورد پهلە (کوردەلی/
پهلەیی) (ڤەرچە زوان) ، زەڕووشانەی مێهران
.
مرا از صمیم قلب،
دوبارە،
صدا میزنی و ...
و دوبارە، باز هم همانند ستارەای، گم میشوی از
آسمان بخت من و . . .
میکشی و هی میکشی و هی دوبارە خودت از نو
دیگر بار بە نام عشق، جانم را بە من برمیگردانی و . .

_٢_

چناو نگریس تاڵەم گرتەمەو وەر
چناو ئی عمرمە، گشتیٚ بەی ئەو سەر
نە هەر لەیٚ ماڵە، ئی نەورووزە خوازم
هە دەیٚ سێزنە لە خوەم هەم دی دەمەودەر
.

*ترجمە از لهجەی کوردەکارە، لهجەهای شمال استان
ایلام (ئەڕا زوان)
.
آنگونە نحوست فال تلخ من مرا در بر گرفتە است
آنگونە این عمر مرا همە بە سر میبرد
کە نە فقط از این خانە، در این نوروز میخواهم
در همین سیزدە، از خودم هم بیرون بزنم و عبور کنم از
خودم نیز هم



# نووسراوەکانی "مریەمی قازی" لە ڕوانگەی دەروون ناسییەوە

**بانە. ک.د.ئازاد**

شاعیران و نووسەران بە هەست ترین و هەستۆکی ترین مرۆڤن. هەر بۆیە ناتوانن هەست و ئیحساسی خۆیان وەشارن و هەر وا لامسەلایی بە لای کەسەر و مەینەتەکانی هاو نەوعی خۆیان دا تێپەڕن! ناتوانن ئاوڕ وە ئازاری مرۆڤ و گەلان نەدەنەوە!



بۆیە نووسراوە و شێعرەکانیان لە سەر هەست و شعووری ئینسان دا شوێن پێ دادەنێ و مرۆڤی ڕاستەقینە دەورووژێنێ!

هەر کۆمەڵگایەک، فەرهەنگ و داب و نەریتی تایبەت بۆ خۆی هەیە. ڕەنگە گەلانی جیهان لە زۆر خاڵ دا بیر و بۆچوونی هاوبەشیان ببێ بەڵام لە لایەکی تریشەوە هەر میللەت و گەلێک بۆ خۆی بیر کردنەوە و دەرد و فەرهەنگی تایبەت بۆ خۆی هەیە کە ڕەنگە بۆ ئەوانی تر نامۆ بێ!

گەلی کورد، لە باری جوغرافی و سیاسی و فەرهەنگی دا، لە شوێنێک سەقامگیر بووە کە دەرد و کەسەر و شادی و فەرهەنگی جیاوازی هەیە! ئەوەش بە هۆی پەرت و پەرەوازە بوون و چوونە ژێر فەرمان و دەسەڵاتی میللەت و فەرهەنگی دراوسێیەکانیەوەیە!

بۆ نموونە هەبوونی دەردی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی وای لە گەلی کورد کردووە کە سەبارەت بە سیاسەت و دین و گەلانی دراوسێ هەم دڕدۆنگی و هەم چەشنێ نیزیکایەتی هەبێ!

بۆ لێکدانەوەی باری دەروونی و تەندرووستی ڕەوانی و کەسەرەکانی مرۆڤ، نووسراوەکان، سەرچاوەیەکی هەرە بەرچاون!

لە نووسراوەکان دا، نووسەر بەشێکی زۆر لە کەسایەتی و دەردە دەروونییەکان و خۆشی و ناخۆشی و ئازارەکانی دەردەخا!

نووسەری هێژا خوشکە "مریەمی قازی" لە شێوە جۆراجۆرەکانی میکانیزمی دیفاعی زۆر کەڵکی وەرگرتووە. هەر ئەو شتانەی خۆی هەستی پێکردوون و بە شێوەیەک داخدار یان بریندار یان خۆشحاڵی کردوون، لە زمانی کەسانی تر و قارەمانانی چیرۆکەکانی دەریان دەبڕێ:

(دەگەڵ وەش خەوم دی زۆرم خەودی. ئارەزووت دەکەم. وەك ئەو دەمانە یەکەم کایەی منداڵیمان دەستی پێکرد و لە راستیدا هەموو شت لەوێرا دەستی پیکرد)

چەشنێ مەترسی مێژوویی بە درێژایی ژیانی کۆیلایەتی و چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ، لە ناو نووسراوەکانی "مریەمی قازی" دا دەبیندرێ و هەست پێ دەکرێ وە نووسەریش ناتوانێ بێ لایەن بێ:

(درجامعه ایی زندگی میکند که مفهوم دیکتاتور را در آن تجربه کرده است.)

(دوینێ کابرایە ك سەری کچەکەی دەبڕی و هەروا کەسەری بە دەستییەوە بووە هەڵاتوتە سەرجادە خەلك لیی هالاون و گرتوویانە بەلام ئەویش هەردوا بەدوای ئەم کارە خوی کوشتووە.)

لێکدانەوەی دەروون ناسانەی نووسراوەیەک، دەتوانێ هەموو ئەو ئازار و ترس و خۆشی و... نووسەر بخاتە ڕوو!

گەشتێک بە ناو نووسراوەکانی "مریەمی قازی" دا ئەوە دەردەخا کە نووسەر زۆر ئاوات و ئارەزووی سەرکوت کراوی هەن کە وەک ئاواتێکی وەدی نەهاتوو لێیان دەدوێ!

ترس و هومێد، دوو فاکتۆری هەرە بەر چاوی بەهەمەکانی نووسەرن! نووسەر دەخەنە دڵەڕاوکێ و وەک شەپۆلێکی بە هێز دەهێنن و دەی بەن!

لە (خاطرات یک فراموشکار ):

(من مطمئن نبودم که دارم اشتباه میکنم اما نگاههای شماتت بار مادرم که بعد از سر ناامیدی اش نسبت به بهبودی من به ترحمی رقت انگیز تبدیل شد و اشکهایش را سرازیر کرد، بعد از مدتی فکر کردن فهمیدم که باز دارم اشتباهاتم را تکرار میکنم و شما باز هم...)

پیاو، وەک فاکتۆرێکی سەرەکی بۆ نووسەری ژن، دونیای خولیا و خەیاڵی تەنیوە و جاری وایە هێز و وزەی ژیانە و زۆر جارانیش، بەرگرێکی کۆمەڵایەتی وهۆی خەم و کەسەرە:

(هێشتا لە کابووسی سەربڕینی کچە تورکێکی دانیشتووی شاری مەحەممەد یار نەهاتووینەتەدەری کە هەوالی کوژرانی کچێکی تر لە گەڕەکی پشت تەپی مەهاباد بە سەردا دی. )

(پێتان بڵێم کە هەر لە چەند شەقاو ئەو لاتر لە ماڵێکی ڕاستە شەقامی ئەسلی شاری ئێمە و ئێوەش دا بە دەیان (( شیخ زانا)) ی تر دەژین کە ئەویندارانە خەریکن لە بەرزەخی ئەوینی نەخوشی خۆیان بیرە جیاوازەکان قوربانی دەکەن، وریا بن!)

ژنان لە کۆمەڵگای کوردەواری ئەو دەردانە باشتر و هەستۆکتر هەست پێ دەکەن! چونکا ژنان بێجگە لە هەموو ستەمەکان و زیاتر لە هەموو ڕەنجەکان، ئەو ئازارانەش زیاتر هەست پێ دەکەن کە وەک لایەنێکی کەم هێز و بە قەست دواخراوی کوردەواری لە لایەن پیاوسالاری کۆمەڵگاوە، بە سەری دا سەپاوە! کۆمەڵگایەک کە زۆر ماف بە ڕەوا و ناڕەوا دەدا بە پیاوا! ناڕەوا و ڕەواش زۆر ماف لە ژنان زەوت دەکا!

لە(بروا بکە ن بە بەر ماڵە (( شیخ زانا)) دا تیپە ڕ بووم!):

شیخ زانا لە هەمان کاتدا کە چەقووە تیژەکەی لە سەر گەرووم دانابوو، هەرئەو چەقویەی بە دەیان جار سەری مانگاکانیان پی بڕیبوو و ناز ناوی موسلمانی و شیخایەتی خەلاتی شیخ کردبوو، خیرا خیرا داوا ی لیدەکردم کە شاد و ئیمان بینم؟ بو ئەوەی بەهەشتی هەرمان بە نسیبم بی. نەمدەزانی چم کردووە کە پێی کافر ببووم؟ نەمدەزانی چ تاوانێکم هەیە و ئیتر ئەوجار بە کام بیانوو سەرم دەبڕن؟ وام هەست کرد وەك قوربانییەکانی دی دەستڕێژییان کردەسەر ناموسی منیش

(پیاو هەرئەوەیە ئیدی؟) ـــلە داستانی (خە میکی گە ورە دای گرتبوو)! هەرچی پیاوان خوشە دەیکەن و لە ئاستی ژن و خوشک و کچی خوشییان ئاوا دەکەن!)

(ئەوشۆ دەرۆم

...............

ئەخوشێمە دەر

له جسنی دووهەمی ناپیرۆزم،
شێتانه ڕوو هەڵدەماڵم
قاچ و پل وەسەما دێنم
ئەهریمەنی قاقڕە دەشتی عەقلا نییەت ڕەجم دەکەم)
(قبل ازاینکه هر دو خوابمان بگیرد دیدم که از کنار دهانش شیر سفیدی روی سینه‌ام به آرامی پایین می لغزید. من مادر شده بودم! یك مادر واقعی در روزی سرد از آخرین روزهای زمستان ۱۹۹۱ در بین جمعیت آواره کردهای جنوب که به کوهستانهای سر به فلك کشیده کردستان ایران پناه آورده بودند...)
له (خه میکی قورس و گران دایگرتبوو...) :
(دوینی کابرایەك سەری کچەکەی دەبری و هەروا کە سەری بە دەستییەوە بووە هەلاتوتە سەرجادە خەڵك لێی هاڵاون و گرتوویانە بەلام ئەویش هەردوا بەدوای ئەم کارە خۆی کوشتووە.)

کێشەی نێوان گەورە بوون و بە منداڵی مانەوەو هەر لە ڕابردوودا سەقامگێر بوون، نیاز و داوای مرۆڤی حەسساس و هەست ناسکە! ئەو لە دونیای ئەمرۆ دا، کە تێپەڕبوونە لە دونیای قەدیم و سوننەتی بەرەو دونیای پێشکەوتن و تکنۆلۆژی و شارستانیەتی نوێ، وەزاڵە هاتووە و گەرەکیە هەر لە هەمان دۆخەکەی جاران دا وەمێنێ و دوو دەستی بە کولتوور و فەرهەنگی سوونەتیەوە چەسپاوە و بە ئاسانی نایهەوێ لە دەستیان بدا:

له پۆستێرە شێعری( منداڵەکان ئەو دەرکانەیان خۆش ناوێ بە دوایاندا دابخرێ!) ئەو کێشەیە دەردەکەوێ:
(با لەقەستی دایک و باب و ماڵم هەبێ
بۆنی قفڵ و ژەنگ و ئاسن
ئەفسانە بێ!
با لەقەستی پەپوولە بم
لەسەر چڵی ئەوگوڵ بۆئەو گوڵ
مەستی عەتری گوڵاوێیان بم،
با بۆ جارێک هەر بۆ جارێک منداڵێکی بەڕاستی بم!
تەنانەت لە تەنزی کۆمەڵایەتیش دا، نایشارێتەوە کە ڕەنگە ئەو بەسەرهاتە لە دونیای مەجازیش دا، کورد بگرێتەوە:
(ئەو کتیبانە ئی کتیبخانەی ماموستا هەژارن کە بەوردی خویندوویەتەوە و جار و بار کە ویستوویەتی دەست بە ئاو بگەیەنی بە دەست و خەتی مەبارەکی خوی عەلامەتی لیداوە و لە زور جیگاش بو چوونەکانی خوی لە سەر نووسیوە. ئەو چەند کتێبە بە پازدە میلیون دۆلار لە کتێبخانەی شاری کەرەج را ڕاگویزراونەتەوە ئێرە!
ئەو پەڕۆیانە ئی ماموستا هێمنە کە لە کاتی هەڵامەتە پیسە دم و لووتی پێ ئەستریوەتەوە. نرخی ئەم پەڕۆیان دوو ملوێن دۆلارە!)
دیارە خوشکە "مریەمی قازی" ئاماژەی بە زۆر فاکتۆری سەرەکی ئازارەکان کردووە و بە دڵ هەستی کردوون و لە ئەزموونی ژنان و هاونەوعانی نەتەوەیی کەڵکی وەرگرتووە!
زۆر جار خۆی داوەتە دەست شەپۆلەکانی لە هاتوو چۆ دای کۆمەڵەوە و سەرەڕای ویستی خۆی کێشیان کردووە و نەی توانیوە خۆی دەرباز کا! خۆی بە یەکێک لە وردیلانی هەزار بە هەزاری نەتەوە و کۆمەڵ زانیوە و نابەڵەد و نابەدڵ ،شوێن کەوتوویەکی سادە بووە:
(یاسا لە ئیران دا سە بارە ت بە مافی ژن زور بە خێرایی و لێڵ و نادیار بڕیاری داوە و هە تا ئیستا نە یتوانیوە وە هیچ دەوریکی هە بووبێ بە سەر چاکە سازی هەل و مەرجی ژناندا.)
لە بواری نەتەوایەتی دا، خۆی بە ڕەچەڵەک کورد زانیوە و پێوەندی خۆی بە چوارچێوەی وڵاتێکەوە بەستۆتەوە کە بە نیشتمانی خۆی زانیوە! وە ئەوەش لە باری ڕەوانییەوە، ئیسترێس و دڵە کوتەی کەم کردۆتەوە:
( بە شدار نەبوونی ژنان بەرادەی پیویست لە بازنەی دەسەلات دا دەوری ئەو بەشە لە ئەندامانی لە دیاری کردنی چونییەتی چارەنووسی کۆمەڵ کورت کردۆتەوە.
ئێستاش بە دەگمەن ئەو ژنانە دەتوانن لە پارلەمان دانیشن کە بۆ خۆیان تەواو بڕوایان بە هەڵوێستی کۆمەڵگای پیاو سالار و ئایین تەوەر هەیە.)
نیاز و داخوازەکانی ماددی و ڕەوانی خۆی ڕاشکاوانە دەربڕیوە و ئەوەش بۆتە هۆی دەربڕینی کێشەکانی دەروونی و پاگژ بوونەوە و سڵامەتی ڕەوانی:
کە تۆ هاتی و
لە گەڵ ڕۆح و پەپوولەکان
لە گەڵ ئاواز و مۆسیقا
زمان و چاو و گوێ
بیستن و بینین و هاوار
لە گەڵ خۆمت ئاشت کردمەوە
دەستەکانم گەیشتنە سەر ئەستێرەکان
-وەک ئەو دەمەی بە منداڵی خەونم دیبوو-
لە داوێنی کچێنی خۆمم هۆندەوە و
مانگم ڕاداشتە هەیوانی ئەو منداڵەی
لە تاریکی زۆر دەترسا و
لە ترسی خەونێکی تاریک
چاوی لە سەر یەک دا نەنا
دەستەکانم نووسینەوە،
لاقەکانم هەڵفڕین و
لە(حە شری ڕەنگەکان) :
(مرۆڤ لە چارە نووسێکی کە هە یە تی نارەزامەندە)



گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا

(هێندە سووڕام و خولم خواردەوە کە ئیتر بە تەواوی هۆشم لە خۆم بڕابوو و ئێستا ئیتر نازانم لە نێو ئەو هەزار بە هەزارە دا لە نێو دەنکە بەفرانەی هیچکات نەباریون کامیان بۆ خۆمم؟ لێك ناکرینەوە. هەموو وێك دەچن هەموو سووك و چروك و یەك ڕەنگ و بیرەنگ سەر شێواو و بێ دەسەلاَت کە هیچ بۆشاییەك وەخۆی نەگرتن و بارتەقای سووك بوونی خۆیان جازیبەی زەوی بە نابە دڵی بۆلای خوی رادەکێشان...)-(داستانی سەرەونخوون)

شوێن پەنجەی دژایەتی دەروونی بە نووسراوەکانەوە دیارە. ئەوەش ئەو ڕاستیە دەگەیەنێ کە نووسەر نەی توانیوە خۆی لە ناو تاکە بیرۆکەیەک یان باوەڕێکی داسەپاو دا سەقامگیر کا! هەر بۆیە بە دژ کردەوەی ناڕاستەوخۆ هەستاوە:

(لە دوای مردن ژیانەوە...
لە ولاَتێکی بێ کات و شوێن
بێ پێناسە و ناو و نیشان
لە نێوان بوون و نەبوونا)

(من مطمئن نبودم که دارم اشتباه میکنم اما نگاههای شماتت بار مادرم که بعد از سر ناامیدی اش نسبت به بهبودی من به ترحمی رقت انگیز تبدیل شد و اشکهایش را سرازیر کرد، بعد از مدتی فکر کردن فهمیدم که باز دارم اشتباهاتم را تکرار میکنم و شما باز هم...)

(پیموانە بوو بزانم بو کوی دە چم بو خوم پیم هە لنە گرتبوو بو ئە م سە فە رە لە م کە ش و هە وایە سپیپە دا کە جگە لە سە فحە یە کی سپی بە هە زاران دە نکە بە فری نە باریو چی ترم نە دە دیت. سە رم بریك لە گێژە وە دە هات.)

کاتێ ناتوانێ بۆ کێشەکانی دەروونی مانا و هانایەک وەدۆزێ، لە قەست خۆی لە ڕووداوەکان گێل دەکا و ئاڵای نازانم،چووزانم هەڵدەگرێ:

(من نازانم. ..
کە دارەکان خەوی زستانییان لە قیس چوو
چون لە دواروژ حەکایەتی
بەفر و سەرما بگێرنەوە
کە هیچ هەو ریك بارگەی نەخست
کە هیچ مەلیك بەرەو گەرمین لە سەرمانا کوچی نەکرد؟)
(سەردەمیکە ئەم پەیزەیی بە یەکەوە بەرەو هەتاو
هەلمانپیچا
رام ناکیشی
زستان نیشاتەی بەهاری بو من پی نییە!)

کاتێکیش خۆی لە دەست ناهومێدی دەرباز دەکا و سەربەستانە دەدوێ، لەو پەڕی بڕوا بە خۆیی دایە:

(شیعرەکانت بەرگی ڕەشییان داماڵیبوو و
سپی سپی شێتانە سەمایان دەکرد)

هەر چەند ئەم لێکدانەوەی من دەقاو دەق پڕ بە پێستی نووسراوەکان خوشکە "مریەمی قازی" نییە، بەڵام ویستم بە نووسەر و خوێنەری کورد بڵێم کە جیا لە نەقد و ڕەخنەی ئەدەبی(کە من لێرە دا هیچ ئاماژەم پێ نە کردووە) دەتوانین لە شێوەکانی تریش کەڵک وەرگرین! کە من لێرەدا زۆر بە کورتی باسی دەروون ناسیم هێناوەتە گۆڕ! بە داخەوە دەستم بە هەموو نووسراوەکانی خوشکە "مریەمی قازی" نەگەیشت! ئەو بەڕێزەش لێم ببوورێ کە بەڕاستی ڕاسانی ئەو، پەنجەرەیەکی نوێی بۆ ژنی کورد کردۆتەوە! من دەست خۆشی بەو بەڕێزە دەڵێم و دەزانم وەک هەموو نووسەران و شاعیران زۆر زۆرتر لەوانەی لە جانتا دایە کە ئێمە چاومان پێی ڕووناک بۆتەوە!

سەرچاوەکان:

١ ـ نووسراوەکانی ناو وێبلاگی تایبەتی مەریەمی قازی
٢ ـ دەروون ناسی پەروەردە و عاملاندن ( بۆ ڕشتەکانی پەروەردەی مامۆستایان) ـ دەستەی نووسەران ـ ١٣٧٠
٣ ـ بێهداشتی ڕەوانی ـ دوکتۆر هەمزەی گەنجی ـ ١٣٧٦
٤ ـ دەروون ناسی گەشە کردن ـ دەستەی نووسەران و وەرگێران: دوکتۆر سەیف ـ دوکتۆر کەدیوەر- نووری ـ دوکتۆر لوتف ئابادی ـ ١٣٧٣
٥ ـ دەروونناسی کۆمەڵایەتی ـ دەستەی نووسەران : بەیرامی ـ هاشمی ـ مەحموود عەلیلوو- ١٣٧٧
٦ ـ دەروونناسی گشتی : دوکتۆر هەمزەی گەنجی ـ ١٣٧٩

بانە ـ هاوینی ١٣٨٩ـ ک.د.ئازاد

ئەم پێداچوون و لیکدانەوەی لە ڕوانگەی دەروونناسی بەرهەمەکانی بەڕێز" مریەم قازی" لە سەر ئیزن و خواستی خۆی بوو کە قەرار بوو لە دیمانەیەک دا کە لە مەهاباد بۆی ساز دەکەن بیخوێنمەوە. بەڵام داخەکەم ئیجازەی ئەو کارە نەدرا و.... "مریەمی قازی" کۆچی دوایی کرد!

# دەستەمۆ



بانە. بەیان خدری

وەرزی ژین خەزان بوو
لە سەرەتای ڕەنگی زەردی
چاوی هیوام
گیری تۆزو گەردی
کە تۆ هاتی
گەشایەوە
سەر چاوەی ئەوین و پاکی
لرفە لرفی ڕۆحی یاخی
لە کەناری دەریای چاوەکانتا
ئارامی گرت
هێمن بوو ڕۆح و گیان و دڵ
گیانە
ئێرە دوا وێستگەی ئەوینە
دڵ بۆت پەرۆش و بەتینە
ئێستا
چاوەکانم
تێکەڵی نیگاتە
دەستی من دەستەمۆی دەستت
ڕۆحی من خولیای هەناسەی پڕ هەستت
کە دەستی هەستم خستەوە دەستت
خەم و دڵتەنگی و تەنیایی
هەڵیان هێنا دەستی ماڵاوایی



سەقز. فەریدە کاکی

بە ڕۆژ و شەو لە یادی چاوی مەستم
غەزەڵ هات و ئەوینم هەڵدەبەستم
نیگاهی بێوفا بوو لەو بوواره
نیشاندی قین و سەرشێتی لە هەستم
وەرەز بوو ناخی شێعری دەردەدارم
لە جەوری هەستەکەی ئاشق پەرەستم
کە ئەڕوانم لە وێرانەی دڵی خۆم
ئەبینم خوریەکەی کۆن بوو کە ڕەستم
بڵێسەی ئاشقی سووتاندی ڕۆحم
دڵیش لاواز و کەیل، دەرچوو لەدەستم
لە رووباری ژیاندا دیلی لرفەم
شەپۆلاوی بووە شێعر و مەبەستم



بانە .چرۆ

تۆ لێرە نیت
بەڵام هێشتا لەلای منی
هەستت ئەکەم
لەدوورەوە
دەستەکانت ماچ ئەکەم و
لێوەکانم
لە دوورەوە
لێوەکانت ماچێن ئەکەن
باست ئەکەن
باسی جوانیت
ئەڵێن گوایە
بەقەد شارێک بۆیان جوانی
نازانن بۆ من بەتەنیا
نیشتمانی
ئەی جوانی گشت قەسیدەیێک
پەیامێک لە منی دولبەر
بۆتۆی مەعشوق
سلاو ئازیز
گشت پارچەی شێعرێکم
بۆ تۆ کۆ کردوەوە
تا بتوانم لە وەسفت دا
بیتاوێنم
نە دەستێک ما و
نە قەڵەمێک
پتر پتر چاوەڕێ بووم
تا بتوانم بتنووسمەوە
چاوەڕوانی گەشتە کۆتا و
ئەندێشە دابڕا
هەستم کرد تۆ نە ئەنووسرێی
نە ئەخوێندرێیی
نە قەڵەم تەوانایی هەیە و
نە زمان و نە ئەندێشە
تۆ جوانترین هەڵبەستراوی ژینی منی
جوانترین پەیامی شێعر و
قەسیدەمی
ئەی نیشتمانێک لە جوانی
شیرینترین برینمی



بانە. هەتاو

من و خۆشەویستی
چاوەڕێین
شەقام، کۆڵان،
ماڵ بە ماڵ.

مناڵەکان بەرەو ماڵ دەڕۆنەوە
ئێوارەیە و درەنگانە
هەر نەهات!

گوڵەکە سیس بوو
شەو داهات
شەقام چۆڵ بوو
کۆڵان بێ دەنگ و خامۆشە
من و خۆشەویستی چاوەڕێین!

# وەکو تۆ نییم



هەولێر.بێگەرد عزالدین خالد

ببورە کە وەکو تۆ نییم
لەگەڵ ئەم و ئەو نییم
باڵی کەس ناشکێنم
فرمێسک لەچاوی بتکێنم
دەرگای دڵی بشکێنم
ئازاری دەروونی پێ بچێژم
بێ هەست ونەست بم
بێ ویژدان وبێ گیان بم
سیناریۆ بۆ کەس ناکەم
هەستی کەس بریندار ناکەم
خەنجەرلەپشتی کەس نادام
لایەنگری ئەم وئەو ناکەم
ببورە کە وەکو تۆ نییم
لەگەڵ ئەم وئەو نییم.

گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا

# کومەڵگە و دەسەڵات



دێولان. ڕەنجبەر

ئەفلاتوون دەڵێ :دەسەڵاتداران و سیاسەتوانانی کۆمەڵگەن کە هەر چۆنێک بیانەوەی خەڵکی ژێردەست بارديێنن و پێوەری هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتداران، جۆری پەروەردەی و بارهێنانی شارووماندانی چاک و خراپە، دەسەڵاتداری چاک خەڵکی چاک و دەسەڵاتداری خراپ خەڵکی خراپ بارديێنن.

بە پێچەوانەی ڕای گشتی، ئەوە خەڵک نین کە دەسەڵات هەڵدەبژێرن، بەڵکوو ئەوە دەسەڵاتە کە لە ڕێگەی کەرەستە و ئامراز ی ڕاگەیاندن و پڕۆپاگاندا وەک ( تلویزیۆن، ڕادیو، ڕۆژنامە، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ،سیستم پەروەردە و بار هێنان ،سیستم فەرهەنگی : کتێب، فیلم ،تئاتر ،نمایش، کەسان و ئۆرگانگەلێک کە بوجەگەلێکی زەبەلاح وەر ئەگرن و. ..) هەر جۆرێک دڵیان بخوازێت خەڵک بار دێنن دەستەموویاندەکەن و بە دوای خۆیاندا ڕاکێشیان دەکەن.

بە پێی وەها ئۆلگو و نموونەیەک، ئەتوانین بێژین زۆربەی خەڵک لە پاش چەند دەیەیەک لە دامەزراندنی دەسەڵاتەکەیان ( وت و وێژی سیاسی هێژمۆنیک)، زاڵ بوونی دەسەڵات، بە زۆری تێکەڵ بە ئەوچەشنەی هێرمۆنیکەی دەسەڵات دەبن و وەک ئەوان ڕەفتار و هەڵس و کەوت دەکەن بێ ئەوە خۆیان ویستبێتیان.

خەڵک ڕادەی دان بە خۆداگرتن و خۆڕاگری لە بەرانبەر نەیاران و ڕەخنەگران و گواراکردنی [ ئەوی تر] پێش لە هەر کەس، ڕێک وەک ئەو وانەیەن کە لە دەسەڵاتدارانی خۆ وەری گرتوون.

خەڵک ڕادەی وەیست و خواستی بۆ وەدەست هێنانی سامان و دارایی، پلە و پایەی کۆمالایەتی و دەسەلاتداریی، ڕاستگۆیی، دروو و دەلەسە و فێڵ و کەلەک و کلاوبەرداری و سەرکەچی، هەڤیازی خوازی و ڕاکێشان بەرەو خو و خدەی جوان و دروونپاکی و ڕەوشت پاکی و دینداریی و خوداویستی و. .. پێش لە هەر کەس، لە دەسەڵاتدارانی خۆ دەکا.

خەڵک لە ڕێز دانان بۆ گەورەکان، بەسالاچووان، پیرەپیاوان و پیرە ژنان، لێقەوماوان، مامۆستایان، هاوسێ و بەر هاوسێ، خزم و خوێشان، ئاشناوبێگانان و کەسانی دیکە، پێش لە هەر کەسێک ، لە دەسەڵاتدارانی خۆی دەکات.

خەڵک لە هەر جۆرە جموجوڵی ڕامیاری، سیاسی، ئەخلاقی، فەرهەنگی و کۆمەلایەتی ڕێک ئەوەی دەکا، کە لە وانەکانی دەسەلاتدارانی خۆی وەری گرتووە.

لە کۆتاییدا وە بیر دەهێنمەوە کە پێشینیانمان فەرموویانە:

گەورە ئاو ئەرژنێت، بچوک پای ئەخلیسکێت. ..

---



شنۆ. کیمیا ئیراندووست

## گیانەکەم

گیانەکەم!

ئەوەندە نووقمی وێنەتم،گەر دایکێک کۆرپەی لێ ون بێ لە چاوانت پەیدایی دەکەم

گەر کتێبێک کۆتایی بێ،لە بالاکەت بەندی دووهەمی ساز دەکەم

بەو بڕوایەم خەرمانەی خۆر لە بالاکەی تۆ هەڵ چوە

بۆیە لە وێنەکەی تۆ دا ئاوا جوان دەرچوە

ئەوەی لەمن دا گۆڕاوە بالۆنێکی پڕ کراوە

نەک لە هێلیۆم بەڵکوو لە تۆ

نازانم تا کوێ من دەبا،بەرەو ئامێزی کام سەودا!

لەو گەردوونە من چم ناوێ،جگە لە شەوێکی ئارام لەگەڵ کتێبەکان و نزمە دەنگێکی زەکەریا بەرامبەری تۆ دانیشم،هاوبەشیم کەی لە نووسینی چیرۆک ورۆمان و ڕەبوونی دڵ

جار جارەش دەستەکانم بگری و بە گوێم دا بچرپێنی

کە"خۆشەویستیت بێ کۆتایە"

## داخ

دڵم بۆت لە جۆلانەیە و زیزیشم لێت!

دڵم شکاوە لێت، بۆشت دەمرم!

پێم خۆش نیە بیرم بێیەوە و بە خەیاڵیشت دەژیم!

ڕق و قین لە سینەمە و خۆشیشم دەوێی!

کە دەت بینم خۆمت لێ کێژ دەکە،لە تەنیایش دەگەڵ وێنەکانت ئەدوێم!

## شەپۆل

وەک شەپۆلێک کە کۆتا جار بەڕویی دەریا داچو

وەک دڵۆپەی کۆتایی باران لە دڵی هەورێکی پڕ داخ

وەک کۆتا نامە کە بۆت ناردم(چاوەڕوانی و تاسەی ڕوە جوانەکەت پەکیان خستوم)

وەک کۆتا لاپەڕە کە بۆت نوسیم بە هەنسکی بێ نازت بۆت ناردم...

وەک کۆتا هەناسە کە لە سینە بێ دەرچووم



شیعرە شانۆییێک بە بۆن ڕۆژی جیهانی شانۆوە

# چل و شەش ...

سنە. عەلی سوهرابی

لێرەوە بەدووربینی خەیاڵ
لە ڕۆژێکی خۆشی بەهار
دەڕوانمە پێدەشتی سابڵاخ
لەسەر مێزی خڕی مێژوو
کوڕی شاخ وکچی باخ دانیشتوون
لە تەنیشتیانەوە ڕۆژنامەی ئاو لەچاپ ئەدرێ
هەتاوی سبەینێ و پەلکەگیای ئومێدیش لێرەن
مەلی ئەوین لە بان گاشەبەردی حەزو جوانی دەخوێنێ
باڵندەکان هاورێن
قسەی خۆش بەکراسێکی سپی و قۆڵ کورت
لەو نێوەدا دێ و دەڕوا
کیژۆڵەی نەرم و نیانی ئاشتی و
گۆرانییەکی حیماسی بزۆز، تریقانەوەو ڕمبازێنیانە.
...
خۆر کە دائەچێ،
کاتێ لەنتەرەکان دادەیسێن
لە بەر هەیوانی ترسێنەری سیاسەت
شانۆیەک بەڕێوە ئەچێ
ئەمجار میری نەورۆزی نا
پێشەوایەک بە شێوەی چیا
دژ بە سێدارەو تەناف
عاشقی گەل و ژێ کاف
بانگی کۆمارو
حیلەی ئەسپەشێکەی هەژارو هێمنی
گڕی ئەشق و ئازادی لە دڵ بەرئەدەن.
دەنگی کیژوکوڕانی قوتابیشی بەرزە
بانگەوازی یەکسانی ئەکات و
زستان ئەخاتە کووفەکووف و لەرزە
...
یازدە چرکەو یازدە خولەک و یازدە ڕۆژ و یازدەمانگ
بەخێرایی باوبۆران تێپەڕ ئەبێ
لە پڕدا چەند قسەی دەمامکدار و
کڵاوێکی شەبکەداری پاڵەوی و
داس و چەکوشێکی خوێناوی و بێ بەڵێن
پیاوێکی باڵا مێژوویی بە هەڵەدوان دێنن ،
ئەو تاوانباری وەفایە
ئەو کەلەبچەی سیاسەتی جەفایە
ئەو برژاوی مافی نەتەوە...

ئەو...ئەو... ئەو...
لەبەر چاوی جەماوەر،بە ئیزنی شەو
سێدارە باڵا ئەکات.
مقۆمقۆی دڕدونگی کەوتە گەڕ؛
–باشە بۆ نەڕۆی؟
–باشتر کە ماوە!
–ئیشەڵا وا نەبا...
–ناحەقی نەبوو...
–دەکرا!...نەدەکرا؟...
–چارەی نەبوو...

ئێستا،
مەلی بێ دەنگی لە هێلانەی ترسدا بەهەزار زمان ئەخوێنێ.
خەم ڕەفیقە و دڵان ناشاد.
چاوی نەیار خێچ و خوار
پەردەی شانۆ دێتەخوار.
...

چاو ماندووە،دووربین لا ئەنێم
چاو دەگڵۆفم
هەملێت لە مێشکما پەنگ ئەخواتەوە؛
"بوون یان نەبوون!؟ کێشە ئەمەیە..."

قەوانە کۆنێ، گومان ئەشکێنێ،
لەم پەڕ تا ئەوپەڕ دەنگ ئەداتەوە؛
"کەس نەڵێ کورد مردووە ،
کەس نەڵێ کورد مردووە،کورد زیندووە،
زیندووە قەد نانەوێ ئاڵاکەمان ..."





## فەلسەفەی عەشق

بۆکان. عەلی گوڵی

تەواری دڵپاک ئاسۆی عەفرینم
هاوڕازی هەڵۆی چیای بەفرینم

ڕۆحی پەپوولەت شەهیدی گوڵە
خوێنخۆری سەردەم لێت بۆتە مڵە

زامی سەر سنگت گوڵی سەنگەرە
عەشقی وڵاتە ڕۆحت سەروەرە

ڕخت و فیشک و تفەنگ لە شانی
دژی داگیرکەر شێری مەیدانی

پەلکەزێرینە بۆ بەرزی باڵات
گۆچان بە دەستە کڕنۆش بۆ ئاڵات

پەیمانت داوە بە خاک و ئاوت
خوێنت هەوێنە سەربەستە ناوت

شەمشەمەکوێرە  دوور لە ڕووناکی
چاویان هەڵنایە سەربەستی خاکی

دەوورنی  هەستت تووی خۆشەویستی
لە دڵ دەچینی گوڵی سەربەستی

عە شقی" ئاڤستا "لە لووتکەی ئاسۆ
ڕۆحی باڵ دەگری لە دڵی دێ بۆسۆ

فەلسەفەی عەشقە و ڕەمزی بەرخۆدان
مەکتەبی تۆیە کە دەرسی دادان

"گوڵی"ش دەپشکوێ بزەی لێوانی
کانی ئازادی هەڵدێ چاوانی



## نەورۆز

پیرانشار. تەها دەریا

بڵێسەی ئاگرینە و دەستەچیلەی ڕێنە نەورۆز
دەماری ڕۆح وەکوڵ دێنێ تەوژمی خوێنە نەورۆز

لەڕسکانی بەهار مەدوێن هەناسەی نای مەسیحی
لە سرووەی ڕا، بەرامەی شۆڕشێکی نوێنە نەورۆز

لە پەیڤینی لەبی شەونم لەسەر پەلکی گەڵای گوڵ
تروسکە و هێزی هیوای ڕاستەقینەی پێنە نەورۆز

لەدەستی یەک، شنە و ڕەخسین و نازی گوڵ خرامان
بیری سەربەست، گوڵاڵە و نێرگزی داوێنە نەورۆز

هەوربڕ بێ لە پۆڵا بێ قەڵای زۆرداری دوژمن
پەیامی یەک بەڵێنی پێن قەڵارووخێنە نەورۆز

هەچی هێمای گەلی تیابێ مەزن بێ وەک چیابێ
قسەم بێ دەستەمۆ نابێ خرۆکەی خوێنە نەورۆز

بەخێرهاتی سروودی مەشخەڵانی ژیانەوەی گەل
گڕی دیلانی ڕەزگاریە و، گەڕێ باوێنە نەورۆز

ئەویندارن ئەگەر مژدە و ئەگەر ڕەمز و دەوێ لێی
لەچەرخین و سەمای جامانەکەی ڕامێنە نەورۆز



سنە. زەمان

بڵێسەی سووری نەورۆزی کە مزگێنی بەهار دێنێ
بە شۆڵەی گەرمی ئازادی لەزستان تۆڵە دەستێنێ
شکۆفەی سۆسن و سونبول کە ئاشێوی قژی دابێ
هەزاران بوڵبوڵی شەیدا، دەبێ لەم باخە بخوێنێ

❋❋

بەهارە وفەسڵی گەریانی لە گوڵزار
دەبا حورمەت گرین باغ و گەڵای شار
شکوفەی گوڵ لە سەر گوڵدا جوانە
گوڵم مەشکێنە پنج و پۆی لقی دار

❋❋

بەهاری سەوزەڵان ڕەنگین گوڵانی
ئیلاهی هەر بمێنی کوردستانی
سروشتی نیشتمانت وەک بەهەشتە
خودایا دوور کە لێ مەکری نەبانی

# خاڵە مچە



سەدەشت. هێرش بێتووشی

هەرچەندە گەلی کورد لە چاو زۆربەی گەلانی تری جیهان لە پلەیەکی نزمی زانست و هونەردا ژیاوە، وەکوو پێویست دەلانکەی زانین ڕانەژاوە و دوورەپەرێز هێڵراوەتەوە، گەلێ زانا و هۆنەری ئەوتۆی لێهەڵکەوتووە کە شان بە شانی قەڵەم بەدەستانی سەر ئەم هەردە چوونەتە پێش و بە دەلاندنی ئەسرینی دەم پێنووسیان تەنانەت چاونزێریشیان دەستەوئەژنۆ داناوە و لە هەموو هۆش و گۆشەیان واقیان وڕ ماوە. مێژووی ناودارانی کورد بە نواندنی ژمارەیەکی لە ژمارنەهاتوو تابلۆی پڕکارەسات لە دیمەنە جیاوازەکانی سروشت، وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار بە ئاسمانی ئەدەب و هونەری دنیاوە شەبەقیان داوەتەوە، کەلەبەرێکیان پڕکردووەتەوە کە ویست و داخوازی گەلێ ئەویندراری ئەدەبی دنیای تێدا پشکوتووە.

هەرچەندە بیروهۆشی ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیب و هۆنەرانی کورد هاتۆتە کۆ و لە مەکۆی ئەدەبدۆستاندا شوێنی خۆی کردووەتەوە، ڕەنج و گەنجی زۆریشیان بە هۆی نەنووسرانەوە و نەپاراستنیان بەفیڕۆ چووە و وەک بەفرە ئەستووری ساڵەگۆرین تواوەتەوە و بڕاوەتەوە. بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە لە بەهرەی خوێندەواری بێ بەش بوون، بەرهەمیان هیچ، ناو و ناوبانگیشیان نەماوە.

ڕەنگە برێ کەس بەهۆی هاتوچۆ و دۆستایەتییەوە برێ شتیان لێ فێر بووبن، بەڵام ئەویش بە هۆی چەند جار دووپاتەکردنەوە دەزارانداسواوە و شیرازەکەی تێک دراوە و لە زۆر بەیتانیدا وەهای لەنگە تێکەوتووە دەڵێی ئەو هۆنەرمەندە داینەناوە. بەڵام نابێ ئەوەش ببێتە هۆی چاونووقاندن و دڵساردی لایەنگرانی فەرهەنگ و ئەدەب هەمبەر بەو زەحمەتە زۆرەی ئەو خاوەن هەستە بەڕێزانە کێشاویانە، بەڵکوو دەبێ بە ڕێزەوە وەپاشەرۆکی پەرێزیان کەوین و بەسەر هەرگوڵێکی جوان و بۆنخۆشدا کەوتین، بە بۆنیەوە بکەین و تەنانەت لە کات و شوێنی خۆیدا بیخەینە بەردەست خوێنەران بەڵکوو ئەوانیش وایان کردبێت و ئەو یارمەتیەی ئێمە پارسەنگێک بۆ کارەکەیان بێت.

شایانی باسە لە فێرگە هەمیشە ئاوەدانەکەی داوێنی خاوێنی چیا سەرکەش و خۆڕاگرەکانی (دڵۆژ و دۆلان)دا گەلێ خاوەن هەست و هۆش هەڵکەوتووە کە بە هۆی نەپارستنی بەرهەمەکانیان ڕەنج بە خەسار دەرچوون. یەکێ لەوخاوەن هەستە ئەمەگناسانە هۆنەری هەردەم زیندوو (خاڵە مچە)یە کە لێرەدا دەمانەوێ تۆسکاڵێ لە تروسکایی مۆمی شەوەزەنگی پڕ لە کێشە و مەینەت و چەند بەرهەمێکی بخەینە ڕوو.

ناوی تەواوی (مستەفا ئاڵلایی) و کوڕی دەروێش ئاڵلایە. لە شارەدێ دڵگر و ئەدیب پەروەرەکەی بێتووشدا پێی ناوەتە سەر ئەم هەردە. بە هۆی نەخوێندەواری خۆی و بنەماڵەکەی ڕۆژی لەدایکبوونی نەزانراوە. ساڵی (١٣٤٠)ی هەتاوی بەرانبەر بە (١٩٥٠)ی زایینی لە تەمەنێکی نزیک بە ٦٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. لە بنەماڵەیەکی هێند هەژار و نەداردا چاوی کردووەتەوە کە تای نەبووە و نابێتەوە. هەر بە منداڵی کەوتووەتە بەر ددانە تیژەکانی جەنجەڕی گەردوون و گەرد و خۆڵی بێمرادی لە توێڵی نیشتووە. یەکێ لە کۆستە گەورەکانی سەر ڕێگای ژیانی لە دەستدانی باوکی و دەستەویەخە بوونی دەگەڵ کوێرەوەرییەکانی ژیان بووە. هەرچی هەوڵی داوە و نەمامی هیوای بە ئارەقەی نێوچاوانی ئاو داوە، بۆی نەڕواوە. داهاتێکی ئەوتۆی لە مڵکایەتی بێتووش نەبووە، بۆ درێژەدان بە ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی ڕووی لە دەڤەری (پشدەر) کردووە، بەڵام لەبەر جیاوازی ئاو و هەوا لە وێندەرێش بۆی نەگوزەراوە، گەڕاوەتەوە زێدی لە دایکبوونی و پاشماوەی ژیانی بە کاری شوانی و گاوانی بەسەر بردووە.

لە هەرەتی لاویەتیدا ئەوینی کچە پوورزایەکی خۆی ڕەگ و ڕیشەی لە قووڵایی دڵیدا داکوتاوە. لە خۆشی ئەوەی کە ئەستێرەی بەخت و هاتی لەدەم کەلی ئاواتی سەر دەردێنێت و کۆتایی بە ژیانی تەنیایی دێنێ، شایی لەدڵدا گەڕاوە. بەڵام پوورزای بە بیانووی ئەوە کە کچە بچکۆلەکەی دەداتێ، بواری ئەوەی نەداوە بە ئاواتی خۆی بگات و ژن بە ژنەی بە کچەکەی کردووە.

خاڵە مچەش کە پیاوێکی خاوەن هەست و لێزان بووە، بە پێی بۆلوان و ڕەخسان هەمبەر بە ڕووداوەکانی ژیانی کاردانەوەی نواندووە. لە سوێی ئەو ژانە بە سۆیەش هەستی دەروونی کڵپەی کردووە، لە تاو و تینان بووەتە هۆنەر و سکاڵای دڵی بە لیزگە لە هۆنراوی جوان و پاراودا هۆندووەتەوە. گرنگ ئەوەیە چونکە لە ناخی دڵیەوە بە ئاواتی گەیشتن بە خۆشەویستەکەی بووە، لە ماوەیەکی کورت و نزیک بە دوو ساڵدا کۆتایی بەو دوورییە هاتووە، لە خواوە ژن بە ژنەکە هەڵوەشاوەتەوە و بە ویستی خۆی گەیشتووە. بەڵام دیسانیش ئۆخەی لە حاڵی خۆی نەکردووە و گەلێ کەند و کۆستی ئەوتۆی هاتوونەتە سەر ڕێگای ژیان کە تەزاندوویانە.

بۆ نموونە دوای وەدی هاتنی ئاواتی چەند ساڵەی خێزانی کوڕ و کچێکی بە زگێگ دەبێت کە لەبەر هەژاری و نەداریان هەردووکیان دەلانکەیەکدا گەورە دەکەن کە هەردووکیان شەل و خێل دەردەچن. کەچی بەو حاڵەش لەبەر ژیان نەبەزیوە، لە کۆڵکێشی و سەپانی و سێ یەک بەرییەوە بگرە تا دەگاتە شوانی و گاوانی لە خۆی گرتووە و بە چۆک دانەهاتووە. کاتێکیش بارگە و بنەی بەرەو مەڵبەندی هەرمان تێک ناوە، خانوویەکی خاڵی لە بژیو و پێنج منداڵی سەلکەوپیچکەی لە پاش بەجێ ماوە.

بیرەوەریە کسپە لە دڵ هێنەکانی ناوبراو زۆر زیاتر لەوەن لەم کورتەباسەدا ئاماژەیان پێ بکرێت. ئەوەندەی تاڵی و سوێری چێشتووە نە بە من و نە بە کەس بە سەر ناکرێنەوە. ئەم کورتە گێڕانەوەش لە زمان باوکی نەمرمەوەیە کە تارادەیەک دۆستایەتی دەگەڵ خاڵە مچە هەبووە و وەک وەفایەک لە فکروبیری خۆیدا پاراستوونی.

... هەرچەندە دەگەڵ خاڵە مچە هاوتەمەن نەبووین و لە من بە تەمەنتر بوو، نێوانمان مێخۆش بوو. هاودەم و هاودەردی ڕۆژگارە تاڵ و تووشەکانی یەک بووین. بە تایبەت لەوکاتەوە کە کۆڵەکەی دڵی وەبەر هەیوانی ماڵی پوورزای دا و ئەوینی کچەکەیانی لە ناخی دڵ و مێشکیدا ناشت و هاتووچۆشی بە دەرماڵی ئێمە دابوو. بەڕادەیەک جێگای متمانەی یەکتری بووین کە بچووکترین نامۆیی و دڕدۆنگی لێنەدەکردم و لە نووکەوە کوڵ و کۆی دڵی بۆ هەڵدەڕشتم.

شەوێکی سەروبەندی ماڵ نووستنان لە ماڵی ئێمە پەیدا بوو، باوکم بە دەم گاڵتەوە پێی گوت:

–ئەوە لە کوێ بووی کەتنکەر؟!

گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا

–بە پێکەنینەوە گوتی: پارێزێکی پارتیزانیم بەرەو هەوارگەی دڵم برد، بەڵام بە داخەوە نەیگرت... پێم وایە لەدوو کڵاوی بابردووم. پوورزام هێند بێ بەزەییە ڕووناکاییم دەدڵدا نییە...

ئینجا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەوینی کچە پوورزایەکەی زیاتر شوێنی لەسەر دادەنێت و کوڵ و کۆی دەروونی پتر پێ دەرێژێ. بە تایبەت لەو کاتەوە کە تەواو بێ هیوا دەبێت و دەزانێ کاری کراوە. دەستی بە هیچ کوێیەک ڕاناگات و کەس فریای ناکەوێ بەم شێوە سکاڵای دڵی هەڵدەڕێژێت.

هاوار یا پیری دەستەگیر هیندادم بۆ تۆ هێناوە
جەرگم بۆ نەوەت سووتاوە
کاری منت کردووە ساوا
دەک هەناسەم بتگری



❀❀

حەوت ساڵ بوو خودبەسەر بووم
لە لای پوورزام موعتەبەر بووم
بۆ ئاخیری دەربەدەر بووم
دەک هەناسەم بیگرێ

❀❀

یا خوا پوورزا دڵ بە خەم بێ
وەکوو دڵی منت پڕ لە خەم کرد
لە مەعشووقەی خۆت وەدوور خست
کەس نەبوو ڕوحمم پێ بەرێ

❀❀

تەفرەم دەدا تا قیامەتێ
مەعشووقەی بچووک بۆم ناگاتێ
مەعشووقەی گەورەم ناداتێ
دەک خوداکەم بیگرێ

❀❀

یا خودا و یا شێخی ئەشکەنێ
دڵ چەقیوە و هەڵناکەنێ
خودایە پێی کەی شیوەنێ
دەک هەناسەم بیگرێ

❀❀

یا ڕەب پوورزام چەند بێ دینە،
دەڵێی سەگسار و مەیموونە،
لە لای وێم نەبوون هیچ دینە،
دەک خوداکەم بیگرێ.

❀❀

هیچ دینێک نییە لە لای وێ بێ،
مەگەر مووسایی وەکوو وێ بێ،
دەک خوداکەم بیگرێ.

❀❀

مەعشووقەی من فاتم ناوە،
جەرگم لە بۆ وێ سووتاوە،
پورزام دەڵێ سەبرسی بەو لاوە،
خودا بتگرێ تینت هێناوە.

بە چاک و پیر و شێخەوە،
مەشغوولێ خودان یار بێتەوە،
تا دڵی مەعزووم نەتوێتەوە،
دەک خودای من بیگرێ.

❀❀

چەند گەڕاوم مەرگە و پشدەرە،

نەمدیوە وەک پورزایێ خۆم سیاسیگەرە،
مەزلوومم ڕوحم پێ بەرە،
با خوداکەم نەتگرێ.

❋❋

هەرچی بوو خزمی لە بەرێ،
ئەو دوژمنی قەستەسەرێ،
بۆ بێگانەی خستمە دەرێ،
کەس نەبوو ڕوحمم پێ بەرێ.

❋❋

نامەوێ خاکی ئێرانی،
بۆ خۆم دەچمە پشدەرێ،
دەچمە کن ئاغای دەماقووڵ،
بۆم بستێنن ئەسمەرێ.

❋❋

هاوارم برد بۆ مەلایان،
دە بۆم بکەن دەور و دووعایان،
چەند خۆشە خەتی میرزایان،
هی موبتەلام بە پوورزایان.

❋❋

هاوارم برد بۆ سوبحانی،
بە ئیزنی غەوسی گەیلانی،
سێبووریم دەی بە پەنهانی،
دەک خودای من بیگرێ.

❋❋

تیرێکی داوم لە جەرگی،
ئەرز و ئاسمان وێکڕا لەرزی،
داخوا ئاهی من کەی دەتگری،
دەک هەناسەم بتگرێ.

❋❋

جەرگی من ئاوها دەسووتێ،،،، وەک پەپووتێ هەڵدەپڕووکێ،
وەکوو ئاگری مەنجەنیقێ،،،، نەمخەیە ناوی زیللەتێ،
پادشاهی نووری ئۆمەتێ،،،، بەشم بدەی لە جەننەتێ،
خۆم بە قوربانی عیسمەتێ،،،، ئای لە وێ فەتارەتێ

خاڵە مچە بەسەرهاتی خۆی لە شەوی مارەکردنی خۆشەویستەکەیدا ئاوها باس دەکات:

... هەرکە ئەو هەواڵە دڵتەزێنەم بەرگوێ کەوت، زەین و هۆشم لای خۆم نەما. شێتانە لە ماڵ دەرپەڕیم و هەتا ماڵی مەلاعەبدوڵڵای ئیمامی نەوەستام. بە شێوەیەکی زۆر ساویلکانە دەستەوداوێنی بووم، ئامێزم لە پەرتووکخانەکەی دا و تکا و ڕەجام لێکرد.

–ئەویش بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی و هێمنانە گوتی:

–کوڕە! ئەوە عەیب ناکەی... خۆ تۆ پیاوی!!!

–گوتم:

کوڕە عەیبە نەماوە،
بەو قوڕعانەی خەتمت داوە،
خەمم هاتوون بە لاوە،
لێمگەڕێ کارم کراوە،
ئای لە خۆشم بێ کەسێ...

لە وڵامدا گوتی:

... هێند بێ دەرک و بێ مەیدانن، بۆ لێدوان نابێ. دەنا هەر ئێستا دەچووم و داوام لێدەکردن؛ بەڵام بێ سوودە.

–هەرکە ئەوەم لێ بیست و بۆم دەرکەوت بە دەردم ناچارێ، بەرەو ماڵی قازی محەممەد چووم. تەنیا فاتمەخان خێزانی قازی لەوێ بوو. لە وێندەرێش بەهەمان شێوە ئامێزم بە کتێبخانەکەیاندا کرد و داوای چارەسەرم لێکرد.

فاتمەخان گوتی:

–یاخوا لە دایکت نەکەوێ مستەفا! ئەوە بۆ وا دەکەی ڕۆڵە؟ بۆ پێت وایە تەنیا تۆی بە ئاوات نەگەیشتووی؟ هەزارانی لە تۆ شەیداتر ئاواتی دڵیان دەگەڵ خۆیان بردووەتە ژێرگڵ و ئاوهاشیان نەکردووە...

لە وەڵامد گوتم:

ئەی پادشای پەروەردگار،
خەمم هاتوون بە خەروار،
کاری من چیەتن ئەوجار؟
گوتی: خوا کارسازی کارانە.
گوتم:
ڕاستە کاری من هەر خودا دەیزانی،
بە ئیزنی غەوسی گەیلانی،
سێبووریم دە بە پەنهانی.
لە وەڵامدا گوتی:
... غەمت نەبێ. گراویلکەی خۆتە و درەنگ یان زوو هەر بۆ تۆ دەبێت.

بەڵام بەم مۆژدەیەش سوکناییم نەهات و بەرەو ماڵی مەلا ساڵحی بن چناران چووم. ڕاست لە کاتی چوونە ژووری مندا مەلا ساڵح دەهاتە دەر و لە دالانە تەنگ و تاریکەکەیاندا خۆم تێکوتا و خستم. کە ڕاست بۆوە و ناسیمی وتی:

... پەحکووا!.. مردووت مرێ نالەبار. پێم ناڵێی عاشقی جوانی بووی، عاشقی سپی و ناسکی بووی، عاشقی ڕەشیدی بووی، عاشقی دەست و دروومان و کارزانی بووی... ئاخر عاشقی کوێی بووی؟؟؟

لە وەڵامدا گوتم:

ئای ئای
ئەمن چەندم کردووە داد و فیغانە،
ئەمن بووم بە دێوانە،
مەجنوون دەڵێ لەیلێ جوانە؟!!
گوتی:
... نا نا ... لەیلێ جوان نییە... مەجنوونیش جوان نییە... ئەگەر هیچ جوان هەبن لە دنیادا هەر تۆ و فاتمن...

ئینجا چەپۆکێکی پێداکێشام، هەردووک ئەژنۆم دوولا هاتنەوە.

لێرەدابوو کە هەستم بە ناشیکاری خۆم کرد و بە ئاوەزی خۆم پێکەنیم.

مەلا ساڵحیش ئەم پارچە هۆنراوەی لەسەر پارچە کاغەزێک نووسی و وەدەستی دام.

هەرچی شێعری مستەفایە،
هەمووی پڕجێ و بە مەعنایە،
بێ شکە عاشقی خودایە،
کەس نازانێ عالم وایە.

پاش تێپەڕبوونی نزیک بە دوو ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا لە خۆوە کێشە دەکەوێتە نێوان دوو بنەماڵەکە و تەڵاق بە تەڵاق دەکەن. خاڵە مچەش لە خۆشی ئەوەی کە ئەستێرەی بەخت و هاتی لە دەم کەلی ئاواتی وا دەرکەوتەوە، وەخۆی دەکەوێتەوە. کەچی دووبارە پوورزای گرێی تێدەخات و بۆماوەیەکی دیکەش دەیچەوسێنێتەوە. بەڵام بەخۆشیەوە هەندێ کەسی خێرخواز بە کارەکە هەڵدەوەستن، بۆی دەستێنن و بە ئاواتی لە مێژینەی دەگەیێنن. خاڵە مچەش لە خۆشیان ئەم پارچە هۆنراوە دەهۆنێتەوە:

یا ڕەسوولەڵڵا هاوارە،
نەمکەی ڕەنج بە خەسارە،
ڕەنج بە خەساری نەکردم،
بە عەبدی خۆی قبوڵ کردم،
بە مەعشووقەمی شاد کردم،
خەی لەوێ دڵ گوشادەتێ.

❋❋

خاڵە مچە وەک کەسێکی خاوەن هەست و حازر جواب، هەمبەر بە هەر ڕووداو و بەسەرهاتێکی دەوروپشتی کاردانەوەی نواندووە و لە مافی خۆی پرسیوەتەوە. بۆ نموونە:

لە وەرزی هاوینی ساڵێک لە ساڵەکانی تەمەنیدا بە نیازی کار و کاسبی بەرەو پشدەر چووە، کاتێک گەڕاوەتەوە تاقە مانگایەکەیان لە بەر دەرگای ماڵەکەیان بەرچاو نەکەوتووە و پرسیویەتی:

کوا مانگایەکەمان؟

لە وەڵامدا خێزانی گوتوویەتی لە بری نۆبەی حەمە دەروێش بۆ گێرەی ماڵی ئاغایان بردووە.

خاڵە مچەش بەم پارچە هۆنراوە خەفەتی دڵی خۆی ڕشتووە:

هاتوومەوە لە شڵەمرێیە،
چاو دەگێڕم لە دەشتێیە،

دەڵێم منداڵینە مانگاڵەکەن لە کوێیە؟
دەڵێن لە گێرەی حەمە دەروێشییە،
یا چاک و مەلا و فەقێیە،
توخوا پێم بڵێین حەمە دەروێش لە کوێیە،
دەڵێن مانگاڵەکێ مەی پێیە،
ڕسقی منداڵەکانی تێیە.
هەر لەو کاتەشدا کوێخا قادر کە دەمراستی ئاغا بووە، پەیدا دەبێت و دەڵێ:
... مستەفا – قەوەت – مانگایەکەت بۆ گێرەی ماڵی ئاغا بنێرە.
خاڵە مچەش لێی دەپاڕێتەوە و دەڵێ:
... بیکە بە خاتری خوا! ئێستا لە نۆبە گێرەی حەمەدەروێش نەگەڕاوەتەوە، خوا بەردار نییە دووبارە بیبەنەوە.
کوێخاش بە سەریدا دەگوڕێنێت و دەڵێ:
... لەسەری مەڕۆ. گوتم بینێرە، بینێرە. وێڕای ئەوەش دەچێتەوە لای ئاغا و دووزمانی لێدەکات.
ئاغا بە تووڕەیی بە دوایدا دەنێرێت. کاتێک دێتە لای، پێی دەڵێ:
ئەرێ مستەفا! مسکێن بۆ وا بێ مەیدانە! بۆ وا پرووپووچە! خۆ دەبێ ئەوە بێگارەی هەر بکەی، کەواتە بۆ پیاونە نایکەی و منیش لە خۆت تووڕە دەکەی!!!... خاڵە مچەش لە وەڵامدا دەڵێ:
ئاغا نەهاتووم بۆ شەڕێ،
مانگاڵەکەت دەبەر گەڕێ،
کوێخایە پێم دەکا گەڕێ.
بێ کوێخا بم دەنگ دلێرە،
لە نۆبەی خۆم قەت مەبوێرە،
لە باتی حەمە دەروێشیشم مەنێرە.
ئاغاش کە ئاگای لەو سێ بەگایە نابێ کە لە بری نۆبەی حەمەدەروێشیش هەر مانگای خاڵە مچەیان دەگێرە کردووە، دەڵێ چی مستەفا! چی!!
خاڵە مچەش ئاوهای وەڵام دەداتەوە:
ئەگەر مانگایە بەخێو دەکەم،
ئەولادانی پێ گەورە دەکەم،
خەرج و زەکاتیان پێ تەعدا دەکەم،
سەنگەریان پێ چۆڵ دەکەم،
چاوی دوژمنیتیان پێ کوێر دەکەم.
ئیدی ئاغا دەستوور دەدات، مانگایەکەی بۆ دێننەوە و نۆبە گێرەی خۆشی لە کۆڵ دەبێتەوە.

❋❋

لە وەرزی هاوینێکی کەم ئاودا خاڵە مچە نیوەکاری مڵکێکی بێ ئاو دەبێت. مەلای ئاوەدانیش (مەلا محەمەد ئیمامی) لە ناو مڵکەکەی خۆیدا سەرچاوە و کانیاوێکی پڕ لە ئاوی بە ناو (کانی ڕیخێ) دەبێت. ڕۆژێکی هەینی لە کاتی دەستنوێژ هەڵگرتندا بە تێڕادیوی ڕوو لە مەلا ئیمام دەنێت و داوای ئەستێرە ئاوێکی لێدەکات:
... ئیمام پیاوی چاک بە ملاحەزەی ئەستێرەئاوێکم بکە، دێبەرەکەم خەریکە وشک دەبێت.
... ئەویش بە ڕووگرژی دەڵێ: وەڵڵا ملاحەزەی ئیمامی شافعیش ناکەم.
خاڵە مچەش کە ئاوهای دەبینێ دەسبەجێ ئەم پارچە هۆنراوەی بە سەردا دەهۆنێتەوە:
ئیمام قوربانی قەدت بم، ئەمڕۆ بۆچ وا لێم بەداخی
ڕۆژی جومعەم بۆ حیساب کە، نەکوو بمرم لەوی شاخی،
ئەستێرکەکەم لێ حاسێ بووە، دارگۆنگەکەم لێ بووە یاخی.
ئەو ئەستێرەی مامۆستایە،
ئاوی کەوسەری تێدایە،
کەلەمی دۆڵمەی لە لایە.
ئەستێرکێ مامۆستای چەندێ پانە،
دەوری دەکەین بە گوڵ و بە ڕیحانە،
لێی دەبم بە مەلەوانە،
بە پاپۆڕ و بەلەمانە،
بیناسن کانی ڕیحانە.
ئیدی مەلا ئیمام لەوە زیاتر مەودای نادات و دەڵێ: دەی دەڵێی شانامەی دەخوێنیەوە. ئەستێرەئاوێک ئەو هەموو ڕیس و گوریسەی دەوێ؟
بەیانیش بەر لەخەو ڕابوونی خاڵە مچە ئاوەکەی بۆ دەگەێنێتە شوێنی مەبەست.

❋❋

جارێکی تر خاڵە مچە و کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی لەبەر دەرگای مزگەوتی بێتووش خەریکی جەفەنگ و قسەی خۆش دەبن. ڕاست لەوکاتەشدا کچێک بە ناوی (ڕەعنا) لەناو پارچە زەویەکەی خۆیان کە بەرامبەر بە مزگەوت دەبێ، خەریکی گوڵچنین دەبێت. خاڵە مچە بە ئەنقەست و بۆ تاقیکردنەوە، منداڵێک دەنێرێتە لای و داوای گوڵە باغێکی لێدەکات. ڕەعناش کە دەزانێ داوە، بۆی نانێرێ. خاڵە مچەش ئەو پارچە هۆنراوەی بەسەردا هەڵدەڵێت:

قەت گوڵ لە کنم بە ڕەعنا نابێ،
ڕیحانەیە و سیس نابێ،
گەر بێتو گوڵێکم بداتێ،
دەبمە میری سەر قەڵاتێ،
وەک زێڕۆی دەکەم حوکماتێ،
بۆ گوڵەباغێکم ناداتێ؟!

ڕەعناش بێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەک بنوێنی درێژە بە گوڵچنینەکەی دەدات و پاش تەواو بوون بەرەوماڵ دەچێتەوە. لەو کاتەشدا دایکی دەگەڵ چەند ژنێکی دراوسێیاندا لە سێبەری دارتووەکەی بەردەرگای ماڵەکەیان خەریکی قسەکردن دەبێت. ڕەعناش وەکوو دەسکەوتێکی زۆر بە نرخی دەگەڵ خۆیدا هێنابێتەوە، بەر لەوەی گوڵەکان بەرێتە ژوور؛ لای ژنەکان پێ دەگرێتەوە و خەریک دەبێ ڕووداوەکەیان بۆ بگێڕێتەوە کە خاڵە مچە بە وێدا ڕادەبرێت. ئیدی لەپڕ کە ئاوڕ دەداتەوە و چاوی بە خاڵە مچە دەکەوێ، لە قاقای پێکەنین دەدات و دەڵێ:

... ئەرێ خاڵە مچە چت پێ گوتم:
خاڵە مچەش ئاوهای پێ دەڵێتەوە:
یارم دەڵێ حاڵی نەبووم،
بە خەندەی وێ خەنی بووم،
وەک مەجنوونی کێوی بووم،
وەک سنعانیت عاشق بووم،
یارەب دەفعی غەمانم دێ.

**

جارێکی تر–

بەهار پیر دەبێ، گژوگیا بە کەمی دەمێنێت. لەناو مووچە و مەزرای کارقاییمان نەبێ باقە گیایەک دەست ناکەوێت. خاڵە مچەش چونکە زۆر ئۆگری ناو ملک و شیناورد دەبێ، زیاتر گرنگی بە سەوزایی و جوانی بەشە ملکەکەی خۆی دەدات و دیپارێزێ. بەو بۆنەوە کیژۆڵەیەک تەماح لە گیا پاوانکراوەکەی دەکات و ڕۆژێک پێی دەڵێ:

ئەرێ خاڵە مچە کەنگێ بێم بۆ گیای! گیام بەش دەدەی؟
ئەویش بە ڕوویەکی خۆشەوە دەڵێ:
هەر ڕۆژێک کە پێت خۆشە. بەسەرچاو...

بەڵام کچە ناچێت و دەیخاتە پاش گوێ. دوای ماوەیەک، ئێوارەی ڕۆژێک کچەکە لە حاڵێکدا کە چڵە ڕیحانەیەکی لە ژێر چەنەیدا دەبێ، بە بەر دەرگای مزگەوتدا ڕادەبرێ کە خاڵە مچە لە وێ دەبێت. ئەویش ئەو هۆنراوەی بەسەردە هەڵدەڵێت:

عاشقی زولفی تاتاتم کەی لە ماڵ کەی دێتەوە
پێی گوتم کەنگێ بێم بۆ گیای گیایەکە دەڕنێتەوە
حەمایەتم کرد بۆ یارم ئەگەر هات نەخولێتەوە
بە بۆنی عەتری گەردنی دیسان یەقم هاتەوە
دەک ڕەبی دڵە لەت کرێی بۆچی بیرت کردەوە
ئەگەر مردی لێت دەپرسن، جا بۆ خۆ دەقنێتەوە

**

جارێکی تر–

خاڵە مچە گاوانی گوندی ئەشکان دەبێت. بەڕێکەوت لەو ساڵەدا پیاوێک بە ناوی محەممەدی خاڵەباس دەچێتە زیارەتی ماڵی خودا و دەگەڕێتەوە. بۆ میواندارییەکەی خاڵە مچەش بانگهێشت دەکات و ئەویش ئەم پارچە هۆنراوەی خەڵات دەکات:

چاوەڕێی حاجی مەکەی بم کەی لەحیجاز دێتەوە
دڵم بە دڵی دایکی کا، پیرە جوان دەبێتەوە
یاخوا ئەشکان ئاوەدان بێ غەریب دەحەوێتەوە
دەستی ئاڵقەی ماچ دەکەم، چاوم پێی ڕوون بێتەوە
چۆپانی حاجی محەممەدیم یاخوا بەخێر بێتەوە
نان و خوانیان هێندە زۆرە سفرە دەڕازێتەوە
وەک تاعینی بەهەشتێ دووبارە بۆم دێتەوە

بێتووش
٧ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی – ١٩٨٩/٧/٢٩ زایینی



## ئاوات

بانە. م٠قادر پوور" نزا"

زستانێکم دەوێ سەخت و سەقەت
هەر بەفر بێ و هەر بەفر بێ فەقەت
هەر ببارێ و هەر ببارێ بێ پشوو
میترێ پتر ، لە بارستایی مێژوو
هەر هەرەس بێ و هەر هەرەس بێ و هەر هەرەس
هەر ڕنوو بێ و هەر ڕنوو بێ و هەر ڕنوو
کپ ببن ، بخنکێن گشت کۆڵانەکان
ببەسترێن جادە و بانی هەر هەموو
وە "تۆ" جگە مانەوە چارەت نەبێ
وەمێنی و ڕێگەی ئەو خوارەت نەبێ



سەوڵاوا. ساسان مۆنفەرێد"بێوەر"

داری هیوای دڵ بەجارێ بۆی بەهاری گرتووە
دەستی خۆری خۆزگە دیسان ناقی تاری گرتووە
دەم بەدەم بارانی شادی تۆزی ئازار ڕاودەنێ
شەرمەزاری بووبە ڕەنگی ڕووی نەیاری گرتووە
"با" لە باوەش بەرزەئاڵا تازە ئۆقرەی لێ بڕا
شان بەشانی ئاسمانی بێقەراری گرتووە
ئاگری شادی وەکوو تاجێ لە سەر کەل خۆی نواند
گوڵ ئەباری وسەوزەڵانە و درک کەناری گرتووە
پیرەبەڕواری دڵی کۆساری سووتاو هاتە گۆ:
ئەو چڵەی برژا لەئاگر خەڵفی باری گرتووە
دڵ هەواری بوو بە تاسەی ڕێژنەباران بوو دەمێ
سێبەری هەوری هومێدێ دڵ هەواری گرتووە
ئەو ژوانگەی سێوی مێخەکرێژ لەوێ بۆنی نەبوو
ئەمڕۆ دڵداری دەبینێ دەستی یاری گرتووە
شاکەوێ ڕووی کرد لەدۆڵێ بانگی شادی هەڵ ئەدا
بەفر پەڕیوە و خۆر بە گەرمی دەم نساری گرتووە
ئێرەقانی باخی ئاواتمان ئەبینی،ئێستەکە
سەدشوکر ڕۆخساری باخان ڕووی نیگاری گرتووە
سروەیێ هات وتەمی کوێستانەکانی هەڵفڕاند
ئەسری شادییە لە چاوی شاخ قەتاری گرتووە
هەر بەکوردی شێعر دەنووسم تاکوو دنیا تێبگات
عەشقی"بێوەر"خۆی وڵات و کوردەواری گرتووە.



سەقز. ئێدریس عەبوودی

گەرچی زۆر تامەزرۆی دیدارت بووم
چاوەکانم هەڵنەهاتن
لە بەر ڕوخساری خۆرەتاوی تۆ
ویستم وێنەی چاوانت هەڵ بگرم
هیچێکم لە دونیا نەوێ و
چیم هەیە داینێم لە پێناوی تۆ
لەرەی مانگی ڕووت لە ئاوی کانی
دڵی پڕ کردم لە خەیاڵ
کە چۆنی ڕاگرم وێنەی چاوی تۆ
مەلەوانی نێو دەریای وێژە بووم
کەوتمە پەلەقاژەی خنکان
کە چوومە گۆمی مەعنای ناوی تۆ
شارم بە جێ هێشت و ڕووم لە شاخ کرد
ویستم لە گەڵ هاژەی چۆمان
نامەیێ وا بنووسم، شیاوی تۆ
کە هاتمەوە سنووری خاکی خۆم
بەشنەی بای بەهار دەلەرا
پەرچەمی زولفی گێژ و خاوی تۆ
تەواو گوڵانی بەهارم بۆن کرد
بۆنێ مەستی نەکردم وەک
"سەکۆی کاگڵی ئاو پرژاوی" تۆ



## خشپەیێکی ون

سنە . موبین موحەممەدی "ئاشکار"

جار بە جارێ، وەکوو خەونێک
دەنگی پێیێک،
لە شەقامی دڵم ئەپژێت
چاوەکانم وریا ئەبن
گوێچکەکانم بەرۆکی با لە دەست ئەگرن
بۆ ئامێزی، دەستەکانم تا لای خودا
بێ باڵ ئەفڕن
هەر ئەڕۆم و قەد پێ ناگەم
لە پرسیارێک قەد تێناگەم:
«ئاخۆ لە کوێی ئاسوودەیی؟
بۆ ڕنگی تۆ لە دڵمدا پەیدا ناکەم؟»

# مەلوول



بۆکان. کوردستان عەلیمورادی - پۆلی دوازدەی دواناوەندی

سڵاو من ناوم مەلوولە کچێکی هەمان وڵاتی بێ وڵاتم.
من لە یادم نییە، دایکم دەڵێ کاتێک لە دایک بووی مۆمەکە کووژاوە، پەپوولەکەش باڵەکانی سووتابوو بەدیاریەوە.
دایکم دەڵێ ئەو شەوەی بارانە زۆرەکەش باری پێت هەڵگرت، بە پێی وتەی باوکم زستانێکی سارد گورگەکان لوورەیان دەهات، بەسەر خوێنەوە زمانم گرت.
هەنارەکانی دار هەنارەکەی حەوشە دمیان کردۆتەوە هەرام لێ دەکەم دوێنێ دەنکێکیان دەنکە یاقوتێکی دا لە پەنجێرەکە ،پەردەکەم لادا مانگیان نیشانم دا.
مانگ هەواڵی پێ بوو، بە چاوی، ماچی بۆ ناردبووم کە ماچەکەم لە مانگ بیست لە یادم چوو گوڵەکانی بەر پەنجێرەکە، هەناسەی دڵتەنگیم زیزیانی کرد. بەیانی کە بۆوە، هەتاو گوڵەکانی بینی زۆر لۆمەی کردم،بە بۆڵەبۆڵ خۆی خستە پشت هەورەکان.
ئاخ لەم هەمووە تاسەیە، ئێوارە هەویرەکەم دەشێلا بۆ نان و کەلانەی بەیانی. گوێم لە قیژەی گەڵا زەردەکانی حەوشە بوو ،لەپڕ هەڵاتم کۆترە سپییەکە لە حەوشە باڵەکانی سوور سوور ببوو ، گوڵەکانی سەر کراسەکەم داچڵەکین هەموو هەڵوەرین، گوڵەکانم کۆ کردەوە ،کۆترەکەم لەناو باخچەکە ناشت. دار پرتەقاڵەکە لووتی لێ بادام، دەیکوت هۆشت نییە؟! بیرت لە کوێیە؟!! لاقم بوایە دەڕۆیشتم،حەوشە و حەسارم چۆڵ دەکردی ..
شەو بوو لامپەکە گۆرانی دەکوت،
شانەکە مانی کردبوو، پرچەکانمی وەسەما نەدەخست، ئاوێنەکە مات و تێکشکاو بوو.
کوتم بۆچی هەمووتان زوێر بوون؟!
هەموو بێدەنگ سەیریان دەکردم.
گوارەکانم بەدەم گریانەوە کوتیان کوا دەبێ لەرەمان بێ بە دەست یارەوە.
ملوانکە شین و بەردینەکەی ملم وەتی: بۆ خۆت شێت کردووە؟! ئێمە وەک جارانین، تۆ گۆڕاوی..
چاوم برییە سێوە مێخەکڕێژەکە
وتم: بەڕاست وایە؟!
سەرێکی ڕاوەشاند، بۆن و بەرامی بڵاو بووە. وتی: ئەوین تەمەن ناناسێ، بەس دڵ دەبینێ. نە کەس ڕەشە، نە ئێمە ماتین، بەس گوڵ بێ باخەوانە، ژاکاوە..
ئەو شەوە بەفری خەم لەسەر قژەکانم باری. تۆزی لاپەڕەکەیەکان چینچین کەوتە سەر ڕوخسارم. نازانم بۆ پێنووسەکە جوان لە دەستمدا جێی نەدەبۆوە..! دەمویست بنووسم بیرت دەکەم. چاوەکانم نووریان نەدەدیتەوە
ناچار بە دڵم کوت دێتەوە، بەس جۆلانێ بکە بەدیاریەوە.
گوێچکەکانم چاوەڕێی تەقەی دەرگاکەن
چاوەکانم فرمێسک دەکەن بە ئەستێرە بە دیار مانگەوە، بەشکم زریان بۆنی ئەوی پێ بێ.. پرچەکانم ڕێ بە شەماڵ دەگرن، بەڵکوو دەستی ئەویان لەگەڵدا بێ.
دەڵێن بەهارە...بەڵام بڕوا ناکەم، هەڵەن، شێت بوون بولبوولە شێتەکان هەتا گوڵ نەیا، هەناسەی ئەوین ئاور نەکاتەوە بولبوولی دڵ نەخوێنێ، باران لە لێوەکانی نەبارێتە سەر کوڵمەی ئەم چین چینانە و دەستی ژیانەوە و گەشانەوە نەلاوێننەوە، قژی ئەم نیشتمانە هەتا شاخ جێپێیەکانی سەوز نەکاتەوە، کوا بەهار دێ؟!

من دڵنیام هەر دێتەوە، ئەخە تا ئێستا چ نیشتمانێک خەڵکەکەی بەجێ هێشتووە...؟!



بانە.کانی گوێز. شاگوڵ ئەحمەدی

هێندە تۆم خۆش ویست هەمووشتێکم لەبیر کرد...
کە دەنگی تۆم بیست دەنگی باڵندەکانم لەبیر کرد...
کە بۆنی جەستەی تۆم کرد بۆنی گوڵەکانم لەبیر کرد...
کە چاوەکانی تۆم بینی جوانی ئاسمانیشم لەبیر کرد...
تۆ
باڵندەکانت لەمن تۆراند...
گوڵەکانت لێ پەڕ پەڕ کردم...
ئاسمانی شینت بۆ هەمیشە لێ تاریک کردم...

## ژین و نەمان



جوانڕۆ. فەلاحی وەیسی

سوێند بێ
بە تریفەی مانگی شێوەت،
کە شۆڵەی ئەم ئەشقە
تۆ گرانت...
ژینم لە باوەشت
دەست پێ ئەکات،
مردنم لە دابڕانت...
#فەلاح_وەیسی
"عەتری خەیاڵ"
لەو شەوەوە
خەونم دیوە
لە ئامێزمدا خەوتبووی
تێرخەو و بێخەم و هەدا،
بۆنی عەتراوی لێفەکەم
تەشەر لە گوڵاوی
دنیا ئەدا...

## غەریب

خۆمئاسا غەریبم!
نە لە وردەنیگایەکدا
جێم بوو،
نە مێوانی خەیاڵێ چووم،
نە بوومە بەردەنگی شێعرێ...
نەیوت لێوئاڵێکی خوێنتاڵ:
دووریتە هۆی دەمارگرژیم...
بۆ دڵنەواییش بێ
کیژە کوردێ نەهات بڵێ:
لەدوای تۆ ناژیم...



مەهاباد.ئارگەش

بۆخۆم نازانم چم دەوێ
حامیلەی خەمێ غەریبم
قابیلەیەک بەدی ناکەم
دایکبوون بێتە نەسیبم
ڕۆژو شەوم زیندانێکە
ڕووحی سەرگەردانم دیلە
دیدەم دەریای زرێبارە
سەرم کوێستانی قەندیلە
غەریبی نێو شاری خۆمم
ناسیاوێک بەدی ناکەم
وەک خۆرە خۆم دەخۆمەوە
تەور لە پشتی خۆم ڕاکەم
مەگەر تریفەی چاوی تۆ
دەرم بێنێ لە ژینی ڕەش
ئەشقی خاوێن و بێ گەردت
بێتو بە هانای مردووی لەش
لەگەڵ شێعر و خەم ڕەفیقم
شەو تا بەیان بە یادی تۆ
تۆ لەوسەری دونیا خۆش بە
لێرە دەمرم بە شادی تۆ
مەرگ ئەی فریشتەی دزێو
قەیدی نێ وەرە باوەشم
کەس نیە دڵم پێی خۆش بێ
بۆ تۆ نەبێ بۆچمە لەشم.
مەهاباد. ئارگەش
دڵم لەت وپەت بوە
وەکوو دانەوێڵەو گەنم
لەبەر دەرکی
ماڵی یارم کەوتوە
بەشکەم کۆتری دڵی یار
چینە بکا و نمەک گیر بێ
بە داوی ئەشقم ئەسیر بێ.
مەهاباد. ئارگەش
بەهار ...
هەمیشە لەوە ترساوم
بۆخۆم هەست بە بەهار نەکەم
لە زمان ئەم و ئەو ببیستم
ئەویش نامۆییم لێ بکا
وەکوو تەنیا خۆشەویستم.



## زوهرەی جوانی

مەریوان. حەمید فەتحی

زوهرەی جوانی
شەوقی وێنەی مانگی زەردی شەوی چوارده
لە سەر کانی
زوهرەی جوانی
شنەی شەماڵی شۆڕەبی
بۆنی عەتری ئاوپژێنی گوڵی نێرگز
پەپوولە پاییزەی دەمبا
کە وێڵ و سەرگەردان ئەکا
ئاشقی بێچارەی نەترس

ئەی ئاشقی شەوە گرتووی دەم بە هاوار
ئەی ناوبانگی ڕسوایی شار
چۆن شێت نابی
کە لاولاوی باڵای سەوزی ئەو نازداره
لە پەلکی ڕەقیب ئاڵابێ
چۆن شێت نابی
پەنجەی تەمی بەم بارانەی
بەهار و گوڵزاری لەشیدا
لە پەرچەمی یاس و شیلانی بێگانە
هەڵپێکابێ
چۆن سەری خۆت هەڵناگری وەکوو یاخی
چۆن شێت نابی

ئەی ئاشقی چاوان لە ڕێ
گەڵای زەردی هەڵوەریوی ژێر دەست و پێ
چی لە خەرمانەی مانگ ئەکەیت
بە کام زمانی بێ دەنگی
تریفەی زێڕین بانگ ئەکەیت
چۆن سێبەری ئەو هەورانە دەرەوێنیت
پەڵکەکان چۆن ئەترسێنیت

لەم ڕۆژگارەی
کە دارستان کانی ئەکوژێت
بارانی خوێن
لە ئاوێنەی گۆمێکی مەنگ ئاوڕشێن
دەکرێت
چۆن یاکاموز قاچاخ ئەکەیت
چۆن بە تاسەی پشکووتنی ماچی سپی
شەوی پاییز بە سەر ئەبەیت
لە کام جەنگدا لقی زەیتوون
لە کلاوی جەنگاوەری وەحشی ئەدەیت

لە کازیوەی ئەستێرەکوژ
کە ڕێ چاوی ئەنووقێنی و
هەزار لاڕێ
چاوی مەکر و فڕ و فێڵی ئەقرتێنێ
بە کام هیوا سەر هەڵئەبڕی
بۆ بینینی زوهرەی جوانی

ئەم تینوویەتی سەرەمەرگە چۆن ئەشکێنیت
لەم بیاوانەی
پەراوپەڕ و لێوانلێوی حەسرەت و دەرد
چۆن لێکیان جیا ئەکەیتەوە
تراویلکە و خورەی کانی

یاکاموز: وشەیێکی تورکیە بە واتای وێنە
مانگ لە ناو ئاوا



## بەهار

مەریوان. محەمەد محەمەدیپوور

ئەوا بەهاریش هات
نەورۆز سەرچۆپی گرتووە
و تیکەڵاوی جێژنی ڕەمەزان
بۆن و هەستێکی جیاوازیان
پێ بەخشیوە
سەراسەری کوردستانم
پڕاوپڕ لە گوڵە گەزیزەیە
بۆلبولانی نیشتمانم
هەریەکە بە جامانە یەک
کە لە دەوری ملیان دایە
هەڵپەڕکێ کوردانە
و سەمای ئازادی دەکەن
منیش بۆلبولێکم
کە لە جیاتی ئەو جامانە
شاڵە کەی تۆم لە دەور لە ملە
بەڵام
لەم باخ و بۆستانە
گوڵی خۆم نادۆزمەوە
بێ ئامان دەچریکێنم
تو بلێ بۆلبولێکی تر ، بۆنی گوڵەکەمی نەکردبێ؟!

بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی






# لایە لایە



سەردەشت.گزنگی خۆر

هـەی لایە لایە کـۆرپەم لای لایـە
بەشەو بەرۆژ بۆچ خەوت نـایە؟

لـە کزەی کوردان دەنگم دەرنـایە
لە نیشتمــــــانم شەڕە، هـەرایە

هـەرەشـەی دوژمن وەبزانە بـایە
لـەمیدانی شـەڕ،بـراپشت وپەنایە

شـەهیدی وەتـەن مـۆم و چرایە
بەرگری وەتـــەن فەرزە و رەوایە

ئەی داگیرکەری سوک و بێ مـایە
هـەرچی زووحاکە،برسی وگەدایە



هـەی لایە لایە کـۆرپـەم لای لایە
لە کزەی کوردان دەنگم دەرنـایە

وێزەی گـوولـلەیە و قرمەی تفـەنگە
خۆفروش بەشدارە کارمـان لـەنگە

دەنگی تومبەکوشەیپووری جەنگە
دلێری و بوێـــــری بالآ خــەدەنگە

هـەراسان مـەبـە، بنـــــوو درەنگە
کـەڵەباب خـوێنی بـەیـان بێدەنگە

شەلآلی خۆێنە ئەو شـۆخوشەنگە
تۆڵەی نەسێنی سەرشۆڕی ونـەنگە

زوو هـەستـە رۆڵـە بستێنە تـۆڵـە
پشتم چەماوە بەدەست ئەم کۆڵە

لەبێکەسی کورد جەرگم لـەت لـەتە
بەشی ئێمەی کورد سێدارە و پەتە

دەهـەستە رۆڵـــــە، بستێنە تـۆلـە
جەرگمان براوە بەدەست ئەم زۆڵـە

هـەی لایە لایە کـــۆرپـەم لای لایـە
خــەوی خێرت بێ کـۆمـاری دایـە

# پێکەنینی کەو





نووسەر: محەممەد میرکیانی ـ تاران
وەرگێڕ: خاڵند ئەحمەدی، بۆکان

هەبوو، نەبوو. لە کوێستاندا کەوێکی خاڵ لە مل و جوان دەژیا. زۆرجارکاری خواردنی مێروولەکان بوو. ئەو جروجانەوەری دیکەشی دەخوارد. بەڵام مێروولەی پێخۆشتر بوو. رۆژێک لە رۆژان کەوەکە لەسەر گاشەبەردێک هەڵنیشتبوو و خۆی لەبەر تاودا هەڵخستبوو، تا بریێک گەرم دابێ. لە ناکاو چاوی بە مێروولەیەکی جوان و قەڵەو کەوت. مێروولە خەریکی کاروباری خۆی بوو و دانی کۆ دەکردەوە. کەوە کاتێ ئەوی دی گوتی: «مێروولەیەکی بە تامە وا چاکە بیگرم و بیخۆم».پاشان لەنگەرێکی گرت و خۆی گەیاندە لای مێروولەکە. مێروولە هەر کە سێبەری کەوەکەی دیت دانەکەی فڕێدا و لە ژێر تاشەبەردەکەی پاڵ دەستی خۆی مات کرد؛ بەڵام کەو بە سەبر و حەوسەلە لەسەر بەردەکە هەڵنیشت و چاوەڕوان مایەوە. مێروولە برێک لە ژێر بەردەکەدا خۆی مات کرد. ماندوو بوو وەیزانی کەوەکە رۆیشتووە؛ وردە وردە هاتە دەرێ.



کاتێ مێروولە لە بن بەردەکە هاتە دەرێ کەوەکە بە دندووکی پری دایە. مێروولەکە چەند جار نووکی کەوەکەی گاز لێگرت، بەڵام سوودی نەبوو. برێکی لینگە قوتێ کرد؛ بەڵام دیسان فایدەی نەبوو. ئەوجار، مێروولە دەستی کرد بە پاڕانەوە و گوتی: «جەنابی کەو، خواردنی من چ سوودێکی هەیە؟ لەم کوێستانەدا ئەو هەمووە خۆراکە خۆشە هەیە بۆ دەتەوێ من بخۆی؟ قەولت پێدەدەم ئەگەر من ئازاد بکەی، تۆ دەبەمە جێگایەک کە پڕ لە دانەوێڵەی خۆش و بە تام بێ».

کەوەکە قسەکانی ئەوی گوێ لێبوو، بەڵام ئەوی بەر نەدا. ئەو ئەرکی خۆی بەرێوە دەبرد، پێیخۆش بوو بە زوویی مێروولەکە بخوا. دوای پشوویەک مێروولەکە لە پاڕانەوە وەڕەز بوو. تێگەیی کە کەوەکە بە راست دەیهەوێ ئەو بخوا. بیری لە رێگە چارەیەک دەکردەوە دەستی کرد بە قاقا کێشان و پێکەنین کەوەکە فکری لێپەیدا بوو لەبەر خۆیەوە گوتی: «ئەوە گێلە بۆ پێدەکەنێ؟ ئەو گەمژەیە نازانێ من دەمبێ پێبکەنم کە ئەو خۆراکە بە تامەم وەچنگ خستووە».

لە ناکاو قاقایەکی کێشا؛ بەڵام کاتێ زاری کردەوە، مێروولەکە لە زاری کەوتە خوارێ و هەڵات. کەوەکەش وەشوێنی کەوت: زۆر گەڕا، بەڵام ئەوی نەدۆزییەوە. کەو بێوادە پێکەنی و خواردنێکی بەتام و بە لەززەتی لە دەست دا.

# ڕێوی و گوێدرێژ



نووسینی: خاڵند ئەحمەدی، بۆکان

گوێدرێژێکی پیر، نەخۆش و دەردی کاری بوو. رێوییەکی حۆقەباز بە سەبر و حەوسەلەیەکی زۆرەوە لە لای دانیشت و چاوی لە چاوی برێ.

دوای چەند ساتێ گوێدرێژ لەو کارەی رێوی قەڵس بوو هەر بۆیە بە تووڕەییەوە گوتی: «مام رێوی! بۆ لێرە جێت خۆش کردووە؟ رەنگبێ ناڵە ناڵی منت زۆر پێخۆش بێ؟!

رێوی لەو کارەی خۆی حاشای نەکرد و گوتی: «چاوەڕێم بتۆپی و بتخۆم!

گوێدرێژ ئەو قسەیەی زۆر پێناخۆش بوو، بەڵام وەسەر خۆی نەهێنا و گوتی: «من تا چوارشەممە نیازی تۆپینم نییە».

رێوی کلکی راوەشاند و گوتی: «منیش هیچ پەلەم نییە و تا هەینی بێکارم».

پێشینیان گوتوویانە: «ئەوەی لەسەر سەبرانە، لەسەر خێرانە».

سەرچاوە: فۆلکلۆر

# کەوڵ



سەرچاوە: فۆلکلۆری گەلان
داڕشتن و نووسینی: خاڵند ئەحمەدی، بۆکان

دوو پیاو چووبوونە راو، هەروا بە قسە کردن بە دەم رووبارێکدا دەڕۆیشتن. لە پڕ چاویان بە کەوڵێک کەوت کە لە نێو رووبارەکە دایە و خەریکە ئاو دەیبا.

یەکیان گوتی: «چی لێبکەین نەیگرینەوە؟» ئەوی تر گوتی: «بەرێوەڵڵا، حەیفە، بۆ ئاو بیبا؟!»

خۆی رووتەوە کرد و بازی دا نێو رووبارەکەوە کەوڵەی گرتەوە. بەڵام لێی حاڵیبوو هەی چەندە بە سەهوو چووە ئەوە کەوڵ نییە و ورچە.

ئاواڵەکەی هەرای لێکرد: «کوڕە بابە بەریدە، ئەو کەوڵە پیسە ئەوەی ناهێنێ دەخنکێی!

ئەویش لە حاڵێکدا، وەک مەل بە دەندووک پێوە بوو وەڵامی داوە و گوتی: «کوڕە بابە! من بەرم داوە ئەو بەرم نادا!»[1]

١_ پەندێکی کوردییە.

گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا

## پەندێکی کلیلە و دمنە



مەریوان. مادێح کۆنەپۆشی "زایەڵە"

ڕۆژێ گەماڵێ هەر خولکەی ئەهاو
ئەملا و ئەولای بوو بۆ پێشەی شکاو

لەپڕ شێرێکی بینی کەوتبوو
دوودڵ بوو ، ئەمما شێرە خەوتبوو

بە ترسولەرزۆ خۆی گەیاندە لای
نەختێ جووڵاندی کلک و دەس و پای

دی پرخەی ئەهات مامشێری شەکەت
گەڕا و پەیای کرد دووسێ مەترە پەت

سڵتانی ماندووی جوانجوان بەستەوە
هەتا پێیکرا خۆی دوور خستەوە. ..

دوای ئەوەی تێر بوو لە خەوی، بەخێر
زانی لە بەندە، جەنابی مام شێر

هەر لەو کاتەیدا کەرێکی بینی
ترووسکاییەک کەوتەوە ژینی

وتی : مامکەری دانای بەتەدبیر!!
بێ دەرم بێنە لە بەند و زنجیر

ئەگەر ئەم بەندەم لێبکەیتەوە
نیوەی دارسانم لێ ئەبەیتەوە

کەر نەختێ ڕاما، ئەمما لە پاشا
پەتی کردەوە لە لەشی پاشا...



باش خۆی ڕاوەشان بە دووسێ تەکان
تۆز و خاشاکی لەشی خۆی تەکان

وتی: باربەر، بەردەی بنیادەم!
نیوەی دارستان بە تۆی کەر نادەم

کەر وتی مەگەر قەولت پێمنەدا؟
وا نەبوایە چۆن ئەو پەنم ئەدا؟

شێر وتی :گیانە قەولم تەواوە
ئەو نیوەکەیشیم بۆ تۆ داناوە. ..

شێرێ کە سەگێ بیکێشێ لە بەند
کەر ڕزگاری کا، بۆ نەبێ بە پەند؟!!

لەسەر پەندێکی کلیلە و دمنە

## کەروێشکە شین



مستەفا پۆڵادەرک رامیار شێخاڵی




ناوم کەروێشکە شینە
تاجی زۆر لێم بەقینە
جێگای من کێو و دەشتە
بە شەو مەیلم لە گەشتە
خواردنم وێنجە و گێزەرە
ڕاوچیشم قەستەسەرە
کاتێ دەبینم دوژمن
خێرا هەڵدێم بۆ قوژبن
دەستم قوڵە و زەنگەم درێژ
زۆر جاران دەکەم کاوێژ
ناوم بە سجیل نێچیرە
شۆڕەتم سەنگەسیرە



بانە. باوکی نیشتمان

## حەز

حەزم لێیە لە دێ بم
لە خۆشترینی جێ بم

لەو ژینگەیە ئازادم
لەو جێگە بەدڵشادم

لەوێ لە سەیر و گەشتی
ناوازەی ناو سرەشتی

هەرد و شاخ و کوێستانی
هەرچی باخ و بێستانی

مەزرا و نزار و دەشتی
گوڵزاری وەک بەهەشتی

مەڵبەندی ئاوەدانم
پڕ بە دڵ شادمانم



## دارستان

من دارستانی شاخم
دایم بەرزەدەماخم

بە کەش و هەوای خۆشم
چارە بۆ دڵپەڕۆشم

لە هەرچی سات و کاتم
دەسپێرم بە داهاتم

بە بەری زەبەند و زۆر
بە بەرهەمی جۆربەجۆر

بە کانی ساردی بن بەرد
وا سازگار و بێگەرد

ئاودێری ئەکرێ دارم
پاراو ئەبێ گوڵزارم

سەربڵندی مەڵبەندم
دڵبەندی تایبەتمەندم

بە دڵپەسندی خەڵکم
بە دەستی پڕ لە کەڵکم

## کانی

کانیاوی کێو و هەردم
هێندە پاک و بێگەردم

چارەسەری نەخۆشیم
لابەری دڵ پەرۆشیم!

لە دەشت و شاخ و کوێستان
بەهەشتی باخ و بێستان

بە جارەگوڵ و سەوزە
چی گژ و گیای ئەو عەرزە

ئاودێری لە خۆشحاڵیم
چاودێری وشکەساڵیم

گیانلەبەر تێرئاو ئەکەم
دەشت و دەر پاراو ئەکەم



ئاوەدانی چی دێیە
شادمانی چی جێیە

هەر بە بوونی من بەندە
ئەو شایی و گۆبەندە

## گیاندار

هەرچی گیانداری وا لە سروشتە
بە شێوەی کاری وا بە برشتە



سەرنج ڕاکێشە شێوازی ژینی
سەرنج بدەرە چی تێکۆشینی

جوان و ناوازە و شاز و جیاوازە
خاوەن ئاوازە و بە بەردەبازە

ئەم ژینگە خۆشەی وا بە مەڵبەندە
لە ماسی هەتا مەل و باڵندە

هەر لە نزمایی تا ئەو بڵندە
بە تایبەتمەندی خۆی دەوڵەتمەندە

بەشیان دابینە سەرلەبەر بە گشت
لەو دەشت و دەرە لە ورد و درشت

کێش مافپارێزیان بێ لەم ژیانە
بەرز و بەرێز و ئازیزی گیانە!

## درەخت

دار و درەختی باخم
بە بەختی بە دەماخم
هەر بە ئاوی بەفراوان
بەهرەی ناوم فراوان
بە کانی و ئاوی کوێستان
ئاودێر ئەکرێم بە بێستان
دڵخۆشی خەڵکی لادێم
ئۆخژنی کەڵکی چی جێم
بەرم زۆر و زەبەندە
تایبەتمەندی مەڵبەندە
ئەبم بە هات و داهات
بۆ هەرچی شار و دێهات
هێند بە سوود و قازانجم
بەردەبازی ئامانجم
بە پیت و خێر و بێرم
دەسپێری بۆ وەرزێرم!



## ساڵ

ساڵی سەربەرزانم
لە هەرچوار وەرزانم
چەن شێوە و تەرزانم

لە زێدی کوردستان
مەڵبەندی دارستان
لە دەشت و شاخستان



بە وەرزی بەهارم
بە جارەگوڵزارم
تا بڵێی نازدارم

بە وەرزی هاوینم
پڕ لە تاو و تینم
کاتی تێکۆشینم

بە وەرزی پاییزم
لای وەرزێر ئازیزم
بە زریانی زیزم

بە وەرزی جستانم
وەک سەهۆڵستانم
ساتی ئاو بەستانم



# لە پێنووسی وەفاداریمەوە

بۆ مامۆستای نەمر کاک "سەییدباوەشێخی حۆسەینی"



سەوڵاوا :ساسان مۆنفەرێد"بێوەر"

سەفەرئۆغر
ئەی لرفەی"سیروان"ی حەزم
ئەی بازەباڵتەزێوەکەی"کوڕەمیانە"
ئەی هەڵاڵە چاوتەڕەکەی داوێنی کەسکی "کۆساڵان"
بەتەنیایی
بۆ کوێی ئەڕۆی؟
چۆن دڵت دێ ئەم بەهارە
بڕۆی پشت هەڵکەی لەم شارە؟
خۆ هێشتا باڵای"سەوڵاوا"
تاسەی لە باڵات نەشکاوە؟
پیرەپەڵکی بەری"مزگەوتی کاکەشێخ"
لەحەسرەتی دیتنەوەی تۆ داچەماوە
بۆکوێی ئەڕۆی؟
ڕۆیشتنی تۆ
کۆچی سووری خۆرەتاوە.

"بێوەر"






بەناوی خوای بێ وەک وبێ وێنە

دیسان"کۆساڵان"گەواڵە هەوری خەم دایدەپۆشێ وبەچاوی پڕلەخوێنەوە ڕێژنە بارانی فرمێسک هەڵدەوەرێنێ
دیسان پیرەپەڵکی بەری"مزگەوتی کاکەشێخ" قریەیەک لە دڵی دێت و هەناسەیەکی پڕلەخەم هەڵدەکێشێ
دیسان چاوی خۆم وپێنووسم ڕۆندکی تری تێ دەچرژێ
مەزنە مرۆڤێک لە ڕەگەزی"کوڕەمیانە"بەجێمان دێڵێت
مەکتەبێک پڕ لەوانە و باخێک پڕلەنەمامی زانست،زەریایەک پڕلە هەستی نیشتمانپەروەرانە،گەلدۆستێکی خۆشەویست،کۆڵەکەیەکی قاییمی زمان،قەڵەمێکی بەهێز،قەڵایەک لە نەبەزی و کانگایەک لە بیرۆکەی گەش،شاگردێکی تر لە شاگردەکانی"ئایەتوڵڵا مەردۆخ"،کەسایەتیەکی خۆشناوی کوردستان،نووسەر ومێژوووناس وزمانەوان
مامۆستا سەیید باوەشێخی حوسەینی کوڕی خواناسی خوالێخووشبوو حاج کاکەشێخی سەوڵاوا
"مامۆستا باوەشێخ لە ساڵی ١٩٥٤ی زایینی لەسەوڵاوا لەدایک بووە وخوێندنی قۆناغی سەرەتایی هەر لەسەوڵاوا و قۆناغی ناوەندی لە مەریوان ودوواناوەندیش لە سنە تەواو دەکا وپاش ماوەیێ لە شاری کرمانشان خولی فێرکاری مامۆستایی تەواو دەکا و بەرگی پیرۆزی مامۆستایی دەپۆشێ بەلام پاش سەرکەوتنی گەلانی ئێران بەسەر ڕژیمی پاشایەتیدا ئەویش وەک زۆرێ لە کەسانی تر دەکەوێتە بەر شاڵاوی لەکار لابردن وماوەیێ بە کاری عەریزەنووسی و باخەوانی لە سەوڵاوا سەرقاڵ ئەبێت وخویشی لەباخەوانی زمانی زگماگی ومێژووی گەلەکەی نەبوارد وبەپێی تەوانای تا دوایین هەناسەی خۆی بە ئەمەگناسی گەلەکەی دەزانی و زۆر وتاری لە چاپەمەنیەکاندا بلاو کردووەتەوە وکە ئەتوانین ئاماژە بکەین بە:
پژوهشی پیرامون زبان اورامی وزبانهای کهن باستانی،ژیاننامەی مەولاناموسەنێفی چۆڕی و مەستوورەئەردەڵان وئەردەڵانیەکان و چەندین بەرهەمی دەسنوویسی دیکە و هەروەها ئەم بەرێزە خاوەنی بەرهەمە چاپکراوەکانی اسما درزبان کردی و هامشی بر زبان شناسیە."
بەداخەوە شەوی ٢٣ی خاکەلێوەی ساڵی ٢٧٢٤ی کوردی دڵەپرلە ئاواتەکەی بەهۆی نەخۆشینەوە لەلێدان دەکەوێت و لە نەخۆشخانەی سنە کەشکۆڵی تەمەنی یاغریاغر بەرەو گۆڕستان نایەکۆڵ و ئەستێرەی ژیانی بەرەو ئاوابوون ڕاخووشی و تەرمی پیرۆزی لە گۆڕستانی سەوڵاوا بەخاک سپێرا.
چەندجەرگبرە هێورهێور میرخاسانی نێوەتەرێزی ئەدەب پەڕەی گوڵی تەمەنیان هەڵدەوەرێ
ڕوحیان شاد و
کەوشەنی خەیاڵمان پڕە لە یادیان و کاڵ نابێتەوە گوڵی ناویان لەدڵماندا ویادیان غونچەیەکی بەهاریە کەهەردێ وبەجوانی دەپشکوێ.

سەرچاوە:
کتێبی کاروانی پێنووس "کاک فاتێح مۆستەفایی"